# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سێیەم (١٣٩٥)- (١)ی کانونی دووەم ٢٠٢٤


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاک

# پرۆسەی هێنانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان لە شنگال تا دەگاتە مەندەلی پرۆسەیەکی بەردەوامی سیاسیی شۆڤێنییانەیە

„ لە ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٧٧ کورد لە کەرکووک بە ڕێژەی ١١٪ کەمی کردووە و عەرەب بە ڕێژەی ١٥٪ زیادی کردووە

„ نەگەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ پارێزگاکانی خۆیان مەترسی لە سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان دروست دەکات








دوای تەواو بوون و کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی لایەنەکان، لەسەر داوای مام جەلال لەوێ مامەوە و دواتر کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵیمان کرد. زۆرم پێ سەیر بوو چونکە یەکەم جار بوو مام جەلال دڵی خۆی کردەوە و هەموو قسەکانی دەروون و ناخی بۆ کردم، قسەکانی بە گلەیی و گازندەیەکی زۆر لە برادەرانی لە مەکتەبی سیاسی دەستی پێ کرد. لە بەشێکی قسەکانیدا گوتی: (لەسەر پرسی دارایی و دەسەڵاتەکان یادداشتنامەیەکیان ئاراستە کردووم، خاڵی سەیر و سەمەرەی تێدایە. منیش زۆر ڕاشکاوانە قسەم لەگەڵ کردن، هاندەری سەرەکی نەوشیروان و کۆسرەت بوون، هەر چەندە کۆسرەت و ژمارەیەکی تریان پەشیمان و پاشگەز بوونەتەوە، بەڵام ناکۆکییەکان قووڵن. ڕەخنە و گلەییەکیان ئەوەیە گوایە زۆرم تەنازول بۆ مەسعود بارزانی کردووە. منیش پێم گوتن دوو جارە شەڕ لەگەڵ پارتی دەکەن لە سەردەمی خوالێخۆشبوو بارزانییەوە کە لەسەر ناوی من تەواو بوو، ڕێگە نادەم جارێکی تر تووشی هیچ شەڕێکم بکەنەوە لەگەڵ پارتی).

لە ڕاستیدا بەر لەوەی مام جەلال ئەو بابەتە باس بکات، منیش زانیاریم هەبوو کە زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی یادداشتنامەیەکی لەم شێوەیان ئاراستەی مام جەلال کردووە، لەگەڵ فەخری کەریم هەواڵم بۆ مام جەلال نارد کە ئێمە پشتگیریت دەکەین.

بەپێی زانیارییەکان، دەزگایەکی ئیدارەی ئەمریکا ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییان هان دابوو، چونکە مام جەلال دڵگران و ناڕاحەت بوون و بەپێی قسەی ئەمەریکییەکان، گوایە مام جەلال زۆر بەرەو نزیکبوونەوە لە ئێران هەنگاو دەنێت. دیار بوو سەردار[1] جەعفەریش سەردانی سلێمانیی کردبوو و بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەڕەشەیەکی توندی لەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی کردبوو کە دژی مام جەلال وەستاونەتەوە.

---

(١) سەردار: پلەیەکی باڵای سەربازیی ئێرانە.

## چاپکراوی نوێ




(کۆچەرێکی ئۆتیستیک.. لە هەولێرەوە تا لیوکسیلا) گێڕەڕەوەی بایۆگرافی ماجید نووری، ئەم کتێبە لە دووتوێی (٣٧٨) لاپەڕە بە شێوازێکی تازەی گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی تژی لە تراژیدیا و هەڵوێستی خەم و پەژارە و ڕۆمانئاسا کتێبخانەی کوردی ڕووناک کردووەتەوە.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە وەك باوکی کوڕێکی ئۆتیزم، لە سەرەتای پرۆسەی نووسینییەوە، بە ئەشقێکی ئۆرفیۆسی و وزەیەکی ئیکسیرییەوە لە ناوەندی هەشتایەکانی ئاتەشینی باڵادەستیی سیستمە ستەمکار و هێزە ناکۆك بە یەکەکانی سەدەی پێشووەوە، ڕوونتر لەناو جەرگەی ساتە وەختانی جەنگ و قۆناغە ڕاگوزەرەکانی باشووری کوردستانەوە، لەو کاتانەی کە ئەقڵانییەتی دیکارتی و کانتی کەوتبوونە ژێر پرسیاری زۆرەوە، کریستیاڵەکانی ڕۆحی بە وردی دەبینی، پێویستی بەوە بووە لە بە ئاشقانەوە لە مەملەکەتی مەتریاڵی و ڕۆحیدا بەهایەك بدۆزێتەوە.

ئەم کتێبە کە باس لە هەستی باوکێك دەکات و سەرتاپای ئەم وشانەی لە ئۆتیزمییەکەی (پشتیوان)ی کوڕیدا بەرجەستە کردووە، کۆکراوەی سەر زاری ئەو جەرگەی نووسەرە کە نازانێت قسە بکات، یەکێکە لە قۆناغە زەمەنییەکانی ئەو.

ماجید نووری بەسەرهاتی کوڕە نۆبەرەکەی کردووە بە یادەوەری، کە ئۆتیستیکە و پەرکەمی زۆر توندیشی لەگەڵدایە، تەنیا وشەیەك چییە لەسەر زمانی نەماوەتەوە تا بتوانێت بە هۆیەوە هەستەکانی خۆی پێ دەربڕێت. بۆیە هەستی باوك بەرانبەر بە جگەرگۆشەکەی بەم شێوەیە کە داوای لێبووردنی لێ دەکات کە ئەگەر نەیتوانیبێت لەم یادەوەرییانەدا دەقاودەق وەك خۆی هەستە تەمومژاوییەکانی بۆ سەر کاغەز بگوزایێتەوە.

نووسەر بە حەسرەتەوە لە گێڕانەوەی مەینەتی و هەستی گڕتێبەربووی باوکایەتیدا بەردەوام دەبێت، لە قۆناغی گەیشتن بە وڵاتی غەریبیدا، دێتە سەر ئەوەی کە(پشتیوان) لە سویدە، لە دایك و خوشك و برا بچکۆلەکەی دوورکەوتۆتەوە، بەپاڵ داهاتووی چارەنووسێکی نادیارەوە نیگەرانە، دەستەمۆی بەردەم نەشتەری تیژی یاسای دوبلنی تایبەت بە پەنابەرییە.

ڕووداوە تراژیدیائاسا و خەمبارییەکان بەدوای یەکدا دێن، دەبنە وێستگەگەلێکی ژیانی ئەم خێزانە بەشمەینەتە، بەڵام هەر چۆنێك بێت و بەهەر شێوەیەك بێت، ماجید نووری و خێزانە بەڕێزەکەی شان دەدەنە بەر ئەو هەموو نەهامەتی وشەونخوونییەی کە لەبەر نەخۆشیی ئەو جگەرگۆشەیەیان پێوەی دەتلێنەوە. ڕاستییەکەی، ئەم گێڕانەوە بایۆگرافییەی کاك ماجید نووری زۆر هەڵدەگرێت، لێرەدا ناتوانین ئاماژە بەو هەموو وێستگە و قۆناغ و ڕووداوو و بەسەرهاتانە بکەین، هەر ئەوەندە دەرفەت هەیە. ئەم کتێبە چ لە ڕووی داڕشتنی ئەدەبی و نووسینەوە، چ لە ڕووی ناوەرۆك و گێڕانەوەدا بەهای بەرزی خۆی هەیە... دەستخۆش کاك ماجید نووری.. هەر سەرکەوتوو بیت.



هونەرمەند بزاڤ زاخۆیی :

**هیوادارین لە کاروانی ئاوەدانیی زاخۆدا بواری هونەریش گرنگیی زیاتری پێ بدرێت**



**گەنجان و لاوان خولیا و خەونی گەورەیان بۆ ساڵی نوێ هەیە**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان


بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
***Web: www.gulanmedia.com***

## ئەو ئەکتەرە ناودارانەی کە پەشیمان بوون لە ڕۆڵە سەرکەوتووەکانیان



کەیت وینسلێت



دانیال ڕادکلیف



کاترین هایگل



ڤیۆلا دەیڤس



هاریسۆن فۆرد



ئیدریس ئەلابا


## زمانی چارلیز تیرۆن توشی گرفتی دەکات



## لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕیجیمی کیتۆ



## مۆبایلێکی مەزن یا شـــاشەکی هەمە کارە



بێریڤان سەردار :

## نەبوونی پاڵپشتی پێویست و توانای دارایی باشی یانەکان گرفتی سەرەکیمانە



دوانزەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاک



ڕۆژی پێنجی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دوانزەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ (عەبدولڕەزاق عەلی، شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد) تێیدا بەشدار بوون، گفتوگۆیەکی چڕ و فراوان لەسەر چەندین پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی و کێشەکانی خەڵك کرا، بەڵام سەرەنجام کۆبوونەوەکە بڕیاری دا ئەڵقەی دوانزەهەمینی بازنەی گفتوگۆ تەرخان بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر «گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك» و، لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازە گفتوگۆی ڕاشکاوانەی لەسەر بکرێت، بەشێك لەو ڕەهەندە جیاوازانە بریتی بوون لە:

- هەوڵەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیا لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریب و زەوتکردنی خاك کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.
- بە هۆی مەترسییەکانی تیرۆریستان بەگشتی و تیرۆریستانی داعش بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٤ و بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی پارێزگاکانی عێراق و پەنابەرانی وڵاتانی دراوسێ هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، ئەم ژمارەیەش ٣٠٪ دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی زیاد کردووە.
- بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و ناسەقامگیری لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق خەڵکێکی زۆر لەو پارێزگایانەوە بەتایبەتی «کریستیان و سائیبەی مەندائی و عەرەبی شیعە و سوننە» دێن لە کوردستان نیشتەجێ دەبن و لە کوردستان یەکەی نیشتەجێبوون دەکڕن.
- هۆکارێکی دیکە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەترسییەکانی ڕوو لە هەڵکشانە، دیاردەی گۆڕینی کەشوهەوایە کە هەندێك لە ناوچەکانی عێراق تووشی دیاردەی «بەبیابانبوون» دەبن، ئەمەش وایان لێ دەکات، ناوچەکانی خۆیان چۆڵ بکەن و کۆچ بکەن بۆ شوێنێکی دیکە و لەوانە بەشێکیان ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان.

بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە بە داتا و زانیاری لەسەر ئەم گفتوگۆیە بکرێت و ڕای خەڵکی سەر شەقامیش بە ڕای ئەو دەستەبژێرەوە گرێ بدرێتەوە کە بەشداریی گفتوگۆکە دەکەن، بازنەی گفتوگۆ بە هاوکاریی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن (قەڵات – هەولێر، سلێمانی، دهۆك) لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی، ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەم پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە ڕاپۆرتەکەی لەسەر سکرین نمایش کرد و پاشان بەشداربووان گفتوگۆی ڕاشکاوانەیان لەسەر کرد.

لە ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، دوانزەهەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو و دوای سەیرکردنی ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی بازنەی گفتوگۆ ئەم بەڕێزانە گفتوگۆی ڕاشکاوانەیان بە داتا و زانیاری لەسەر کرد و چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەشیان پێشکەش کردین:

١- حەسەن ئەمین شێخانی، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان.

٢- پ.د.محەمەد شوانی، کۆمەڵناس و مامۆستا لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

٣- عارف تەیفوور سەردار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٤- ڕێبوار تاڵەبانی، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ماددەی ١٤٠.

٥- پ. کەیوان ئازاد،پسپۆڕی مێژوو و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی .

٦- پ.د. خەلیل ئیسماعیل، مامۆستای جوگرافیا لە زانکۆی جیهان – هەولێر.

٧- بەشار کیکی، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا و پەرلەمانتاری خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ
  - عەبدولڕەزاق عەلی
  - شڤان حەمدی
  - پ.د. نەزاکەت حسێن
  - د.جەلال ئەحمەد
  - فەرهاد محەمەد



راپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# «گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاک»

بۆ گرێدانەوەی ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەستەبژێر و ئەکادیمیست و سیاسەتمەداری بەشداربووی دوانزەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ، بە ناونیشانی (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك)، بازنەی گفتوگۆ بە هەماهەنگی و هاریکاری لەگەڵ تەلەفزیۆنەکانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (قەڵات- هەولێر، سلێمانی، دهۆك) ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ئەنجام داوە و، ڕای هاووڵاتیانی لەسەر دوو پرسی گرنگ وەرگرتووە، کە یەکەمیان کاریگەریی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و، دووەمیشیان کاریگەریی مانەوەی ئاوارە عەرەبەکانی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە لە شارەکانی کوردستان و، هاتنی عەرەب لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ شارەکانی کوردستان و، کڕینی خانوو و موڵك و یەکەی نیشتەجێبوون لە شارەکانی کوردستان و تۆمارکردنی بەناوی خۆیانەوە.

بۆ گەنگەشەی ئەم دوو پرسە بازنەی گفتوگۆ سێ پرسیاری ئاراستە کردوون، بەم جۆرە:

١- بێجگە لە پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئایا مانەوەی ئاوارەی عەرەبی پارێزگاکانی دیکەی عێراق، مەترسی لەسەر دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان درووست دەکەن؟

٢- ئایا نیشتەجێبوونی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و تۆمارکردنی موڵك و خانوو و یەکەی نیشتەجێ بەناوی هاووڵاتیانی عەرەب، هەمان مەترسیی کەرکووك و ناوچە کوردستانیبەکانی دەرەوەی هەرێم لەسەر شارەکانی هەرێمی کوردستان دووبارە ناکاتەوە؟

٣- ئایا چ میکانیزم و ڕێگەچارەیەك بە پێویست دەزانن بگیرێتە بەر، بۆ بەرگرتن لە گۆڕینی دیمۆگرافی و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیمانی؟

ئەو هاووڵاتیانەی کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەر سێ تەلەفزیۆنی (قەڵات- هەولێر، سلێمانی، دهۆك) قسەیان لەگەڵ کردوون، بەم شێوەیە قسەیان بۆ ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆ کردووە.

**مەتین دۆسکی هاووڵاتی لە پارێزگای دهۆک:**

## لە گەڕەکە تازەکان و شارەکانی نیشتەجێبوون ژمارەی عەرەب لە ژمارەی کورد زیاترە



بە دیتنی من بوونی ڕێژەیەکی عەرەب لە شارەکانی کوردستان و نیشتەجێبوونیان و تۆمارکردنی موڵك و خانوو و یەکەی نیشتەجێ بەناویانەوە، مەترسییەکی گەورە لەسەر دیمۆگرافیای شارەکان دەبێت.


من باسی دهۆك دەکەم، ئێستا ئەگەر سەردانی گەڕەکە تازەکان و ئەو شارانە کە بۆ نیشتەجێبوون درووست دەکرێن، یان یەکەکانی نیشتەجێبوون بکەین، دەبین دوو لەسەر سێی عەرەب ئەو خانوو و یەکەی نیشەجێبوونەیان کڕیوە، کە دەچیتە ناو بازاڕی دهۆك، بازاڕەکە سیمای شارێکی عەرەبیی گرتووە و زیاتر گوێت لەوە دەبێت بەزمانی عەرەبی قسە دەکرێت تا زمانی کوردی، لەلایەکی دیکەوە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی عەرەبی پارێزگاکانی دیکە عێراق بۆ شارێکی وەك دهۆك، بێگومان ئەوانە هەمووی بەدوای کاردا دەگەڕێن و دەرفەتی هەلی کار لەبەردەم گەنجانی کورد کەم دەکەنەوە و، گەنجەکانی خۆمان کاریان دەست ناکەوێت.

بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتە بەر و سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت، چونکە چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ئێستادا چۆنن، لە داهاتوودا شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستانیش هەمان چارەنووسیان دەبێت.



**ماهیر چڕانی خاوەنی نووسینگەی خانووبەرە لە دهۆک:**

## هۆکاری هاتنی عەرەب لە پارێزگاکانی دیکەوە بۆ کوردستان باردۆخی ناسەقامگیری عێراق بوو



هاتنی عەرەبی پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەو باردۆخە ناسەقامگیرەی عێراق بوو کە لە شارەکانی خۆیاندا نەیانتوانی گوزەران بکەن، بۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین، ئەو عەرەبانە بە خۆشی خۆیان نەهاتوون، بڕوا بکە ئێمە وەك خاوەنی نووسینگەکانی کڕینی و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو و یەکەکانی نیشتەجێ، ئاگادارین کە ئەوان زۆر نیگەران بوون کە لەسەر زێدی خۆیان هەڵکەندرابوون و بە ناچاری لە هەرێمی کوردستان خانوو یەکەی نیشتەجێیان دەکڕی، یان بەکرێیان دەگرت و تیایدا نیشتەجێ دەبوون، بەڵام دوای ئەوەی باردۆخی ئەو شارانە سەقامگیریی بۆ گەڕایەوە، بەشێکی زۆریان گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ئێستا ڕێژەی کڕینی خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون لەلایەن عەرەبەکانەوە بە تەواوەتی کەم بووەتەوە.

**بەسام عەلی چاودێری سیاسی لە سلێمانی:**

## پرسی کەرکووک پرسی خاکە تەنیا گۆڕینی دیمۆگرافیا نییە



ئەگەر باسی کێشەی کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکەین، کێشەی ئەو ناوچانە بە تەنیا گۆڕینی دیمۆگرافیانییە، بەڵکو گۆڕین و بچووکردنەوەی جوگرافیای کوردستانە، واتە کێشەی خاکە، لەو ناوچانە بەگشتی و لە کەرکووك بە تایبەتی بە سەدان هەزار دۆنم زەویی خەڵکی کوردستان دەستی بەسەردا گیراوە و داگیر کراون، ڕێگە لە خاوەنە ڕەسەنەکانی ئەو زەوییانە دەگرن لە کورد و تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش کە ئەو زەوییانە بۆ کشتوکاڵ بەکار بهێنن، یان پرۆژەی لەسەر درووست بکەن، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەو ناوچانە و کەرکووکیش، ئەگەر ماددەی ١٤٠ی دەستوور بە پێی ئەو میکانیزمەی بۆی دانرابوو، وەك خۆی جێبەجێ بکرایە، ئەوا چارەنووسی ئەو ناوچانەش یەکلایی دەکرانەوە، بەڵام بەداخەوە کەمتەرخەمییەکی زۆر لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەدا کراوە.

سەبارەت بە بوونی هاووڵاتیانی عەرەب، یان نەگەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکان لە هەرێمی کوردستان، بە دیدی من ئەمەیان کاریگەریی لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکانی هەرێمی کوردستان ناکات، لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەم: ئەو هاووڵاتییانە پسوولەی خۆراکیان هەر لەسەر شارەکانی خۆیانە.


دووەم: کارتی بایۆمەترییان بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان هەر لەسەر پارێزگاکانی خۆیانە و دەچن لە پارێزگاکانی خۆیان دەنگ دەدەن.

سێیەم: کەمپیان بۆ کراوەتەوە و بەشی زۆریان لە ناو ئەو کەمپانەدا دەژین.

بۆیە لەبەر ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسەر نەخشەی سیاسی و دیمۆگرافیای کوردستان نابێت و، سرووشتی شارە گەورەکانیش لە هەموو جیهان بەو شێوەیەیە، کە خەڵکی دیکە لە دەرەوەی ئەو شارانە دەچن لەو شارانە نیشتەجێ دەبن، بۆیە مەترسییە گەورەکە لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ لەسەر کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکانی دیکەیە.

### بێریڤان حەمدی هاووڵاتی لە پارێزگای سلێمانی:

## زۆرینەی یەکەی نیشتەجێ و شارەکانی نیشتەجێ لەلایەن عەرەبەوە کڕدراون



هاووڵاتییەکی شاری سلێمانی بە چاوی خۆمان واقیعی شارەکەی خۆمان دەزانین و دەبینین کە زۆرینەی یەکەکانی نیشتەجێ و ئەو شارانەی بۆ نیشتەجێبوون درووست دەکرێن، لەلایەن هاووڵاتیانی عەرەبی پارێزگاکانی دیکەی عێراقەوە کڕدراون، لە ئێستادا کڕینی ئۆتۆمبیلیش بە ناوی شارەکانی کوردستانەوە لەلایەن عەرەبەکانەوە زۆر زیادی کردووە، ئەم حاڵەتە لە ئێستادا کە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی گەورە لە شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستاندا، گرنگە هەوڵ بدرێت ڕێك بخرێتەوە و ڕێوشوینی پێویست بگیرێتە بەر، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆکاری ئەوەی کاریگەری لە گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکانی کوردستان هەبێت.

### چیا حەمید مەجید هاووڵاتی لە پارێزگای هەولێر:

## ئەو شوێنانەی ئێستا بوونە ناوچەی کێشە لەسەر لە سەرەتادا لە گۆڕینی دیمۆگرافیاوە دەستی پێکردووە



بە ڕاشکاوی هەستمان بەوە کردووە کە ئەو ئاوارە عەرەبانەی لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، بە بیانووی ئاوارەیی هاتوون و لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی ودهۆك نیشتەجێبوون، نایەنوێت بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان، ئەمە لەکاتێکدا شارەکانی خۆیان ئێستا سەقامگیریی بۆ گەڕاوەتەوە و کێشەیان نەماوە، بۆیە لام سەیرە هەتا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان گوشاری نەخستووەتە سەر حکومەتی بەغدا، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست وەربگرێت و زەمینەسازی بکات بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئەمەیان وەك ئامانجێکی سیاسیی سەیر دەکرێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر بیربکەینەوە و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، ئەوا دەبینین ئەو شوێنانەی ئێستا پێیان دەگوترێت (ناوچە کێشە لەسەرەکان) لە سەرەتادا بە هێنانی عەرەب و گۆڕینی دیمۆگرافیا دەستیان پێکردووە و، ئەگەر ئەم دیاردەی ئێستای شارەکانی کوردستانیش بەهەند وەرنەگرین و خەمێکی لێ نەخۆین، ئەوا هەمان کێشە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە گرنگە کە ڕاشکاوانە پێیان بڵێین، ئایا ئێوە بە ناچاری و لە ترسی شەڕوشۆڕ و تیرۆر بوونەتە ئاوارە و ڕووتان لە هەرێمی کوردستان کردووە، یان هاتوون لێرە نیشتەجێ ببن؟

### تەنیا عەلی ئیسماعیل هاووڵاتی لە پارێزگای هەولێر:

## تۆمارکردنی موڵک و خانووبەرە بە ناوی عەرەبەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان



بە دڵنیاییەوە هاتنی عەرەب لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق و نیشتەجێبوونیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، لە سەدا سەد کاریگەریی خۆی دەبێت، بەڵام کاریگەرییەکە دوولایەنەیە، واتە هەم لایەنی ئەرێنی هەیە هەمیش لایەنی نەرێنی.

لایەنە نەرێنییەکەی ئەوەیە ئەوان کاتێك دێن لە کوردستان موڵك و خانوو و یەکەی نیشتەجێ و ئۆتۆمبیل دەکڕن و بەپێی یاسا بەناوییەوە تۆمار دەکرێت، ئەوا ئێمە ناتوانین بە یاسا هیچ شتێکیان لەگەڵدا بکەین، یان بیاننێرینەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بۆیە گرنگە تۆمارکردنی موڵك و خانووبەرە بە ناویانەوە لە شارەکانی کوردستان سنوورێکی بۆ دابنرێت.

لایەنە ئەرێنییەکەشی ئەوەیە ئەو عەرەبانەی هاتوونە کوردستان، حکومەتی عێراق مووچەکەنیان بۆ دەنرێتە کوردستان، ئەو پارەیە لە بازاڕەکانی کوردستان خەرج دەکرێت و جووڵەیەکی بازاڕ درووست دەکات.





## حەسەن ئەمین شێخانی

مامۆستای زانکۆ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان:

# زۆر گرنگە هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کۆنگرەیەک بۆ زانایانی ئایینی ئیسلامی «کورد، سوننە و شیعە» گرێبدەین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین لەسەر خاکی داگیرکراو نوێژ و خواپەرستی دروست نییە

**حەسەن ئەمین شێخانی، جیا لەوەی مامۆستای زانکۆ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانە، لە هەمان کاتدا قوتابی دکتۆرایە و بە دیدێکی ئیسلامی و نەتەوەییانە سەیری کێشەی نەتەوەکەمان و سەربەخۆیی کوردستان دەکات و، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەن کە لە لایەنی ئایینەوە هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی زۆر ڕاشکاوانە کێشەکانی خۆمان لەگەڵ زانایانی ئایینی ئیسلامی عەرەب و تورك و فارس باس بکەین و، بەپێی شەرع و یاساکانی ئیسلامی، پرسی خاکی داگیرکراو حەرام بکەین و بیسەلمێنین کە نوێژ و خواپەرستی لەسەر خاکی داگیرکراو دروست نییە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك» بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك، پرسێکی هێجگار گرنگە و بایەخپێدان و قسەکردن لەسەری بە کارێکی پیرۆز دەزانم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاریگەرییەکانی دیمۆگرافیا هەم مەترسی لەسەر ناسنامەمان وەك کورد دروست کردووە، هەمیش لە خاکەکەمان وەك کوردستان.

لێرەدا پرسیارێك لە خۆمان دەکەین، ئایا ئێمە تەنیا لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا خاکمان لە دەست داوە؟ بەڵێ، بێگومان خاکێکی زۆری کوردستانمان لەدەست داوە. هەر بۆ نموونە لە ماوەی ١٩٢٣ کۆماری کوردستانی سوور یەکێك بوو لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران کە ئێستا پێی دەگوترێت «ناگۆرنۆ قەرەباغ» و هەر دوو دەوڵەتی ئەرمینیا و ئازەربایجان شەڕی لەسەر دەکەن.

لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە گۆڕینی دیمۆگرافیا بە ئاستێك بووە کە زۆر جاران کورد ڕاگوێزراوە لە شوێنی خۆی و براوەتە کۆمەڵگەی دیکە کە هەوڵێك بووە بۆ گۆڕین و تواندنەوەی ناسنامەی کوردبوونیان، هەر بۆ نموونە کوردانی خۆراسان ژمارەیان نزیکەی

دوو ملیۆن کەس دەبێت، ئەمانە لە داهاتوودا کاریگەریی گەورەیان لەسەر سنوورەکانی کوردستانی گەورە دەبێت.

ئەم گفتوگۆیەی لەم بازنەیە دەیکەین، زیاتر تایبەتە بەو بەشەی کوردستان کە لکێنراوە بە عێراقەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی گۆڕینی دیمۆگرافیا کە دواتر گۆڕینی جوگرافیاشی بەدوای خۆیدا هێناوە، دەبینین مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەم پرسە هەیە و دەتوانم بڵێم ریشە و هەوڵەکانی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا و جوگرافیای کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا و ئێستاش بە فۆرم و شێوازێکی دیکە بەردەوامیی هەیە، کە ئەویش فۆرمی مەزهەبییە، لێرەدا ئەگەر هەر بە نموونە باسی کەرکووک بکەم، لە پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە تەواوی شاری کەرکووک تەنیا پێنج حوسەینیە هەبوو، ئێستا لە ماوەی تەنیا شەش ساڵدا بووەتە ٨٥ حوسەینییە، کە ئەمە هەم گۆڕینی دیمۆگرافیا و هەم گۆڕینی مەزهەبیشە، بەتایبەتی گەلی کورد بەشی هەرە زۆری لەسەر موسڵمانی سوننە حیساب دەکرێن، ئەمە وێڕای ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بێجگە لە کورد چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاواز بە ئاشتی و لێبوردەیی هەموو پێکەوە دەژین.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، هەتا سەردەمی خلافەتی عەباسییەکانیش عێراق تەنیا بە «کوفە و بەسرا» باس کراوە و سنووری کوردستان هەتا بەدرە و جەسان بووە کە دەکاتە شاری کوتی ئێستا کە لە خواری بەغدایە، بەڵام کاتێك ئەبوو جەعفەری مەنسوور هات بەغدای دروست کرد و پایتەختی لە شامەوە گواستەوە بۆ بەغدا، هەر ئەو کاتەش شاری سامەڕای دروست کرد و سەربازگەیەکی بۆ پاراستنی پایتەخت لێ دامەزراند. ئیدی وردە وردە لە چوارچێوەی پرۆسەی بە عەرەبکردندا گۆڕینی دیمۆگرافی و گۆڕینی جوگرافیای کوردستان دەستی پێکرد.

لەسەر ئاستی دەوڵەتی، عێراق کە لە ٢١ی ئابی ساڵی ١٩٢١ لە قاهیرە ڕاگەیەندرا، تەنیا لە چوارچێوەی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە ڕاگەیەندرا، ویلایەتی موسڵی لەگەڵ نەبوو، هەروەها عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقیش نەیانتوانی ڕێك بکەون پادشایەك بۆ عێراق دیاری بکەن، بۆیە ئینگلیز لە سعودیەوە «شا فەیسەڵ»یان هێنا و کردیان بە پاشای عێراق. شا فەیسەڵ تەنیا بووە پادشای هەر دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا، دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ ئینگلیزەکان هاتن ڕاپرسییەکیان کرد لەناو پیاوماقووڵ و سەرۆك هۆزەکانی کوردستاندا، نەك ئەو ڕاپرسییەی ئێمە لە ئەیلوولی ٢٠١٧ کردمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەوجا لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ئازاری زۆری بە دەست تورکەکانەوە چەشتبوو، بۆیە پێیان باشتر بوو، ویلایەتی مووسڵ بخرێتە سەر عێراق و پێکەوەژیان لەگەڵ عەرەبی عێراق تاقی بکەنەوە. کە مێژوو دەری خست، عەرەبەکانیش لە تورکەکان باشتر نەبوون.

لە ئێستادا مەترسیی گۆڕینی دیمۆگرافیا گەیشتووەتە ئاستێك کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان و ستراتیژیەتی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بەگشتی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەتایبەتی، ئەم ماددەیە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕێنراوەکانیشەوە بە شێوەیەکی دستووری وەك هەرێمێکی دەستووری ناساندووە، بۆیە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە هەموو کات ئەوەم گوتووە، کە ئەو دەستوورە ڕاگەیاندنی هەڵوەشانەوەی پەیمانی لۆزانە کە ١٠٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە.

سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئیدارەی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی، لیژنەی ماددەی ١٤٠ کارا کرایەوە، هەندێك هەنگاوی باش هەڵگیراوە و مژدەی ئەوەتان پێ دەدەم کە بۆ یەکەم جارە عەرەبی کەرکووک داوای قەرەبووی ئەو زەوییانە دەکات کە لێیان وەردەگیرێتەوە، پێشتر دەیانگوت «زەوی زەویی خۆمانە تاپۆکەی بەناو خۆمانە و دەستبەرداری نابین»، بەڵام ئێستا ئەو واقیعە گۆڕاوە بە تایبەتی کە بەم دواییە هادی عامری سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ هاتە کەرکووک بڕیاری دا

**کۆماری کوردستانی سوور یەکێک بوو لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران کە ئێستا پێی دەگوترێت «ناگۆرنۆ قەرەباغ» و هەر دوو دەوڵەتی ئەرمینیا و ئازەربایجان شەڕی لەسەر دەکەن**

**هەتا سەردەمی خلافەتی عەباسییەکانیش عێراق تەنیا بە «کوفە و بەسرا» باس کراوە و سنووری کوردستان هەتا بەدرە و جەسان بووە کە دەکاتە شاری کوتی ئێستا کە لە خواری بەغدایە**

**لەسەر ئاستی دەوڵەتی، عێراق کە لە ٢١ی ئابی ساڵی ١٩٢١ لە قاهیرە ڕاگەیەندرا، تەنیا لە چوارچێوەی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە ڕاگەیەندرا**



کە ٩٠٠ هەزار دۆنم زەوی بگێڕێنێتەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆی، کەواتە ئێمە لە کەرکووك تەنیا کێشەی نزیکەی ملیۆنێك و سێ سەد هەزار دۆنم زەویمان هەبوو، بە گەڕانەوەی ئەم ٩٠٠ هەزار دۆنمە زەوییە تەنیا کێشەی ٣٠٠-٤٠٠ هەزار دۆنم زەویمان دەمێنێت بگەڕێنەوە، سەبارەت بە داواکاریی عەرەبەکانیش بۆ قەرەبووکردنەوە، هادی عامری ئەو عەرەبانەی کۆکردەوە و پێی گوتن بڕۆن لە شوێنەکانی خۆتان داوای قەرەبووکردنەوە بکەن، بۆیە من دەڵێم ئەگەر ئەو ٣٠٠-٤٠٠ هەزار دۆنمەش وەربگرینەوە، مانای ئەوەیە ٨٠٪ ماددەی ١٤٠ جێبەجێ کراوە، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە کاری یەکە کارگێڕییەکانی شار و پارێزگاکان دەتوانین بەشەکەی دیکەشی جێ بەجێ بکەین.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەوەیە ئێمە چۆن بتوانین لەلایەنی ئایینەوە کارێك بۆ ڕاگرتنی گۆڕینی دیمۆگرافیا بکەین، لە ئێستادا لایەنە کوردستانییە نەتەوەییە گەورەکان ئەوە نوێنەریان هەیە لە بەغدا و دەتوانن لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کارێك بکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئێمە وەك لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان دەتوانین چی بکەین؟ساڵی پار لە شاری دیاربەکر کۆنگرەیەك گرێ درا بە ناونیشانی «ڕۆڵی زانایانی ئیسلامی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا» من بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە کرابووم و لە کۆنگرەکەش وتارم هەبوو، ئەمەش بۆ یەکەمین جار بوو کۆنگرەیەکی لەم شێوەیە لە تورکیا گرێ بدرێت، ڕێگەدان بەو کۆنگرەیە لەناو تورکیا مانای ئەوەیە لە تورکیا و ئێرانیش کورد ڕیشەی خۆی داکوتاوە و بە سیاسەتی سەرکوتکردن ڕیشەکێش ناکرێت و دەبێت پەنا بۆ ڕێگەیەکی دیکە ببرێت، لە کوردستانی تورکیا تەریقەی نوور هەیە کە بەشێکی زۆری تورکەکانیش دێنە ناو ئەم تەریقەتە، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەم کۆنگرەیەوە کارێکی باش دەبێت، ئەگەر ئێمەش لە کوردستان هەوڵی گرێدانی کۆنگرەیەکی هاوشێوە بدەین، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە:

لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆنگرەیەك بۆ زانایانی ئیسلامیی کوردستان، زانایانی ئیسلامی عەرەبی سوننە «وەقفی سوننە» و زانایانی عەرەبی شیعە گرێ بدەین، لەم کۆنگرەیەدا



پرسیارێك ڕووبەڕووی هەموو زانایانی ئیسلامی بکەین و بپرسین: ئایا نوێژ و خواپەرستی لەسەر خاکی داگیرکراو دروستە؟

زۆر گرنگە ڕاشکاوانە پێیان بڵێین: ئێوەی عەرەب هاتوون هەر لە ڕەبیعە و شنگال هەتا بەدرە و جەسان خاکی کوردستانتان داگیر کردووە، ئێوە کە زانایانی ئیسلامین و ئاگاداری شەرع و یاساکانی ئیسلامن، ئایا ئێوە ئەو نوێژ و خواپەرستییەی لەسەر ئەو خاکە داگیرکراوە دەیکەن دروستە؟

ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، عەرەبەکانی بەناوی «ئەنفال و قەعقاع و خالیدی کوڕی وەلید و...هتد» هاتن کوردستانیان داگیرکرد و ئێمەیان چەوساندەوە، گرنگە ئێمەش بە هەمان میتۆد مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و لە کۆنگرەیەکدا کۆیان بکەینەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەمان بدەنەوە، ئایا نوێژ و خواپەرستی لەسەر خاکی داگیرکراو دروستە؟ ئەگەر بڵێین دروستە، ئەوا شەرع و یاساکانی ئیسلام لا دەدەن، بڵێین دروستیش نییە، ئەوە فەتوایەکی زۆر گرنگە دەبێت ئەو خاکە داگیرکراوە بەجێ بهێڵن.

کەواتە زۆر زۆر گرنگە لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی فراوان بۆ زانایانی ئایینی ئیسلامی «کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە» لەژێر ناونیشانی «ئایا لەسەر خاکی داگیرکراو نوێژ و خواپەرستی دروستە؟» گرێ بدەین. بێگومان کە ئەم پرسیارە بووە ناونیشانی کۆنگرەیەك کە تیایدا زانایانی ئیسلامی کۆدەکاتەوە، ناتوانن دژی شەرع و یاساکانی ئیسلام فەتوا بدەن، بۆ ئەمەش ئێمە ئەزموونێکی بچووکمان لە کەرکووك هەبووە، چەندین کەس عەرەبی هاوردە بوون، کە قسەمان لەگەڵ کردوون، گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە ئەوان خاکی ئێمەیان داگیر کردووە و لەسەر خاکی داگیرکراو خوداپەرستی دەکەن، ئەمەش دروست نییە، بڕیاریان داوە کەرکووك بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، بۆیە لەم لایەنەشەوە دەکرێت بە گەشبینییەوە سەیری کاریگەریی لایەنە ئایینییەکەی بکەین و بایەخی تەواوی پێ بدەین.

لە دوماهی قسەکانمدا دەمەوێت کۆمەڵێك داتا پێشکەشی ئەم گفتوگۆیە بکەم، کە وەك



**بەم دواییە هادی عامری سەرۆکی لێژنەی ماددەی ١٤٠ هاتە کەرکووك بڕیاری دا کە ٩٠٠ هەزار دۆنم زەوی بگێڕێنێتەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆی، کەواتە ئێمە لە کەرکووك تەنیا کێشەی نزیکەی ملیۆنێک و سێ سەد هەزار دۆنم زەویمان هەبوو، بە گەڕانەوەی ئەم ٩٠٠ هەزار دۆنمە زەوییە تەنیا کێشەی ٣٠٠-٤٠٠ هەزار دۆنم زەویمان دەمێنێت بگەڕێنەوە**

**ڕێگەدان بەو کۆنگرەیە لەناو تورکیا مانای ئەوەیە لە تورکیا و ئێرانیش کورد ڕیشەی خۆی داکوتاوە و بە سیاسەتی سەرکوتکردن ڕیشەکێش ناکرێت و دەبێت پەنا بۆ ڕێگەیەکی دیکە ببرێت**

ئەمانەتی زانستی لە ماڵپەڕی کاك ئەحمەدی نفوس وەرم گرتووە. ناوبراو ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ لە فەرمانگەی «نفوس»ی شاری دووزخورماتوو فەرمانبەر بووە، ئەم داتایانەش، داتای ئەو سەرژمێرییانەی کەرکووکن کە هەر لە ساڵی ١٩١٩ تا دوایین سەرژمێری کە لە ساڵی ١٩٩٧ ئەنجام دراون.

داتا و ئاماری سەرژمێرییەکانی کەرکووك لە ساڵی ١٩١٩ تا ساڵی ١٩٩٧:

١- سەرژمێرییەکەی بەریتانیا لە کەرکووك دوای ئەوەی عێراقی داگیر کرد. لە ساڵی ١٩١٩ سەرژمێرییەکی بۆ دانیشتووانی کەرکووك ئەنجام دا و لەو سەرژمێرییەدا دەرکەوت ژمارەی دانیشتووانی کەرکووك (٩٢) هەزار کەسن و لەوێشدا دەرکەوت کورد زۆرینەی دانیشتووانەکەیەتی.

٢- لە هەمان کاتدا و بۆ هەمان مەبەست شاندێکی نەتەوەی گەلان (عصبة الأمم) لە سەر ئەو کێشە و ململانێیەی نێوان عێراق و بەریتانیا لەسەر ویلایەتی مووسڵ، ئەویش هەڵسا بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی تایبەت بە خۆی بۆ کەرکووك و دەوروبەری، لەوێشدا بۆیان دەرکەوت ژمارەی دانیشتووانەکەی (٠٠٠، ٧٥٠، ١٣٨) کەسن بەم شێوەی لای خوارەوە:

ژمارەی کورد ( ٥٠٠، ٨٧ ) کەس بوون کە دەکاتە ٦٣٪ی ڕێژەی دانیشتووانی.

- ژمارەی تورکمان (٢٦،٠٠٠) کەس بوون کە دەکاتە ١٩٪ی ڕێژەی دانیشتووانی .
- ژمارەی عەرەب (٢٥٠،٢٥) کەس کە دەکاتە ١٨٪ی ڕێژەی دانیشتووانەکەی .

٣- لە بەرانبەریشدا عێراق هەڵسا بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەك کە دەرەنجامەکەی دەرکەوت ژمارەی دانیشتووانی کەرکووك (٧٩٥،١٤٦) کەس بوون و ڕێژەکەیشی بەم شێوەی لای خوارەوە بوو:

- ژمارەی کورد (٤٠٠،٨١) کەس کە دەکاتە ٥٩٪ ڕێژەی دانیشتووانی.

ژمارەی تورکمان (٧٤١،٢٨) کەس کە دەکاتە ٢١٪ی ڕێژەی دانیشتووانی.

- ژمارەی عەرەب (٦٥٤،٢٦) کەس کە دەکاتە ١٩٪ی ڕێژەی دانیشتووانی.

لێرەشدا دیسانەوە دەرکەوت کورد زۆرینەی شاری کەرکووکە

٤- لە فەرهەنگی تورکیدا کە لە ساڵی ١٨٩١ دەرچووە، تیایدا هاتووە ژمارەی دانیشتووانی کەرکووك (٣٠) هەزار کەسە و کورد سێ بەشی ئەو ڕێژەیە و بەشی چوارمیشی بریتییە لە نەتەوەکانی «عەرەب، تورکمان، جوو و ئاشوورییەکان».

**● کەرکووك لە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧**

یەکەم . لە ١٢ /١٠ / ١٩٥٧ سەرژمێرییەکی سەرتاسەری لە هەموو عێراق ئەنجام درا. لەو سەرژمێرییەدا ژمارەی دانیشتووانی کەرکووك بەم شێوەی لای خوارەوە بوو:

١. ژمارەی کورد گەیشتە( ١٨٧، ٥٩٣ ) کەس و ڕێژەکەی دەکاتە ٢، ٤٨٪

٢. ژمارەی عەرەب گەیشتە ( ١٠٩، ٦٣٠ ) کەس و ڕێژەکەی دەکاتە ٢، ٢٨٪

٣. ژمارەی تورکمان ( ٨٣، ٣٧٣ ) کەس و ڕێژەکەی دەکاتە ٤، ٢١٪

**● دامەزراندنی قەزای حەویجە لە ساڵی ١٩٦١**

لە ساڵی ١٩٦١ ڕژێم بە پێی مەرسوومی کۆماریی ٣٨٧ لە ١٢ / ٤ / ١٩٦١ قەزای حەویجەی دامەزراند کە لە بنەڕەتدا ئەو ناوچەیە شوێنی هۆزەکانی هەمەوەند و سمایل عوزێری بوو. ڕژێم بۆ مەبەستی بە عەرەبکردنی ناوچەکە هۆزەکانی «عوبێد، جبوور، شەمەر، دلێم و حەددییەکان»ی گواستەوە کە لە بنەڕەتدا هیچ لەم هۆزانە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نەبووم. ڕژێم بەوەش نەوەستا و زەوی و زارێکی زۆری دابەش کرد بە سەریاندا و پرۆژەی ئاویشی (ری سەدام) بۆیان ڕاکێشا و هەموو ئاسانکارییەکی نیشتەجێبوونی بۆیان دابین کرد.

**● کەرکووك لە سەرژمێری ١٩٦٥**

لە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٦٥ بە ئاشکرا دەرکەوت ڕێژەی عەرەب لە کەرکووك زیادی کردووە بە هۆی سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچەکە. لەو سەرژمێرییەدا ژمارەی دانیشتووانی کەرکووك گەیشتە ( ٤٤٩، ٦٧٤

کەس و ژمارەی ڕێژەی نەتەوەکانیش بەم شێوەی لای خوارەوە بوو:

١. کورد ( ٩٠٥، ١٧٠ ) کەس دەرچوو.
٢. عەرەب ( ٥٣٥، ١٨٤ ) کەس دەرچوو.
٣. تورکمان ( ٩٥٦، ٨٦ ) کەس دەرچوو.
٤. ئاشوورییەکان ( ٢٧٨، ٧ ) کەس دەرچوون.

لێرەشدا بە ئاشکرا دیارە ڕێژەی کورد کەمی کردووە بە پێچەوانەی ڕێژەی عەرەب چەند زیادی کردووە.

**● دابڕینی قەزاکانی خورماتوو، چەمچەماڵ، کفری و کەلار لە ساڵی ١٩٧٧ لە کەرکووک**

لە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٧٧ دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس چوار قەزای کوردنشین (خورماتوو، چەمچەماڵ، کفری و کەلار)ی لە کەرکووکی دابڕان، زەق و ئاشکرا دەرکەوت ڕێژەی عەرەب بازدانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و لە ڕێژەی لە ٥، ٢٨٪ ـەوە بەرز بووەوە بۆ ڕێژەی لە ٤٤،٤٪ بە پێچەوانەشەوە ڕێژەی کورد دابەزی بۆ لە ٢٣، ٣٧٪ و تورکمانیش ڕێژەکەی دابەزی بۆ ٣١، ١٦٪ و ژمارەی دانیشتووانیشی بەم شێوەی لای خوارەوە بوو:

١. ژمارەی کورد / ٨٧٥، ١٨٤ کەس
٢. ژمارەی عەرەب / ٧٥٥، ٢١٨ کەس
٣. ژمارەی تورکمان / ٣٤٧، ٨٠ کەس

**● کەرکووک لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٩٧دا:**

لە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٩٧ کە دواسەرژمێریی ڕژێمی بەعس بوو، ڕێژەی کورد زیاتر دابەزی بە هۆی سیاسەتی بە عەرەبکردن و گواستنەوەی خێزانە کوردەکان بۆ دەرەوەی کەرکووک و دەرەنجامەکەیشی بەم شێوەی بوو:

١. ژمارەی کورد / ٨٦١، ١٥٥ کەس و ڕێژەکەیشی دابەزی بۆ ٢١٪
٢. ژمارەی عەرەب / ٥٩٦، ٥٤٤ کەس و ڕێژەکەی بەرز بووەوە بۆ ٧٢٪
٣. ژمارەی تورکمان / ٠٩٩، ٥٠ کەس و ڕێژەکەی دابەزی بۆ ٧٪

**● بچووککردنەوەی جوگرافیای کەرکووک و گۆڕینی ناوی گەڕەکەکانی**

لە گەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا ڕێژەی پانتایی زەویی ناوچە کوردنشینەکانیش بەم شێوەیە دابەزی:

ا- پارێزگای کەرکووک پێش دابڕانی چوار قەزای کوردنشینی (خورماتوو، چەمچەماڵ، کفری و کەلار) پانتایی زەوییەکەی (٩٦٧٩) کم٢ بوو.

ب- پارێزگای کەرکووک دوای دابڕانی ئەو چوار قەزایە پانتایی زەوییەکەی دابەزی بۆ ( ٦١٤٤) کم٢ لە گەڵ ئەم دابەزینی پانتایی زەوییەکە کە دەکاتە ( ٥٦٥، ٣ ) کم٢ ڕێژەی دانیشتووانەکەیشی کەم دەکاتەوە.

**● گەڕەکەکانی کەرکووک**

ڕژێم سەرەڕای ئەوەی ناوی کەرکووکی گۆڕی بە (التامیم) گۆڕانکاری لە ناوی گەڕەکانیشدا کرد. بەم شێوە کەرکووک دوو جۆر گەڕەکی هەیە:

١. گەڕەکە کۆنەکان کە بریتین لەم گەڕەکانە «شۆرجە، پریادی، قۆریە، ئەحمەد ئاغا، شاترلۆ، ئیمام قاسم، تەپە، ئەڵماس، قەلا، موسەلا، تسعین، عەرەفە، ساحە تەیەران، حەمزەلی، ئازادی، ڕەحیم ئاوا، حدیدیین».

٢. گەڕەکە نوێیەکان ئەو گەڕەکانە دەگرێتەوە کەوا ڕژێمی بەعس بە مەبەستی بە عەرەبکردنی شاری کەرکووک بوو، ئەویش بە گواستنەوەی خێزانە عەرەبەکان بۆ ناو سەنتەری شاری کەرکووک بۆیە بۆ ئەو مەبەستە ڕژێم نزیکەی (٢٠) گەڕەکی عەرەبی دروست کرد و ئەم ناوانەی لێی نان «بەعس، واستی، غرناتە، دۆمیز، واحد ئازار، نەسر، عەسکەری، عرووبە، ئەلنوور، شوهەدا، منتوجات، وەحدە، ئۆسەرت و مەفقوودین، موعولمین، زوبات، واحد حوزەیران، خەزرا، قادسیە، قادسیە٢ و نیدا».

ئەم داتایانە ئەگەر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دەبینین بە چ پرۆسە و پلانێک هەوڵ دراوە گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیا و جوگرافیای کەرکووکدا بکرێت، بۆ ئەوەی سیمای کوردستانیبوون لەو شارە بسڕێتەوە.

**زۆر گرنگە لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی فراوان بۆ زانایانی ئایینی ئیسلامی «کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە» لەژێر ناونیشانی «ئایا لەسەر خاکی داگیرکراو نوێژ و خواپەرستی دروستە؟» گرێ بدەین**

**چەندین کەس عەرەبی هاوردە بوون، کە قسەمان لەگەڵ کردوون، گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە ئەوان خاکی ئێمەیان داگیر کردووە و لەسەر خاکی داگیرکراو خودا پەرستی دەکەن، ئەمەش دروست نییە، بڕیاریان داوە کەرکووک بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان**




**پ.د. محەمەد شوانی**

مامۆستای  بەشی کۆمەڵناسیی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر:


# ئەم قۆناغە وەکو قۆناغی پشووودان و حەسانەوە و خۆئامادەکردن بۆ هەڵمەتی زۆر فراوانتری تەعریب دەبینم

پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شوانی مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر، لە هەمان کاتدا زیاتر لە پازدە ساڵە ئەندام و ڕێکخەری ژوورەکانی توێژینەوە و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکانی بزووتنەوەی گۆڕانە ..لەم بوارەدا چەندین وتارو ڕاپۆرت و توێژینەوە و کتێبی هەیە، پشبەستن بە کۆمەڵێک داتا و دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی مێژوویی لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەماندا وەکو ئەکادیمیستێک بەشداریی کرد، زۆر بە چڕی مەترسییەکان و کاریگەریی گۆڕینی دێموگرافیای لەسەر باشووری کوردستان و ئایندەی نەتەوەکەمان ڕوون کردەوە، پێشنیاری بەرنامە و پرۆژەی تایبەتیی کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانە و گێڕانەوەی توخم و ڕەگەزە کەلتوورییەکانی کورد لەو ناوچانەدا، لێرەدا گوتەکانی لەبارەی مەترسییەکانی گۆڕانی دێموگرافیا لەسەر ناسنامە و خاک دەخەینە ڕوو :

پرسی گۆڕانی دێموگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد و ئایندەی کوردستان، پرسێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازە، بابەتێکی نەتەوەییە، پەیوەندی بە هەموو تاکێکی کوردەوە هەیە، لەسەرووی حزب و ئایدیۆلۆژیا و هەر بیروباوەڕو بۆچوونێکەوەیە، هەر کەسێکی نەتەوەیی دەبێ ئەم پرسە بە پرسی خۆی بزانێت، تەنانەت هەر کەسێکی مرۆڤدۆستیش وەکو ئەرکێکی مرۆیی و ئاکاری دژی ئەو کارو ڕەفتارە ڕەگەزپەرستانە بن کە هەوڵی قڕکردن و لە ناوبردنی نەتەوەیەکی زیاتر لە چل ملیۆنی وەکو کورد دەدەن.

بۆ ئێمەش، خۆمان وەکو کورد دەبێ بەرنامە و پرۆژەمان هەبێ بۆ بەرپەرچدانەوەی، بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو ستەمە مێژووییە بە درێژایی هەزاران ساڵە لێمانکراوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق و بە پێی دەستوور و بڕیارە لە ڕێگای مادەی ١٤٠ وە کورد بتوانێت بە مافەکانی بگات و مەترسیی تەعریب و

توانەوەی لەسەر نەمێنێت، بە داخەوە من گەشبین نیم و ئەمە ناکرێت یان بە لایەنی کەمەوە وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت، بۆیە پێویستە کورد بە دوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێت، من ئەم قۆناغە وەکو قۆناغی پشوودان و حەسانەوە و خۆئامادەکردن بۆ هەڵمەتی زۆر فراوانتری تەعریب دەبینم، وەکو تاکتیکێک بۆ ساردکردنەوەمان لەسەر ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان سەیر دەکەم، بۆیە زۆر پێویستە قووڵتر بیر بکەینەوە و بە وریایی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکەین .

ناونیشانی ئەم بازنەی گفتوگۆیە لەسەر پرسی گۆڕانی دیموگرافیایە، بە دیدی من دوو شێوازی ئەو پرۆسەیە هەیە، دەبێ لە یەکیان جیا بکەینەوە، یەکەمیان شێوازی بە عەرەببوونە، دووەمیان شێوازی بەعەرەب کردنە، لە میکانیزمدا ئەم دوو شێوازە لە یەکتر جیاوازن، بەڵام ئامانجیان هەر یەکە، تواندنەوەی کوردە .

بە عەرەببوون پرۆسەیەکی مێژوویی دوورو درێژو لەسەرخۆیە، لە ئەنجامی زاڵکردنی ڕەگەزە کەلتووریەکانی عەرەب و پەراوێزخستنی ڕەگەزە کەلتووریەکانی کورد ڕوودەدات، وەکو بێ بایەخکردن و پشتگوێخستن و کار پێ نەکردنی زمان و داب و نەریت و یاساو ڕێساکانی کۆمەڵگا ...

بەڵام تەعریب کە وشەیەکی عەرەبییە و بە مانای (بەعەرەبکردن)دێت، گرووپێک لە ڕێگەی زەبروزەنگ و توندوتیژییەوە و لە ماوەیەکی مێژوویی کورت و دیاریکراودا، دەیەوێت تەواوی خەسڵەت و تایبەتمەندیی گرووپێک لەناوبەرێت بیانکات بە کەسێکی دیکە، وەک ئەوەی لە شەستەکانەوە دژی کورد دەکرێت و لە ڕێگای توندوتیژییەوە هەوڵی سڕینەوەی دەدرێت .

ئەگەر سەیری مێژووی هەزار ساڵی ڕابردوو بکەین، هەر لە فتوحاتی لەشکری ئیسلامییەوە، وردە وردە ڕووبەری ناوچە کوردنشینەکان کەم دەبێتەوە، بچووکتر دەبێتەوە، واتە کورد بە هەردوو شێوازەکەدا تێپەڕیوە، سەدان ساڵ لە ئەنجامی پێکەوە ژیان و سەپاندنی زمان و کەلتووری عەرەبی کە دەسەڵات بە دەستی کوردەوە نەبووە، بۆ نموونە بە پێی هەموو بەڵگە مێژووییەکان کە لە ساڵی ٦٣٦ جەنگی قادسیە ڕوویداوە لە نێوان لەشکری موسڵمانان و لەشکری ساسانی، یەک عەرەب لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات نەبووە، کە عوتەیبەی کوڕی غەزوان بەسرە دروست دەکات و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس کووفە دروست دەکات، خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب نامەیەکیان بۆ دەنووسێت، دەڵێت شارەکان لە شوێنێک دروست بکەن ئاو نەکەوێتە نێوانتانەوە، واتە لە فورات مەپەڕێنەوە، دوای زیاتر لە پێنجسەد ساڵ ئیبن بەتتوتە بە عێراقدا تێدەپەڕێت، لە باسی شاری بابلدا دەڵێت نیوەی کوردن، کە بەغدا و دواتر سامەڕا دروست دەکرێت، هێشتا یەک عەرەب لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە نەبوو، کاتێک حکومەتی عێراقی لە بیستەکان و دوای جەنگی یەکەمی جیهان دروست دەکرێ و باشووری کوردستانی پێوە دەلکێنن، هێشتا عەرەب لە شاری کەرکووک نەبوو، چوار خولی پەرلەمانی عێراقیش تێپەڕی لە ١٩٢٥ەوە تا ١٩٣٦ یەک نوێنەری عەرەب نوێنەرایەتیی کەرکووک بکات لە پەرلەمانی عێراقی سەردەمی پاشایەتی نەبوو، دواتر کە بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ درا، لە دەڵتاوە کە ناوەکەی گۆڕا بۆ خاڵس، ئاهەنگێکی گەورەی کوردانی خاڵس بەڕێوە چوو، هێشتا کورد لە حەمرینەوە ناسنامەی نەتەوەیی مابوو، ئێستا ئەوانە نەماون تەعریب گەیشتووەتە باقرە و مەخموورو کەندیناوە و پردێ و شوان و ساڵەیی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک .

نەتەوەکان بۆچی مێژوو دەخوێنن؟ بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکان تێ بگەن و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بزانن، با ئێمەش وەکو کورد سەیری ئەو ڕابردووە بکەین، ئایا کوردانی خاڵس کوان؟ کوردانی شارەبان و دەلی عەباس و گولالە و ئەو ناوچە کوردییانە چییان لێ هات؟ وەڵام ئەوەیە ئەگەر تەعریب و زەبروزەنگیش نەبووبێت لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی دووردرێژدا بە عەرەب بوون، بە کوردی نەیانخوێندووە، قوتابخانە بە کوردی نەبووە، زمانی دادگا و بازاڕو هەلی کار کوردی نەبووە، بە پێچەوانەوە فێربوونی

**بە عەرەببوون پرۆسەیەکی مێژوویی دوورو درێژو لەسەرخۆیە، لە ئەنجامی زاڵکردنی ڕەگەزە کەلتووریەکانی عەرەب و پەراوێزخستنی ڕەگەزە کەلتووریەکانی کورد ڕوودەدات**

**ئەگەر سەیری مێژووی هەزار ساڵی ڕابردوو بکەین، هەر لە فتوحاتی لەشکری ئیسلامییەوە، وردە وردە ڕووبەری ناوچە کوردنشینەکان کەم دەبێتەوە، بچووکتر دەبێتەوە، واتە کورد بە هەردوو شێوازەکەدا تێپەڕیوە**

**دوای زیاتر لە پێنجسەد ساڵ ئیبن بەتتوتە بە عێراقدا تێدەپەڕێت، لە باسی شاری بابلدا دەڵێت نیوەی کوردن، کە بەغدا و دواتر سامەڕا دروست دەکرێت، هێشتا یەک عەرەب لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە نەبوو**



زمانی عەرەبی کراوە بە پێویستی، لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردن و سەربازی و بازاڕی کارەوە زمانی عەرەبی فەرز کراوە، ئێستاش یەکێک لە مەترسییەکان ئەو ڕیکلامانەیە بۆ ئەوەی کارت دەست کەوێت دەبێ زمانی عەرەبی بزانیت، بەڵام مەرج نیە زمانی کوردی بزانیت!

مەترسییەکانی ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافیە ئەوەیە کاتێک ژمارەی عەرەب لە هەر پنتێکی جوگرافی زیادی کردبێت ئیتر زەبرو زەنگیان بەکار هێناوە.

ئەگەر سەیری کەرکوک و مووسڵ بکەین وەکو ئاماژەمان پێکرد لە ١٩٣٦ نوێنەرێکی عەرەب بۆ نوێنەرایەتیی خێڵ و تیرە و مەرداره عەرەبەکانی دەرەوەی کەرکوک دیاریکرا، ئەو کاتە نەخشەی کارگێڕیی کەرکووک و مووسڵ چۆن بوو؟ کاتێک لە شەستەکان دەسەڵاتیان پەیدا کرد لە ساڵی ١٩٦٩ هەموو قەزاو ناحیە کوردییەکانی پارێزگای موسڵیان دابڕی، بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد لە مووسڵ کەم بکەنەوە، لە ساڵی ١٩٧٦ دوای نسکۆی ئاداری ١٩٧٥ کەرکوکیان کەرت کەرت کرد، چەمچەماڵ و کەلاریان خستە سەر سلێمانی و کفری بۆ دیالە و خورماتوو بۆ سەلاحەدین گواستەوە، بە پێچەوانەوە حەویجەیان لە گوندەوە کردە ناحیە و، لە ناحیەوە بۆ قەزا، چەند ناوچەیەکی عەرەبنشینی موسڵیان خستە سەر کەرکووک، زیاتر لە ٩٨١ گوندی کوردیان لە کەرکووک ڕووخاند بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ دانیشتوانی ئەو گوندانە زیاتر لە (١٤٥) هەزار کەس بوون.

ڕەوشی ئێستای گۆڕانی دیمۆگرافی لە ناوچە کوردییەکان بە شێوازی بە عەرەببوونە، واتە ئەم حکومەتەی ئێستا وەکو بەعس بە ئاشکرا و بە زەبروزەنگ کورد دەرناکات و عەرەب لە ناوچە کوردییەکان نیشتەجێ ناکات، بەڵام بە پێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئێستا زیاتر لە شەش سەد هەزار عەرەب لە شاری هەولێر نیشتەجێیە، لە ئەنجامی ناکۆکی و شەڕی تایفی و مەزهەبییەوە هاتوون.

مێژوو بۆ ئەوە دەخوێنین پەند لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرین، بەشێک لە بەعەرەببوونی کوردستان لە ئەنجامی شەڕی نێوان خێڵە عەرەبەکانەوە بووە، خێڵێک پەنای هێناوە بۆ کوردستان و نیشتەجێ بووە و دواتر کوردی دەرکردووە، حەویجە باشترین نموونەیە، گریمانەی ئەوە بکەین کە پێشتریش کوردانی دەڵتاوە و شارەبان و دەلی عەباس بەو جۆرە دەرکران، پێشبینیی ئەوەش بکەین ئێستا باقرت وەکو ناحیەیەک دەبێتە حەویجەی هەولێر، دوور نییە باقرت بکرێتە قەزا، مەخموور بکرێتە ناحیە و دواتر بخرێنەوە سەر هەولێر، بۆ ئەوەی لە ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی نوێنەران لە بەغدا نوێنەری پارێزگای هەولێریش چەند عەرەبێکی تێدا بێ، لێرەوە دەبێ سەیری مەترسییەکانی گۆڕانی دیمۆگرافی بکەین.

بوونی ئەو ژمارە زۆرەی پەناهەندەی عەرەب و نزیکەی دووسەد و پەنجا هەزار ئاوارەی سوریا، ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەم قۆناغە بەراورد بکەین بە سەد ساڵی ڕابردوو، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٣ بەم قەبارەیە عەرەب لە چیای حەمرینەوە تا کەرکووک نەبوو، وەکو ئەوەی ئێستا لە قەراج و کەندیناوەوە هەتا شەقڵاوە هەیە.

ئێمە گوندەکانمان چۆڵ بوون و کۆمەڵگای لادێییمان لەبەر یەک هەڵوەشاوەتەوە، ڕووبەرێکی فراوانی زەوی و زارمان چۆڵە، کورد لە ناوەندی شارەکان چڕ بووەتەوە، ئەمەش زەمینەیەکی لەبارە بۆ هاتنی عەرەب و کەمبوونەوەی ژمارەی کورد لە ئایندەدا، بۆیە کە ئێمە قسە لەسەر ئەم پرسە دەکەین دەبێ پێشنیارو ڕاسپاردەمان هەبێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان گوێ لە بژاردەیەکی وەکو ئەم گرووپە بگرێ و ئێوە بیرکەرەوە و بیرمەندی کوردن.

من چەند پێشنیارێک دەخەمە ڕوو:


وەکو لە ڕاپۆرتەکەشدا ئاماژەی پێکرا، زۆربەی ئاوارە عەرەبەکان کە ئێستا لە هەرێم نیشتەجێن، مووچەکانیان دێتە سەر کارتەکانیان، گومان هەیە کە ئەمە لە بنەڕەتدا پرۆژەیەک بێت بۆ تەعریبی کوردستان، پێشنیارەکە ئەوەیە، ئەدی بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک لەو فەرمانبەرانە تەنسیب ناکات کە خەڵکی ناوچە کوردستانییە

**بەشێک لە بەعەرەببوونی کوردستان لە ئەنجامی شەڕی نێوان خێڵە عەرەبەکانەوە بووە، خێڵێک پەنای هێناوە بۆ کوردستان و نیشتەجێ بووە و دواتر کوردی دەرکردووە**

**ئێمە گوندەکانمان چۆڵ بوون و کۆمەڵگای لادێییمان لەبەر یەک هەڵوەشاوەتەوە، ڕووبەرێکی فراوانی زەوی و زارمان چۆڵە، کورد لە ناوەندی شارەکان چڕ بووەتەوە، ئەمەش زەمینەیەکی لەبارە بۆ هاتنی عەرەب و کەمبوونەوەی ژمارەی کورد لە ئایندەدا**

دابڕێنراوەکانن؟  زەوی زاریان هەیە لە گوندەکان و، لە فەرمانەگەکانیش تا ڕادەیەک زیادەن و، ڕۆیشتنیان هیچ کاریگەریی نییە لەسەر کاری فەرمانگەکە، با بۆ سەر وەزارەتی کشتوکاڵ تەنسیب بکرێن و گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە.

یان ساڵانە بودجەیەک بە پێی توانای خۆی تەرخان بکات بۆ قەرزی بچووکی ئەو جووتیارانەی گەڕاونەتەوە گوندەکانیان بۆ پرۆژەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و ماسی و پەلەوەرو هەنگەوانی، یان بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم هەموو سەرمایەدارەی هەمانە گروپێک دروست ناکات بە ناوی کۆمەڵەی سەرمایەداری نیشتیمانی و پێشنیاری وەبەرهێنان و پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی گوندە چۆڵەکانیان بۆ بکات؟.



ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان واتە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە ئایندە، واتە پڕکردنەوەی زەوییە چۆڵەکان، بە پێچەوانەوە ئێمە ئەمڕۆ ئاستەنگمان بۆ ئەوە دروست کردووە، خێزانی کورد کە لە شاردا نیشتەجێ دەبێت قەبارەی بچووک دەبێتەوە، هاوسەرگیری زەحمەت دەبێت، هەلی کار کەم دەبێتەوە، فشار لەسەر خزمەتگوزارییەکان زۆر دەبێت، خۆمان بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی ئاستەنگمان دروست کردووە، بەو پارە و تێچووەی گەنجێکی کورد هاوسەرگیری دەکات، چوار گەنجی ئەوانی دیکە هاوسەرگیری دەکەن، قەبارەی خێزانی ئەوان گەورەیە چونکە سروشتی کۆمەڵگای لادێی وایە.

مەترسییەکی دیکەی گۆڕانی دیموگرافی، پەیوەندی بە یاسا و تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مافی هاوڵاتیبوونەوە هەیە، لە دوای ٢٠١٦ەوە ڕێگا بەوە دراوە برا عەرەبەکانمان لە هەولێر خانوو بکڕن، کە ئەمەش مافی خۆیانە بە پێی دەستوور لە هەر شوێنێکی عێراق هاووڵاتی عیراقی دەتوانێت موڵکی هەبێت، ئەمانە نە فێری کوردی دەبن و نە بە کوردی دەخوێنن و نە کەلتووری کوردەواری وەردەگرن، پێویستە حکومەتی هەرێم بۆ ئەمەش بەرنامەی هەبێت، لە ئایندەش هیچ لایەنێک ناتوانێت ئەمانە بنێرێتەوە بۆ شوێنی خۆیان، کەواتە بە هەمان شێوەی دەڵتاوە و شارەبان و کەرکووک شارەکانی دیکەش تەعریب دەبن، ئەمانە مافی خۆیانە پاش چەند ساڵێکی دیکە وەکو ئێستای کەرکووک خۆیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کاندید بکەن و بانگەشەی عەرەبیبوونی یان عیراقیبوونی شارەکە بکەن.

ڕاستە شار وەکو گوند نییە، بە تایبەتی پایتەخت دەبێت لە نەتەوە و زمان و ئایین و مەزهەب و نەژادی جۆراوجۆر پێک بێت، بۆیە جۆراوجۆرە، چونکە شارە، دەبێت ڕێز لەم فرەچەشنییە بگرین، بەڵام ئەمە بە مانای نەبوونی زەبتوڕەبت نییە، بە مانای فەرزنەکردنی زمانی کوردی نییە، من قوتابیی دکتۆرام هەبووە کە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆ و ماستەری لە هەرێمی کوردستان تەواو کردووە، بەڵام نەدەزانێ بە کوردی بخوێنێتەوە و، نە دەزانێ بە کوردی بنووسێت، بە دڵنیاییەوە لە هیچ وڵاتێکی دنیا ئەمە نییە، نەمانتوانیوە بایەخ بە زمان و کلتووری کوردی بدەین و هەر کەسێک لە کوردستان ژیا سۆزو خۆشەویستی بۆ زمان و ئەدەب و هونەرو گۆرانی و مۆسیقای کوردی هەبێت.



## ئەندازیار ڕێبوار تاڵەبانی

ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ماددەی ١٤٠:

# نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستاندا، وای کردووە لە ڕووی یاساییەوە نەتوانرێت مامەڵەیەکی دروست بۆ ڕاگرتنی گۆڕینی دیمۆگرافیا بکرێت

ئەندازیار ڕێبوار تاڵەبانی لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بووە و لە ساڵی ٢٠١٩ بە بڕیاری دادگای فیدراڵی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق هەڵوەشێندرایەوە، بەڵام لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە، هاتووەتە هەولێر و، دوای هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووەتە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووریی عێراق، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم گفتوگۆیە (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) پرێزنتەیشنێکی نایابی لەسەر مێژووی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان و بەردەوامیی ئەم گۆڕانکارییە هەتا ئێستا پێشکەش کرد، هەروەها پێشنیار و ڕاسپاردەکانی بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانکاریی دیمۆگرافیا بەم شێوە پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

پێش ئەوەی بێمە سەر باسکردنی گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك، دەمەوێت باسێکی کەرکووك بکەم لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پاشان دامەزراندنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، کە من سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە بووم، هەمووکات وەك ئەندازیارێك کارم کردووە نەك سیاسییەك، لەبەر ئەوەی خۆم ئەندازیارم، بۆیە میتۆدی کارکردنی من بریتی بووە لە (پلاندانان، جێبەجێکردن و بەدواداچوون)، لەم ڕوانگەیەوە وەك هاووڵاتییەکی ئاسایی کەرکووك، چی لە یادەوەرییەکانمدا هەیە دەیخەمەڕوو، ئەوجا سیاسییەکان چۆن شرۆڤەی دەکەن، ئەوا کەیفی خۆیانە.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك دامەزرا، زۆر جار نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، تەنانەت لە ساڵی ٢٠١١ جۆزیف بایدن کە ئەو کات جێگری سەرۆکی ئەمریکا بوو، سەردانی کەرکووکی کرد و لەگەڵ نوێنەرانی کورد و عەرەب و تورکمانی کەرکووك کۆبووەوە، لێی پرسین: ئێوە چیتان دەوێت؟ منیش پێم گوت: «کورد دەیەوێت کەرکووك کوردستانی بێت، تورکمان دەیەوێت هەرێمێکی سەربەخۆ بێت، عەرەبیش دەیەوێت کەرکووك سەر بە ناوەند بێت»، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم سێ داواکارییە هەبوو، بەڵام ئێمە وەك لایەنی کوردستانی نەمانتوانی مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعەدا بکەین، بە دیدی من پرسەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یان ئێمە پرسی کەرکووکمان بە هەڵە لە سەرکردایەتیی خۆمان گەیاندووە، یان بە پێچەوانەوە سەرکردایەتیی سیاسی لە ئێمە تێنگەیشتوون و هەر ئەوەیان جێبەجێ کردووە کە خۆیان بڕوایان پێی هەبووە، من لەسەر ئەم پرسە لە هەر دووکیان بە گومانم.

لێرەوە ئەگەر بێینەوە بۆ سەر پرسی گۆڕینی دیمۆگرافیا، وەك ئەوەی من لەسەر ئەم پرسە خوێندوومەتەوە، بریتییە لە سڕینەوەی مێژوو و ناسنامە و جوگرافیای میللەتێك و جێگیرکردنەوەی بە مێژوو و ناسنامە و جوگرافیای میللەتێکی دیکە بە هۆکاری جیاواز، وەکو ئابووری و کۆمەڵایەتی و شەڕ و گۆڕانی کەشوهەوا و.. هتد.

لەسەر ئەم پرسە نموونە زۆرن لە مێژووی گۆڕینی دیمۆگرافیی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتەکانی پێشوو و دروستکردنی نەخشەی ئەو ئیمپراتۆریەتانە لە دوای شەڕدا دروست بوون، بەپێی دەستبەسەرداگرتنی شوێنەکان، تا دەگاتە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی سەدەی بیست و دووبارە نەخشەکێشانی تازە بەپێی دەستکەوتی شەڕکەران و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی.

ئێمە لەم مێژووەدا تەنیا ئیمپراتۆریەتی میدیامان هەبووە، ئەویش ڕووخا و بەسەر ئیمپراتۆریەتەکانی دیکەدا دابەش کرا، تا ئێستاش خەو بەوەوە دەبینین کە جارێکی دیکە دەوڵەتی میدیا دروست ببێتەوە، بەڵام یەکێك لە مێژوونووسەکان ئاماژەی بەوە کردووە، ئەوەی بووە هۆکاری ئەوەی کورد وەك نەتەوە بمێنێتەوە، ئەوە بوو کە چیای هەبوو، کە گوشار دەکرایە سەریان ڕوویان لە چیاکان دەکرد و بەهۆی چیاکانەوە خۆیان دەپاراست، هەر بۆیە ئێستا سیاسییەکانی خۆمان دەڵێن «تەنیا چیاکان دۆستمانن».

کەواتە مەترسیی گۆڕینی دیمۆگرافیا بە مانای سڕینەوەی مێژوو و ناسنامە و جوگرافیای نەتەوەیەك، جێگرتنەوەی بە مێژوو و ناسنامە و جوگرافیای نەتەوەیەکی دیکە، هۆکاری زۆرە وەك (ئابووری، کۆمەڵایەتی، شەڕ، گۆڕینی کەشوهەوا) کە ئێستا خەریکە بە هۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە عێراقدا دیاردەی کۆچکردن دەست پێدەکات و مەزندەی ئەوە دەکەم کە بەشێکی زۆری ئەوانەی بە هۆی گۆڕینی کەشوهەواوە کۆچ دەکەن، ڕوو بکەنە هەرێمی کوردستان و شاڵاوێکی دیکەی گۆڕانکاریی دیمۆگرافیا دروست بکەن.

هەر لە دامەزراندنی عێراقەوە هەوڵی بەردەوام هەبووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە کە گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیا ناوچە کوردستانییەکانی خوار بەغدا، یان ئەوەی پێی دەگوترێ «ویلایەتی مووسڵ» بکەن، بەم جۆرە:

**یان ئێمە پرسی کەرکووکمان بە هەڵە لە سەرکردایەتیی خۆمان گەیاندووە، یان بە پێچەوانەوە سەرکردایەتیی سیاسی لە ئێمە تێنگەیشتوون و هەر ئەوەیان جێبەجێ کردووە کە خۆیان بڕوایان پێی هەبووە**

**ئێمە لەم مێژووەدا تەنیا ئیمپراتۆریەتی میدیامان هەبووە، ئەویش ڕووخا و بەسەر ئیمپراتۆریەتەکانی دیکەدا دابەش کرا**

**یەکێك لە مێژوونووسەکان ئاماژەی بەوە کردووە، ئەوەی بووە هۆکاری ئەوەی کورد وەك نەتەوە بمێنێتەوە، ئەوە بوو کە چیای هەبوو، کە گوشار دەکرایە سەریان ڕوویان لە چیاکان دەکرد و بەهۆی چیاکانەوە خۆیان دەپاراست**

**مەزندەی ئەوە دەکەم کە بەشێکی زۆری ئەوانەی بە هۆی گۆڕینی کەشوهەواوە کۆچ دەکەن، ڕوو بکەنە هەرێمی کوردستان و شاڵاوێکی دیکەی گۆڕانکاریی دیمۆگرافیا دروست بکەن**



- هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی مەلیك فەیسەڵی یەکەم بە سەر کوردستان و ئاگادارکردنەوەی لە لایەن (وینستۆن چەرچیڵ سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی بەریتانیا) کە ئەوکات ئینگلیز لە عێراقدا دەسەڵاتدار بوو، پێی ڕاگەیاندبوو، ئێمە تۆمان کردووە بە پادشای عێراق، کە تەنیا ویلایەتی (بەغدا و بەسرایە) نەك خۆت بکەیتە ئیمپراتۆر و ویلایەتی مووسڵیش بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە.

- هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی سیڤەر و جێگرتنەوەی بە ڕێککەوتننامەی لۆزان لە لایەن تورکیا، بەمەش ویلایەتی مووسڵ بووە بەشێك لە دەوڵەتی عێراق.

- دروستکردنی بەڕێوبەرایەتیی نیشتەجێکردنی (بدو)ی عەرەبی وڵاتانی دراوسێی عێراق، بۆ نیشتەجێکردنیان لە چۆڵەوانیی حەویجە لە شاری کەرکووك، بەم هەنگاوە حەویجە بووە شوێنی کۆکردنەوەی عەرەب لە کەرکووك.

- لە نێوان هۆزەکانی عەرەبی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووك شەڕ و کێشە هەبوو، چەند هۆزێکی عەرەب میوانداری کران و لە حەویجە نیشتەجێ کران.

- دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە دژی حکومەتەکانی عێراق لە پێناو ڕاگرتنی گۆڕانی دیمۆگرافی لە سنووری کوردستان.

- هەنگاوەکانی ڕژێمی بەعس بە دابڕاندنی چەند یەکەیەکی ئیداریی سەر بە پارێزگای کەرکووك وەکو (چەمچەماڵ، دوزخورماتوو، قادرکەرەم، کفری، کەلار)، هەروەها لکاندنی



یەکەی ئیداریی زابی عەرەبی لە پارێزگای مووسڵ بە پارێزگای کەرکووکەوە.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر ئەو قۆناغە تازەیەی گۆڕینی دیمۆگرافیا کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا دەگرێتەوە، ئەم فاکتەرانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا:

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کێشەیەکی مەزهەبیی توند لە نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە سەری هەڵدا، کە سەری کێشا بۆ شەڕی ناوخۆ، بەمەش ژمارەیەکی زۆری عەرەبی سوننەی بەغدا و پارێزگا سوننەکان ئاوارە بوون و ڕوویان کردە کەرکووك و هەرێمی کوردستان، بەمەش لە یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی عەرەبی شیعەدا هەوڵیان دا بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژن، یەکەمیان ئەوە بوو بەغدا بکەنە پایتەختێکی شیعە و سوننەی تیدا نەهێڵن، دووەمیشیان هەوڵێك بوو بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان.

لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، من لە بەردەم سەرۆك وەزیران بە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەم گوت: بۆ ئاوارەکانتان ناگێڕنەوە بۆ شوێنی خۆیان؟ چی دەکەن لە کەرکووك؟ وتیان: ئەوانە تیرۆریستن. منیش گوتم: کە تیرۆریستن با بە یاسای تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و هەموویان لە سێدارە بدەین، ئەمەش مانای ئەوەیە حوکمڕانیی شیعە ئامانجیان ئەوە بوو سوننە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و کوردستان تەعریب بکەن.





**هەر لە دامەزراندنی عێراقەوە هەوڵی بەردەوام هەبووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە کە گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیا ناوچە کوردستانییەکانی خوار بەغدا، یان ئەوەی پێی دەگوترێ «ویلایەتی مووسڵ» بکەن**

**لە یەکەم ئەزموونی حوکمڕانیی عەرەبی شیعەدا هەوڵیان دا بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژن، یەکەمیان ئەوە بوو بەغدا بکەنە پایتەختێکی شیعە و سوننەی تیدا نەهێڵن، دووەمیشیان هەوڵێک بوو بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان**

**بەشێک لە عەرەبەکان لە ناوچە گەشتیارەییەکان خانوو و یەکەی نیشتەجێشیان کڕیوە، هەر بۆیە کە ئێستا سەردانی ئەو ناوچە گەشتیارییانە دەکەین، دەبینین زمانی سەرەکی بووەتە عەرەبی و کوردی زمانی دووەمە**

- لەبەر ئەوەی لە کەرکووك و هەرێمی کوردستان ئاسایش و سەقامگیری بەرقەرار بوو، پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردن لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکاندا هەبوو، عەرەبی عێراقی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار ڕوویان دەکردە کەرکووك و هەرێمی کوردستان.

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و تەرخانکردنی پشکی ١٧٪ی بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و بوونی بودجەی وەبەرهێنان بۆ پارێزگای کەرکووك، پرۆسەیەکی فروانی پەرەپێدان و بونیادنانەوە دەستی پێ کرد و هەلێکی زۆری وەبەرهێنان دروست بوو، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرانی عەرەبی عێراق بێنە کوردستان و وەبەرهێنانێکی زۆر بکەن.

- ژینگەی هەرێمی کوردستان کە ژینگەیەکی گەشتوگوزاریی هەیە، بووە هۆکاری ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری عەرەب سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان بکەن، بەشێك لە عەرەبەکان لە ناوچە گەشتیارەییەکان خانوو و یەکەی نیشتەجێشیان کڕیوە، هەر بۆیە کە ئێستا سەردانی ئەو ناوچە گەشتیارییانە دەکەین، دەبینین زمانی سەرەکی بووەتە عەرەبی و کوردی زمانی دووەمە.

- تۆمارکردنی خانووبەرە و یەکەکانی نیشتەجێ، کە زۆر بە خراپی سوود لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە وەرگیراوە، ئەم یاسایە ڕێگەی داوە لە هەرێمی کوردستان بە ناوی عەرەبەوە موڵکێکی زۆر لە کوردستان بکڕن، هەروەها دەستووری عێراقیش ڕێگەی داوە کە موڵکێکی زۆر بکڕن بە ناوی عەرەبەوە لە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەش.

- کەمتەرخەمی و بێباکیی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراق بۆ زەمینەسازی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانیان لە کەرکووك و هەرێمی کوردستان، لەمەش زیاتر ڕێوشوێنی گەڕانەوەیان بە شێوەك سەخت و قورس دەکەن، کە ئەوانەشی حەز دەکەن بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە، نەتوانن بگەڕێنەوە.

- خاڵێکی دیکە نەبوونی دەستوورە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم حاڵەتە وای کردووە کە لە ڕووی یاساییەوە نەتوانرێت مامەڵەیەکی دروست بۆ ڕاگرتنی گۆڕینی دیمۆگرافیا بکرێت.

- نەبوونی پلانی ستراتیژی لای حزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ڕاگرتنی گۆڕینی دیمۆگرافیا بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی، نەبوونی هاندانی ئابووری و دارایی بۆ گەڕانەوەی خەڵك بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕێندراوەکان.

ئەو مادده دەستوورییانەی ناو دەستووری عێراق کە سوودیان لێ وەرگرتووە بۆ گۆڕینی ئەم دیمۆگرافیایە لە کەرکووك و هەرێمی کوردستان، ئەمانەن:

١- ماددەی ١٨ بڕگەی پێنجەم «ڕەگەزنامەی عێراقی نادرێت بە مەبەستی سیاسەتی نیشتەجێکردن کە ببێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی دانیشتووانی عێراق»، ئێمە ئەگەر دەستووری خۆمانمان هەبووایە دەمانتوانی ماددەیەکی لەم شێوەیە دابنین و سوودی لێ وەربگرین.

٢- ماددەی ٢٢ بڕگەی یەکەم «کارکردن مافی هەموو عێراقییەکانە بە جۆرێك کە ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ مسۆگەر بکات»، ئەم ماددەیەش ڕێگە بە هەموو عەرەبێك دەدات کە لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان کار بکات.

٣- ماددەی ٢٣ بڕگەی سێیەم «عێراقی مافی خاوەندارێتی هەیە لە هەموو شوێنێك لە عێراقدا و نابێت کەسی دیکە ببێتە خاوەنی ماڵی نەگوێزراوە، مەگەر کەسێك بە یاسا ئەو مافەی بدرێتێ».

٤- ماددەی ٢٤ «دەوڵەت ئازادیی گواستنەوە بۆ کرێکار و شمەك و سەرمایەداران دەستەبەر دەکات لە نێوان هەرێم و پارێزگاکاندا، ئەمەش بە یاسا ڕیك دەخرێت».

٥- ماددەی ٢٦ «دەوڵەت هاندانی وەبەرهێنان لە ئەستۆ دەگرێت لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەمەش بە پێی یاسا ڕێك دەخرێت»

٦- ماددەی ٣٣ یەکەم: «هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە لە بارودۆخێکی ژینگەیی پاکدا بژی، دووەم: دەوڵەت پاراستنی ژینگە و هەمەجۆریی زیندەوەران لە ئەستۆ دەگرێت».

٧- ماددەی ٣٥ «دەوڵەت سەرپەرشتیی چالاکی و دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان دەکات، بە شێوەیەك کە لەگەڵ مێژووی شارستانی و ڕۆشنبیریی عێراقدا بگونجێت، هەروەها

سوور دەبێت لەسەر پشتبەستن بە بیروبۆچوونی ڕووناکبیرییانەی ڕەسەنی عێراقی»، ئەگەر سەرنج لەم خاڵە بدەین، ئەوا ئێمەش ئەگەر دەستوورمان هەبوایە، دەمانتوانی لە ناو دەستوورەکەدا ماددەیەکی وا دابنێین کە ڕێگە نەدەین پارێزگاری لە مێژووی شارستانی و کەلتووریی خۆمان بکەین.

٨- ماددەی ٤٤ یەکەم: هەموو عێراقییەك مافی ئازادیی هاتوچۆ و گەشتکردن و نیشتەجێبوونی هەیە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، دووەم: دەرکردن و دوورخستنەوەی عێراقی و بێبەشکردنی لە گەڕانەوە بۆ وڵات قەدەغەیە.

٩- ماددەی ٤٦ جێبەجێکردنی هەریەکێك لەو ماف و ئازادییانەی لەم دەستوورەدا هاتووە، نابێت سنووردار بکرێت، یان دیاری بکرێت، تەنیا بە یاسا یان بە پشتبەستن بە یاسا نەبێت، بە مەرجێك ئەو سنووردارکردن و دیاریکردنە ناوەڕۆکی ماف و ئازادییەکان نەشێوێنێت».

کەواتە ئەم ماددە دەستوورییانە بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان زۆر خراپ سوودی لێ وەرگیراوە و ئەم دەرهاویشتە نەرێنییانەی لە کەرکووك و هەرێمی کوردستان دروست کردووە:

- زیادبوونی ڕێژەی عەرەب لە کەرکووك و هەرێمی کوردستان بە هۆی ئاوارەبوون و زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوونی منداڵی عەرەب بەراورد بە ڕێژەی لەدایکبوونی منداڵی کورد.
- زاڵبوونی زمانی عەرەبی بۆ جارێکی دیکە لە سەرجەم بوارەکانی پێکەوە ژیانی ناو پارێزگای کەرکووك و لە هەرێمی کوردستان.
- زاڵبوونی زمانی عەرەبی بۆ جارێکی دیکە لە سەرجەم بوارەکانی پێکەوەژیانی ناو پارێزگای کەرکووك و هەرێمی کوردستان.
- زاڵبوونی زمانی گەشتیاریی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا.
- زیادبوونی ڕێژەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و وەبەرهێنان بۆ نەتەوەی عەرەب.
- فراوانبوونی خوێندن بە زمانی عەرەبی لە بری زمانی کوردی، بە هۆی نەبوونی دەستوور و یاسایەکی تایبەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لە دوماهی قسەکانمدا ئەگەر دەرفەتم هەبێت، هەوڵ دەدەم چەند خاڵێك ئاماژە پێ بکەم، لەوانە: چۆن هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ گۆڕینی دیموگرافیا و مەترسییەکانی دابنێین؟

١- فشارخستنەسەر حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە پەلەکردن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، ئەگەر فشار نەکەین، وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەوان کەمتەرخەمی دەکەن و نایانەوێت ئاوارەکان بگەڕێنەوە.

٢- پێدانی هەلی کار بە پلەبەندی بە هاونیشتمانییانی کوردستان.

٣- تۆمارکردنی پرۆژەی وەبەرهێنان وەك ئیماراتی لێ بکرێت، دەبێت هەموو وەبەرهێنێکی بیانی یان عەرەب، وەبەرهێنەرێکی کورد هاوبەشی بێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی وەبەرهێنەرە کوردەکە سەرەکی بێت.

٤- فراوانکردنی پانتایی بەشداریی وەبەرهێنان لە کوردستان، لەبەر ئەوەی وەبەرهێنانی بیانییش لە کوردستان هەیە، بۆیە دەبێت هاوسەنگییەك دروست بکەین و پشکی سەرەکی لای وەبەرهێنەرانی کورد بن.

٥- ڕیزبەندیی پێدانی وەبەرهێنان و هەلی کاری گەشتوگوزار بە هاونیشتمانیان پێش نەتەوەکانی دیکە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی کە هەلی کار و وەبەرهێنان بە پلەی یەکەم هاونیشتمانیانی خۆمان لێی سوودمەند بن و ژێرخانی ئابووریی خۆمان پتەو بکەین.

٦- ڕاگرتنی کۆچکردنی گەنجان لە کوردستان، ئەمە بە دۆزینەوەی هەلی کاری شایستە بۆ گەنجەکانی خۆمان و هاندانیان بۆ ئەوەی نیشتمانی خۆیان بەجێ نەهێڵن.

٧- هاندانی زیاتر بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری و زیادبوونی منداڵبوون، ئەمەش پێویستی بە پرۆژەیەکە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێ بکات، لە ئێستادا قورسی و گرانیی پرۆسەی هاوسەرگیری و نەبوونی یەکەی نیشتەجێ بۆ گەنجان، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی پرۆسەی پێکهێنانی خێزان کەم ببێتەوە، ئەمەش زۆر کاریگەرە لەسەر کەمبوونەوەی دیموگرافیای ئێمە لە بەرانبەر عەرەبدا، کە ئەوان بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لە کورد زیاد دەکەن.

**خاڵێکی دیکە نەبوونی دەستوورە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم حاڵەتە وای کردووە کە لە ڕووی یاساییەوە نەتوانرێت مامەڵەیەکی دروست بۆ ڕاگرتنی گۆڕینی دیموگرافیا بکرێت**

**دەبێت هەموو وەبەرهێنێکی بیانی یان عەرەب، وەبەرهێنەرێکی کورد هاوبەشی بێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی وەبەرهێنەرە کوردەکە سەرەکی بێت**

**لە ئێستادا قورسی و گرانیی پرۆسەی هاوسەرگیری و نەبوونی یەکەی نیشتەجێ بۆ گەنجان، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی پرۆسەی پێکهێنانی خێزان کەم ببێتەوە**





## عارف تەیفور سەردار

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# لە سەردەمی بەعسییەکاندا و بە تایبەتیش دوای ساڵی ١٩٧٥ پرۆسەی تەعریبی کەرکووک چووە قۆناخێکی ترسناک و بە بەرنامە و یاسا جێبەجێیان دەکرد

عارف تەیفور سەردار ماوەی ٧٠ساڵە لە ناو ئازارەکانی کەرکووکدا دەژی و هەر لەوێش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە و، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کارگێڕی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان (لقی کەرکووك) بووە، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولیش لە ساڵی ١٩٧٥ یەکێك بووە لەو لاوانەی کە کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان و، پاشانیش دامەزراندنی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی ئەو سەرکردایەتییە بووە، ماوەی چەند ساڵێك ئاوارەی هەندەران بووە و لە وڵاتی نەمسا بووە، پاش ڕاپەرین گەڕاوەتەوە و بۆ کوردستان و دەستی کردووەتەوە بە کاری سیاسی، لە ساڵی ١٩٩٤ دەستنیشان دەکرێت بۆ بەرپرسی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجە و، لە ساڵی ١٩٩٧ هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەندامی دەستەی کارگێڕیی پارتی و، پاشان بۆ بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩ نوێنەری کەرکووك و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بووە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو.

پرسی گۆڕینی دیمۆگرافیا پێش ئەوەی پرسی گۆڕینی دانیشتوانی ناوچەیەك بێت، گۆڕینی جوگرافیایە بۆ مەبەستی سیاسیی، ئەمەش واتە دەیانەوێت جوگرافیای کوردستان بچووك بکەنەوە، بە ئامانجی ئەوەی شوێنێك نەمێنێت ناوی کوردستان بێت، بە درێژایی مێژووش ئەم هەوڵەیان بەردەوام بووە و هەوڵیان داوە ناوچە کوردستانییەکانی تەعریب بکەن و بیسڕنەوە، ئەولیا چەلەبی کە نووسەرێکی تورکە دەڵێت: «سنووری کوردستان لە عێراقدا تکریتە»، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو دیووی چیاکانی حەمرینیش دەگرێتەوە، بەڵام ئێستا عەرەب هەڵکشاوە بەرەو کەرکووك و ناوچە دابڕێندراوەکانی دیکە.

من وەك خۆم لە ساڵی ١٩٥٣ و لە کەرکووك بووم، ئەوکات کە من قوتابیی قۆناخی سەرەتایی بووم، عەرەب لە ناو شاری کەرکووك نەبوو، چەند ماڵێکی عەرەب لە دەوروبەری کەرکووك هەبوون گامێشیان بەخێو دەکرد، چەند کاسبکارێك هەبوون عەرەبانچی بوون، ئەوەی پێی دەگوترێت (عەرەبانەی پایلی)، هەروەها چەند مامۆستایەکی عەرەبیش هەبوون کە لە قوتابخانەکان وانەیان دەگوتەوە، لەمە زیاتر عەرەب لە ناو شاری کەرکووك نەبوو.

کۆمەڵێك هۆزی عەرەب سەدەی ڕابردوو و لە سەردەمی پادشایەتیی عێراق هێنرابوونە ناوچەی حەویجە، کە لەبەر دوو هۆکار بوو:

یەکەم- لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو شەڕوشۆڕ لە نێوان هۆزە عارەبەکاندا ڕووی داوە و پاش ئەوەی کوشتارێکی باش لە یەکتری دەکەن، بەشێکیان ڕوو دەکەنە حەویجە و، عەشائیری کوردیش پێشوازییان لێ دەکەن، کە بە میوانی لە حەویجە بمێننەوە و مەڕوماڵەتەکانیان بلەوەڕێنن و بەخێویان بکەن، ئەوجا دوای ساڵی ٢٠٠٥، ڕۆژێکیان لە دانیشتنێکدا کە خوالێخۆشبوو جەنابی مام جەلالیش دانیشتبوو، نزار خەزیرانیش کە سەر بە هۆزی (ئەلعزیە) لە دیالە، لەو دانیشتنەدا باس لەوە کرا کە هۆزە عەرەبەکانی حەویجە ڕەفتاریان لەگەڵ کورد خراپە و، ئێمە میوانداریمان کرد، بەڵام ئەوان کارێك ناکەن ڕێز لە خۆیان بگرن هەتا ئێمەش ڕێزیان بگرین، لە بەرامبەردا نەزار خەزیزەران پێی گوتین: «وەرن ئێمە وەك عەشیرەتی ئەلعزە بکوژن ڕزگارتان دەبێت لە دەستیان، لەبەر ئەوەی هۆزی ئێمە (ئەلعزە) و هۆزی ئالعوبێد کەوتینە شەڕەوە، زۆرمان لەیەك کوشت، پاشان ئەوان شکان و ڕاوماننان، هانایان بۆ هۆزە کوردەکانی کەرکووك هێنا و ئێوە پێشوازیتان لێکردن».

دووەم: لەو سەردەمەدا کە سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆی عێراق بوو، حکومەتی پادشایەتیی ئەو کاتی عێراق، ویستی پرۆژەیەکی ئاو لە حەویجە جێبەجێ بکات، سەعید قەزاز زۆر هەوڵی دا کە هۆزە کوردەکانی کەرکووك بچن لە حەویجە نیشتەجێ ببن، بەڵام کەس ئامادە نەبوو ماڵ و حاڵی خۆی بەجێ بهێڵێت و بچێت بۆ حەویجە، دەیانگووت ئەو ناوچەیە مێشوولەی زۆرە و نەخۆشی بڵاو دەکاتەوە، بۆیە کەس ئامادەباشیی تێدا نەبوو، ئەوجا بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکات، سەعید قەزاز داوای لە مامم (شێخ کاکە ڕەزای حاجی شێخ عارفی سەرگەڵو) کرد، کە لەگەڵ خزمانی جاف لە (یاخیان و گۆمەزەل) لەو ناوچە شاخە بێ ئاوەدا بێنە خوارێ و بچن لە حەویجە نیشتەجێ ببن، کە پرۆژەیەکی گەورەی ئاوی لێ جێبەجێ کراوە، بەڵام بە قسەیان نەکرد و کەس نەچوو، لە بنەڕەتیشدا ناوچەی حەویجە شوێنی لەوەڕگەی دوو هۆزی کورد بوو بەناوی هۆزەکانی (عوزەیری و داوده) ئەم دوو هۆزە بە هاوینان دەهاتنە حەویجە و بە زستان دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان کرد، داوای لەم دوو هۆزەش کرد کە بە هەمیشەیی لە حەویجە نیشتەجێ ببن، بەڵام ئەوانیش ئامادە نەبوون و بەم جۆرە حەویجە تەعریب کرا، هەر بۆیە دوای تەواوبوونی پرۆژەی ئاوەکە، چەند هۆزێکی دیکەی عەرەبیش وەك هۆزی (جبور) کە دوایی لەگەڵ هۆزی شەممەر تێك چوون، هاتن لە حەویجە نیشتەجێ بوون، پاشانیش حەویجە خۆی قەزا بوو، دوای ئەوەش کە ئاوەدان بووەوە، یەکە ئیدارییەکانی گەورە بوو و فەرمانبەری زۆریان بۆ دامەزراند، تەنانەت بارەگای فیرقەیەکی سەربازییشی لێ دامەزرا.

لە سەردەمی بەعسییەکاندا و بە تایبەتیش دوای ساڵی ١٩٧٥ پرۆسەی تەعریبی کەرکووك چووە قۆناخێکی ترسناك و بە بەرنامە و یاسا جێبەجێیان دەکرد، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٧ هەر چوار قەزای (کفری، توزخورماتوو،

**حکومەتی پادشایەتیی ئەو کاتی عێراق، ویستی پرۆژەیەکی ئاو لە حەویجە جێبەجێ بکات، سەعید قەزاز زۆر هەوڵی دا کە هۆزە کوردەکانی کەرکووك بچن لە حەویجە نیشتەجێ ببن، بەڵام کەس ئامادە نەبوو ماڵ و حاڵی خۆی بەجێ بهێڵێت و بچێت بۆ حەویجە، دەیانگووت ئەو ناوچەیە مێشوولەی زۆرە و نەخۆشی بڵاو دەکاتەوە**

**لە بنەڕەتیشدا ناوچەی حەویجە شوێنی لەوەڕگەی دوو هۆزی کورد بوو بەناوی هۆزەکانی (عوزەیری و داوده) ئەم دوو هۆزە بە هاوینان دەهاتنە حەویجە و بە زستان دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان کرد**



**ئەولیا چەلەبی کە نووسەرێکی تورکە دەڵێت: «سنووری کوردستان لە عێراقدا تکریتە»، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو دیووی چیاکانی حەمرینیش دەگرێتەوە، بەڵام ئێستا عەرەب هەڵکشاوە بەرەو کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دیکە**

کەلار، چەمچەماڵ) یان لە کەرکووک دابڕاند و خرانە سەر پارێزگاکانی (سلێمانی، سەڵاحەدین، دیالە)،ئەم بەرنامەیەی بەعس بۆ تەعریبکردنی کەرکووک هەتا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو.

لە ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، شاری کەرکووکیش لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان ئازاد کرا، بەڵام پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس دووبارە هێرشی کردەوە سەر کوردستان و کۆڕەوە مێژووییەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕووی دا، کەرکووکیش وەك شارەکانی دیکەی کوردستان گیرایەوە و، پاش ئەوەش بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو، بۆ ئەوەی لە سەرووی هێڵی ٣٦ـەوە ببێتە ناوچەی دژە فڕین و ناوچەی ئارام، بەڵام کەرکووکی نەگرتەوە و هەر لەژێر دەستی ڕژێمی بەعسدا مایەوە.

لە هەرێمی کوردستان دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە داخەوە دوای ماوەیەکی کورت شەڕی شوومی ناوخۆ هەڵگیرسا، ئیدی بارودۆخەکە هێندە ئاڵۆز بوو، کە نەدەپەرژاینە سەر ئەوەی بیر لە کەکورك بکەینەوە، هەتا ساڵی ٢٠٠٠ کە پارتی و یەکێتی توانییان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی واشنتۆن بگەنە چوارچێوەیەك، بۆ پێکەوە کارکردن لە هەندێك بواردا.

**لە ساڵی ١٩٥٣ وە لە کەرکووک بووم، ئەوکات کە من قوتابیی قۆناخی سەرەتایی بووم، عەرەب لە ناو شاری کەرکووک نەبوو، چەند ماڵێکی عەرەب لە دەوروبەری کەرکووک هەبوون گامێشیان بەخێو دەکرد**

لەو ماوەیەدا کە من بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، ئاستی تەعریبکردنی ناوچەکانی لای کەرکووك و خانەقین و مەخموور و موسڵ زۆر هەڵکشابوو، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆی سەڵاحەدین بکەین و لیژنەیەك پێك بهێنین بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەعریب، کە ئەو لیژنەیە لە ١٧ مامۆستای زانکۆ پێك هاتبوو، لە یەکەمین کۆبوونەوەماندا لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠١ بڕیارمان دا کۆنفرانسێکی گەورە و فراوان لەسەر پرسی تەعریب گرێ بدەین و، ئامادەکارییەکان بۆ گرێدانی ئەم کۆنفراسە دەستی پێکرد و ٣٥٠ توێژینەوە پێشکەشی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنفراسەکە کرابوون، کە لیژنەکە ٢٤ توێژینەوەی هەڵبژاردبوو لە ماوەی سێ ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا بخوێنرینەوە و گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، ئەوە بوو ئەو کۆنفرانسە فراوانە لە هەولێر بەڕێوە چوو، پاشان ئەو توێژینەوانە لە دوو کتێبدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپکران و بڵاو کرانەوە، هەروەها لەو کۆنفرانسەدا بڕیارمان دا ئەتڵەسێك بۆ کەرکووك بە هەر سێ زمانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) بۆ دیاریکردنی سنووری تەواوی پارێزگای کەرکووك ئامادە بکرێت، ئەو ئەتڵەسە ئامادە کراو بە هەرسێ زمانەکە چاپ کرا و بڵاومان کردەوە.

هەر لەم کۆنفرانسەدا بڕیاردرا لیستێك ئامادە بکرێت و دابەش بکرێت بەسەر ئەو خەڵکانەی بە هۆی سیاسەتی تەعریبەوە لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەندراون و، دەست بەسەر موڵك و زەوییەکانیاندا گیراوە، بۆ ئەوەی ئاماری ئەو خەڵکانەمان لە بەردەستدا بێت کە بەر شاڵاوی تەعریب کەوتوون، پاشان ئەمانە بکەینە بەڵگە و بیدەینە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، بەڵام ئەوە بوو تا ئەو کارانەمان تەواو کرد، پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دەستی پێکرد و ڕژێمی بەعس ڕووخا، بارودۆخێکی تازە بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕیندراوەکانی دیکەش هاتە ئاراوە.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ئەوەی حکومەتێکی کاتی دامەزرا و یاسای ئیدارەی دەوڵەت دەرچوو، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ماددەی ٥٨ی لەو یاسایەدا چەسپاند، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ماددەیە کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ماوەی ئەو ساڵەی حکومەتی کاتیدا، هەم هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان سەرقاڵی نووسینەوەی دەستوور بوون، هەمیش بارودۆخی عێراق شڵەژا بوو، چالاکیی تیرۆریستان دەستی پێکرد بوو، بۆیە ئامانجی سەرەکی بووە ئەوەی کە هەر چۆنێك بێت دەستوور پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی عێراق لەو بارودۆخە شڵەژاوییە ڕزگاری ببێت و سەقامگیریی بۆ بگەڕێتەوە، لە دەستوورەکەشدا سەکردایەتیی سیاسیی کوردستان ماددەی ١٤٠ی دیاری کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە، بەڵام بارودۆخی شڵەژاوی عێراق زۆر زیاتر تێك چوو

و گەیشتە ئەوەی لە زۆر شوێن بووە شەڕی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، لەم بارودۆخەشدا نەتوانرا لەو کاتەی کە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دانرابوو، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرێت.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ کە من نوێنەری کەرکوک و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بووم، ئەوکات فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانیمان هەبوو، کە بەڕێز فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنەکە بوو، لەو ماوەیەدا ئێمە ڕێگەمان نەداوە هیچ بڕیارێك لە پەرلەمانی عێراق دەربچێت و تێپەڕێت، کە لە دژی بەرژەوەندیی کورد بێت لە کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکە، بەڕێز خالید شوانی سەرۆکی لێژنەی یاسایی بوو لە پەرلەمانی عێراق، لە نێوان من و ئەودا هاوکاری و هەماهەنگییەکی گەورە هەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارەکانی (مەجلیسی قیادەی سەورە و لیژنەی شئونی شیمال) ئەو هەموو ئەو بڕیارانەی لە لێژنەی یاسایی دەدۆزییەوە دەیهێنا بۆ ئەوەی من بیخەمە بەرنامەی کاری پەرلەمان و لە ناو پەرلەمان بە دەنگدان هەڵیان بوەشێنینەوە.

لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا لە بڕگەی یاسایەکدا سەبارەت بە تەعریب و گەڕاندنەوەی زەوییەکان بۆ خاوەنەکانیان، پەلەمانتارانی عەرەبی شیعە و سوننە و تورکمان بوونە بەرەیەك لە دژی فراکسیۆنی کوردستانی و توانییان لە بڕگەی (ئەو زەویانەی ئێستا ئەو جوتیارە عەرەبەی لەسەرە هەر لەسەری بمێنێتەوە هەتا بڕیارێکی دیکە لەبارەی ئەو زەویانەوە دەدرێت) بڕیاردرا بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام من هۆڵەکەم بەجێهێشت و خالید عەتییەش کە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان بوو لەگەڵم هات و چووین بۆ هۆڵی فراکسیۆنی کوردستانی، بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین و بزانین چی بکەین و چی نەکەین، لەوێ بەڕێز فوئاد مەعسوم وەك سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی داوای لێکردم وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە لە ڕووی یاساییەوە ناکرێت تۆ بایکۆتی دانیشتنەکە بکەیت، بۆیە داوای لە هەردووکمان (من و خالید عەتییە) کرد بگەڕێینەوە، کە گەڕاینەوە زۆر شۆڤێنییانە دەنگیان بە یاساکە دا و تێیان پەڕاند، بەڵام دواتر مام جەلال وەك سەرۆك کۆمار دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار هێنا و یاساکەی ئیمزا نەکرد و گێڕایەوە بۆ پەرلەمان و جارێکی دیکە وەك ئەوەی لە بەرژەوەندیی کورد بوو هەموارمان کردەوە.

خاڵێك کە دەکرێت بڵێم کەمتەرخەمیمان تێدا کردبێت مەسەلەی گێڕانەوەی سنووری کارگێڕی پارێزگای کەرکوکە، واتە پێش دابڕاندنی ئەو چوار قەزایەی پێشتر لێی دابڕێندرابوو، دیاریکردنی ئەم سنوورەش لە دەسەڵاتی سەرۆك کۆماردا بوو، زوو داوامان لە خوالێخۆشبوو مام جەلال کرد، ئەو دیاریکردنەمان بۆ ڕەوانە بکات بۆ پەرلەمان، بەڵام نازانم هۆکارەکەی چی بوو ناردنی ئەو دیاریکردنە دواکەوت، کاتێك ناردی لە ساڵی ٢٠١٢ بە ڕاستی ژینگەی پەرلەمان گەیشتبووە ئەو ئاستەی هەر پەرلەمانتارێك دژایەتیی هەرێمی کوردستان بکات، ئەو لە پێش هەمووانەوە دەبێت، ئەمەش وەك پەرلەمانتارانی عەرەبی شیعە و سوننە و تورکمان، بۆیە بەنیازبووین ئەم دیاریکردنی سنوورە بخەینە بەرنامەی کارەوە، بەڵام ئوسامە نوجێفی ئەوکات کە سەرۆکی پەرلەمان بوو، هاتە ژوورەکەم و پێی گووتم: «ئەگەر لە ئێستادا ئەم دیاریکردنی سنوورە بخەینە بەرنامەی کارەوە، ئەوا لە ناو پەرلەماندا دەتەقێتەوە و دەبێتە هوتافکێشان و بارودۆخەکە لەبار نییە، بەڵێن بێت لە کاتێکی گونجاودا خۆم بیخەمە ناو بەرنامەی کارەوە»، بێگومان لە هەقیقەتیشدا قسەکانی ڕاست بوو، بۆیە ڕازی بووم دوای بخەین.

قسەی کۆتاییم ئەوەیە، چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك و ناوچە دابڕێندراوەکان پێویستی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەتایبەتی هەیە، هەتا ئەم دوولایەنە سەرەکییە کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕێندراوەکان نەخەنە سەرووی بەرژەوەندییە حزبییەکانیانەوە، ئەوا ئەم کێشە چارەسەر نابێت، بەداخەوە لە ئێستاشدا ئەم نییەتە لە هیچ لایەك نابینم.

**لە زۆر شوێن بووە شەڕی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، لەم بارودۆخەشدا نەتوانرا لەو کاتەی کە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دانرابوو، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرێت**

**چارەسەرکردنی پرسی کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکان پێویستی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەتایبەتی هەیە**



**پ.د.کەیوان ئازاد**

**پسپۆڕی مێژوو و مامۆستای زانکۆی سلێمانی:**

# لە ماوەی ٢٠ ساڵی (١٩٥٧-١٩٧٧) ڕێژەی کورد لە کەرکووک ١١٪ دابەزیوە، لە بەرانبەردا ڕێژەی عەرەب ١٥٪ بەرز بووەتەوە

**پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، پسپۆڕی مێژووە و مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و لە هەمان کاتدا قەڵەمێکی دیارە و خەمخۆری پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانە کە بەشداریی لە سەدان کۆڕ و کۆڕبەندە فیکری و ئەکادیمییەکاندا لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان کردووە و، قسەی جدی و هەڵوێستی تایبەتی خۆی لەسەر هەموو پرسەکان خستووەتە ڕوو، لەم گفتوگۆیەدا (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) جیا لە باسکردنی ڕەهەندە مێژووییەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیا و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە نەوەکانی داهاتوومان، چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەی پێشکەش کردین و بەم جۆرە دیدوبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

پرسی (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) پرسێکە پەیوەندی بە مێژووەوە هەیە، تەنانەت پەیوەندی بە ئێستای خۆمانەوە هەیە کە تێیدا دەژین و باجەکەشی دەدەین و ئەم باجەش بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی پلانمان بۆ ڕاوەستانی نەبێت، خەمێکیشە بۆ نەوەکانی ئایندەمان بە جێ دەمێنێت، کاتێك نازانین ئەم پرسە بەرەو کوێیان دەبات.

دیارە ئێمە کاتێك مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەخوێنینەوە، ڕەخنەکانمان ئاراستەی سەرۆك و سەرکردەکانی پێشوومان دەکەین، کە بۆچی ئێمەیان بە بێ دەوڵەت و لەدەستدانی هەزاران دۆنم زەوی گەیاندە ئێستا؟ وەك ئەوەی گلەیی لە شیخ مەحموودی نەمر دەکەین کە لەگەڵ ئینگلیز ڕێك نەکەوت، تا مەملەکەتی باشووری کوردستانی کردە قوربانیی هەڵەی سیاسی و ناکۆکیی سەردەمەکەی! دیارە ئەوسا ڕووداوەکان بو ئاراستەی دامەزراندن و بەردەوامیی دەوڵەتی کوردستان هەنگاوی نەنا و ئێستای هێنایە بوون!

هەر بۆیە ئەم گلەییەی خۆمان لەم سەردەمە دەبێت ببێتە پەند و ئەزموون، تا سبەی

نەوەکانی ئایندەمان گلەیی لە ئێمە نەکەن و ڕەخنەی توندمان لێ نەگرن و پێمان نەڵێن ئێوە ئەی (سیاسەتمەداران، مامۆستایانی زانکۆ، نوێنەرانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بۆ کەمتەرخەم بوون و نەتانتوانی ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، کە ڕووبەڕووتان بوویەوە؟ ڕەخنەکەشیان دروست دەکەوێتەوە، بەوەی ئەگەر هەموومان بە دڵسۆزی کارمان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکردایە، قسەی ئەوانمان نەدەهێنایە سەرخۆمان، هەر بۆیە ئەگەر هەموومان شانی نەدەینە بەر و پلان و بەرنامەیەکی گونجاو بۆ ئێستا و داهاتوومان دانەنین و هاوکاریی سەرکردایەتیی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەین، تا چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە بدۆزنەوە، ئەوا دڵنیا بن سبەی نەوەکانمان لێمان نابوورن و بە توندی دژمان دەوەستنەوە.

لێرەدا ئەگەر باسی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکەین، پرسیار ئەوەیە ئایا بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، کۆی گرفت و دەرهاویشتەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە چارەسەر دەکرێن و بارودۆخەکە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێت بڵێین: نەخێر. تەنانەت خودی خۆشم قەناعەتی تەواوم پێیەتی، کە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، کێشە و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەو گۆڕانکارییە چارەسەر ناکات، کە کەڵەکەبووی سەدساڵی ڕابردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی، بۆ سەد ساڵ زیاترە بە بەرنامە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە (٢٣ی ئابی١٩٢١ز) و هەتا ئێستا کار بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانی و کوردنشینییەکان باشووری کوردستان کراوە، ئەوەش هەر لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی، تا دەگاتە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری و بە ئێستاشەوە. وەك نموونەش ئاماژە بە (دوو) ئاماری سەرژمێرییەکانی ساڵەکانی (١٩٥٧، ١٩٧٧) زایینی دەکەین، تا ڕاستیی وتەکانمان بسەلمێنێت. بەپێی ئاماری ساڵی (١٩٥٧ز) ڕێژەی کورد لە شاری کەرکووك (٤٨٪) بووە، لە کاتێکدا ڕێژەی عەرەبەکان (٢٩٪) بووە، بەڵام لە ئاماری ساڵی (١٩٩٧ز) ڕێژەی کورد دابەزیوە بۆ (٣٧٪) و ڕێژەی عەرەب بەرز بووەتەوە بۆ (٤٤٪)، خۆ ئەگەر سەرنجی تەنیا ئەو (دوو) ئامارە بدەین، دەبینین تەنیا لە ماوەی (٢٠) ساڵدا ڕێژەی کورد لە کەرکووك (١١٪) دابەزیوە، لە بەرانبەردا ڕێژەی عەرەب (١٥٪) بەرز بووەتەوە. ئەوە لە کاتێکدا لە ماوەی ئەو (٢٠) ساڵەدا (١٩٥٧-١٩٧٧ز)، (پێنج) ئەقڵییەتی جیاوازی سیاسی لە دەسەڵاتی عێراقدا بوون، کە هەر یەك لە (شا فەیسەڵی دووەم، عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارف، عەبدولڕەحمان عارف، بەعسییەکان ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسێن) بوون. بەوەش بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموویان لەبەرانبەر گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان و درێژەدان بە پرۆسەی بەعەرەبکردن، وەك یەك بیریان کردووەتەوە. هەروەها لە دوای ساڵی (٢٠٠٣ز)شەوە هەتا ئێستا چەندین سەرۆك وەزیران هاتوون و ڕۆیشتوون، بەڵام لەگەڵ هەمان سیاسەتی پێشینەی خۆیان بوون. ئەوە لە کاتێکدا بووە، ئێمەی کورد لە هەرێمی کوردستانەوە، بەشداریی کارامان نەك تەنیا لە حکومەتەکانیان، بەڵکو لە پۆستی سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش هەبووە. ئەوەش واقیعێکە ئێستا دەیبینین و گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

خاڵێکی دی ئەوەیە هەر لە ساڵی (٢٠٠٥ز) و دوای ئەوەی دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق نووسرایەوە و پەسەند کرا، ماوەی تەنیا دوو ساڵ بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دانرا، کە تایبەت بوو بەو پرسە. ئەو کات من لە چەند وتارێکدا و لە هەر دوو ڕۆژنامەی (خەبات و ئاسۆ) ئەوەم بڵاو کردەوە، کە ئەم ماددەیە بە زیندوویی مردووە! ئەوە ئێستا لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٢٣ز)داین و ئەم ماددەیە نەك هەر هەنگاوێك نەچووەتە پێشەوە، بەڵکو پاشەکشەشی کردووە. ئەمەش هەڵەیەکە و لە سەردەمی ئێمەدا کراوە و دەبێت ددانیشی پێدا بنێین.

لەلایەکی دیکەوە بەندە وەك ئەکادیمییەك و پسپۆڕێکی بواری مێژوو، دوو کۆبوونەوەم لەگەڵ (ستیڤن دیمیستورا)ی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئەنجام دا، ئەوەش لە شاری (سلێمانی) و لەگەڵ کۆمەڵێك ئەکادیمی و یاسایی و کەسایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان. تەنانەت کۆبوونەوەیەکیان بەندە بەڕێوەم برد و لەوەی دووەمیشدا بەشدار بووم و قسەم هەبوو. لە هەردوو کۆبوونەوەکەشدا (ستیڤن دیمیستۆرا) بە ڕاشکاوی پێی گوتین قسەی کتێبم ناوێت بەو مانایەی بڵێن: ئەمە بەڵگەی فلان کتێبە،

**هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە (٢٣ی ئابی١٩٢١ز) و هەتا ئێستا کار بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانی و کوردنشینییەکان باشووری کوردستان کراوە**

**دەبێت ددان بەوەدا بنێین، کە لە ساڵی (١٩٧٥ز)، تا بە ساڵی (١٩٩١ز) دەگات، (١٦) نەوەی عەرەبی هاوردە لە کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکە، لەدایک بوون**

**ئەو عەرەبانەی لە پەنجا و شست و حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هاتوونەتە کەرکووک و ناوچە هاوشێوەکانی، ئێستا نەوەی دووەم و سێیەم و تەنانەت چوارەمیشیان هەیە**

**تا ئێستاش کێشەی ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ چارەسەر نەکراوە و برینەکانی سارێژ نەبوون، کەچی ئێمە دەمانەوێت کێشەی (١٠٠) ساڵی سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بە دوو ساڵ چارەسەر بکەین**



**لە یاسای بودجەی عێراقدا کۆمەڵێک تەڵەی شاراوەیان بۆ کورد دانا، تا بە ڕێگای یاسایی ڕێگری لە ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان بکەن**

**کێشەی کوردستان لە عێراقدا بە دیموکراتییەت و کەمینە و زۆرینەی ناو پەرلەمان چارەسەر ناکرێت**

**واقیعی عێراق بەو جۆرەیە، کە لە (١٨) پارێزگای، (١٤)ی لەژێر هەژموونی حکومەتی عێراق و زۆرینەی ڕەهای عەرەبە**

**بەردەوام فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناچار دەبن لەسەر زۆر پرسی گرنگ سازش بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بڕگەیەک لە یاسایەکدا بگۆڕن، یان پڕۆژەیەک بۆ بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ تێپەڕێنن**

هەروەها قسەی باکگراوندی ڕابردووشم ناوێت، نەخشەشم پیشان مەدەن، ئەوانەم زۆر گوێ لێ بووە، پێم بڵێن واقیعی ئێستای پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووك چییە و چی دەڵێن و چۆن چارەسەر دەبێت؟ قسەی دیکە لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند ناکرێت. ئەمە قسەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە عێراق، کە ئومێدمان پێی هەبوو، بە حیساب بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان و ڕاگرتنی گۆڕینی دیمۆگرافی ئەو ناوچانە دەکرد!

کەواتە پرسیاری جددی لێرەدا ئەوەیە، کە ئێمە بۆ گەیشتین بەم ڕۆژە ئایا بە ئاراستەیەکی هەڵە کارمان لەسەر ئەم پرسە نەکردووە؟ بەڵام ئێستاش درەنگ نەبووە و دەبێت کاری بۆ بکەین و ئەو ئاراستەیە ڕاست بکەینەوە، ئەویش بەم هەنگاوانە:

هەنگاوی یەکەم بۆ گۆڕینی ئەو ئاراستەیە و ڕاستکردنەوەی ئەوەیە ئێمە وەك ئەکادیمیست و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکانی مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، یاسا، زانستی سیاسی و ئایین، بێین لەم پسپۆرییانە و لەسەر ئاستی لێهاتوویی زانستی خەڵکانێك هەڵبژێرین و ئەم (حەوت) پسپۆڕییە پێکەوە لە (حەوت) ڕەهەندی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ورد، بۆ ئەم کێشەیە بکەین. دواتر بە داتا و ئاماری زانستی، بگەینە هۆکار و چارەسەری ئەو گۆڕانکارییانە و بەدوایدا هاوکارییە سیاسییەکانی خۆمان بکەین، تا کار بۆ وەستاندنی ئەو گۆڕانکارییە و هەنگاونان بۆ چارەسەری بکەین. ئەم پرسە پرسێکی فرە ڕەهەندی ئەکادیمییە و بە تەنیا کاری سیاسییەکان نییە، بۆیە نابێت لەو پرسەدا تەنیایان بکەین و تەنانەت بواریش بدەین ئەوان بە تەنیا بڕیار بدەن، چونکە دواجار هەمووان باجەکەی دەدەین و سیاسییەکانی پێ تاوانبار دەکەین، کە ئەوەش هەڵەیە.

هەنگاوی دووەم ئەوەیە، دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە لە ساڵی (١٩٧٥ز)، تا بە ساڵی (١٩٩١ز) دەگات، (١٦) نەوەی عەرەبی هاوردە لە کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکە، لەدایك بوون. ئەو (١٦) نەوەیە ئەستەمە خۆی بە خەڵکی (بابل، ناسرییە، سەماوە و...تاد) بزانێت. ئەو عەرەبانەی لە پەنجا و شست و حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هاتوونەتە کەرکووك و ناوچە هاوشێوەکانی، ئێستا نەوەی دووەم و سێیەم و تەنانەت چوارەمیشیان هەیە و خۆیان بە خەڵکی (بابل، ناسرییە، سەماوە، ...تاد) نازانن، بەڵکو خۆیان بە خەڵکی (کەرکووك) و ناوچە هاورەدەکراوەکان دەزانن. نموونەیەکی زۆر سادەتر، ئێمەی کورد لە دوای ڕاپەرین و دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تووشی (شەڕی ناوخۆ) بووین. ئەوەش کەوتە ساڵانی (١٩٩٤–١٩٩٦ز). واتە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری ئاوارەی شاری هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری بوون. هەروەها بەشێکی هاووڵاتیانی هەولێر و دەوروبەریشی ئاوارەی ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری بوون. لەو کاتەوەش تا بە ئێستا دەگات، نزیکەی (٢٧-٢٩) ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیوە، لە کاتێکدا، تا ئێستاش کێشەی ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ چارەسەر نەکراوە و برینەکانی ساڕێژ نەبوون، کەچی ئێمە دەمانەوێت کێشەی (١٠٠) ساڵی سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بە دوو ساڵ چارەسەر بکەین! بە ڕاستی لە خەیاڵدا دەژین و ژیری ئەمە قبووڵ ناکات، بۆیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەو لیژنەیەی کە حەوت پسپۆڕی جیاواز لە خۆی دەگرێت، دەبێت لەگەڵ دەستبەکاربوونی، بەناو بەڵگەنامەکانی عێراقدا بگەڕێن و بەدواداچوون لەسەر یاسا جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراق بکەن. دواتر قسە لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکاندا بکەن. هەروەها بە داتا و ئامار و توێژینەوەی زانستیی نوێ، چارەسەرێك بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزنەوە. دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستەقینەش بۆ ئەم کێشەیە بە پلەی یەکەم دەبێت کاری پسپۆڕان و ئەکادیمستەکان بێت، دواتر بیدەنە سەرکردە و سیاسەتمەدارەکانی کورد، بۆ ئەوەی وەك چەکێك بەرانبەر لایەنە عێراقی و تەنانەت کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاری بهێنن. هەروەك چۆن لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەکان پشتیان بە کۆمەڵێك ئاکادیمی و پسپۆڕی خۆیان بەستووە. ئەوە ئەقڵی سیاسییەکانی شیعە نەبووە و نییە، کە بێن و بە بەڵگەی خۆیان پاساو بۆ مانەوەیان لەو ناوچانە بهێننەوە و بە مافی خۆیان بزانن و وەك خاکی خۆیان تێیدا نیشتەجێ ببن. هەر وەك ئەوەی لە یاسای بودجەی عێراقدا کۆمەڵێك تەڵەی شاراوەیان بۆ کورد دانا، تا بە ڕێگای یاسایی ڕێگری لە ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان بکەن. ئەوە پسپۆڕانی یاسایی

و ئیکۆنۆمیستەکانی شیعە بوون، دوای چەندین دانیشتن و پلانی ورد، ئەو یاسایەیان دارشت و دواتر دایانە لایەنە سیاسییەکانیان، تا بیدەنە پەرلەمانتارەکانیان و دەنگی لەسەر بدەن، وەك گەیشتە ئەمڕۆ. ئێمە زۆر جار ستەم لە سەرکردە و سیاسەتمەدارانی خۆمان دەکەین، بەوەی بە ئەرکی خۆیان بەرانبەر نەتەوە و هەرێمەکەیان هەڵنەستاون، نەخێر کێشەکە ئەمە نییە، کێشەی کوردستان لە عێراقدا بە دیموکراتییەت و کەمینە و زۆرینەی ناو پەرلەمان چارەسەر ناکرێت، واقیعی عێراق بەو جۆرەیە، کە لە (١٨) پارێزگای (١٤)ی لەژێر هەژموونی حکومەتی عێراق و زۆرینەی رەهای عەرەبە، تەنیا (٤) پارێزگای کوردستانییە، ئەوە جگە لە (پارێزگای هەڵەبجە)، کە تا ئێستاش لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی عێراقەوە بە فەرمی و یاسایی نەناسێنراوە. لەو (١٨) پارێزگایەی عێراق زیاتر لە (٤٠ ملیۆن) کەس دەژین، لەو ژمارەیەش نزیکەی (٦-٧) ملیۆن کەسی کوردن، بۆیە ئەگەر حکومەتی عێراق بە هاوتای حکومەتی سویسراش دیموکراتی بێت، مافی کورد نادات وەك ئەوەی کورد خۆی داوای دەکات، چونکە دواجار بە کەمینە لێی دەردەچێت. دیارە خۆشمان زۆر باش واقیعی کەمینە و زۆرینەی ناو حکومەت و پەرلەمان دەزانین و بەشی ئەوەش دیدوبۆچوونی عەرەبمان خوێندووەتەوە، کە چۆن سەیری رەوایەتیی کێشەی کورد لە عێراقدا دەکەن. بۆیە بەردەوام فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناچار دەبن لەسەر زۆر پرسی گرنگ سازش بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن برگەیەك لە یاسایەکدا بگۆڕن، یان پرۆژەیەك بۆ بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ تێپەڕێنن.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە تا ئێستا نادیدەمان گرتووە، سیاسەتێکی دیکەی دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراقە بەرانبەر ئەو ناوچانەی سنووری ماددەی (١٤٠)ی دستووری عێراقن، ئەو سیاسەتەش بە وتەیەکی مامۆستا حەسەن ئەمین رۆژبەیانی پشتئەستوور دەکەین، کاتێك لەم گفتوگۆیەدا ئاماژەی بە واقیعێکی تاڵی دوای کارەساتی (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧)ی کەرکووك کرد و گوتی: پێش (١٦ی ئۆکتۆبەر) تەنیا پێنج حوسەینییە لە شاری (کەرکووك) هەبوو، ئێستا بووەتە (٨٥) حوسەینییەی شیعەکان. ئەمە چیمان پێ دەڵێت؟ ئەمە پێمان دەڵێت، جۆرێکی دیکە لە سیاسەتی بەعەرەبکردن لە رێگەی پەنابردن بۆ بەشیعەکردن (تشیع) هەیە، کە لە سەردەمی (بەعس و سەدام حوسێن)دا نەبوو. بەعس و رژێمەکەی (سەدام حوسێن)، قەزا کوردییەکانی وەك (کفری، کەلار، توزخورماتوو)یان لە پارێزگای (کەرکووك) دابڕی و خستیانە سەر پارێزگاکانی (سەلاحەددین). قەزای (چەمچەماڵ)یشیان هەر لە پارێزگای کەرکووك دابڕی و خستیانە سەر پارێزگای (سلێمانی). هەروەها قەزای مەخموریان لە پارێزگای هەولێر دابڕی و (شێخان، ئاکرێ) شیان لە پارێزگای دهۆك دابڕی و هەموویانیان خستە سەر پارێزگای نەینەوا، ئەوەش کۆمەڵێك گۆڕینی دیمۆگرافیا و دابڕانی ناوچە کوردی و کوردستانییەکانە، کە تا ئێستاش شوێنەوارەکانی ماون، کەچی لە ئێستادا دەسەڵاتدارە شیعەکانی عێراق دێن و بە دروستکردنی دەیان حوسێنییە کێشەی دیکەمان بۆ دروست دەکەن، تا بە شێوەیەکی دی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە بگۆڕن! ئێمە دەبێت لەو سیاسەتە تێبگەین و واز لە موجامەلەی سیاسی بهێنین و بە دوای چارەسەری راستەقینەدا بگەڕێین.

دوایین قسەکانی من ئەوەیە، کە دەبێت پرسی کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان بە گرنگی وەربگرین و هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکەینەوە. بە راشکاوانە دەڵێم: ئێمە هەمیشە لەسەر حیسابی حزبایەتی و خزمایەتی خەڵکی نەشیاومان لە شوێنی شیاو داناوە، ئەم کارە ئەگەر لە سیاسەتدا بەرێوە چوو بێت، لەکاری ئەکادیمی و زانستی هەڵەیەکی گەورە بووە، بۆیە سیاسییەکانیش بە هەڵەدا براون. کاری زانستی، ئەکادیمیبوون، لێهاتوویی و پسپۆڕی دەوێت، نەك لایەنگری حزبی و خزمایەتی و ناوچەگەریی. هەر بۆیە لە پرسی کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان زۆر پێویستە حزبە سیاسییە کوردییەکان، بیر لەو پرسە بکەنەوە و کۆتایی بە تێڕوانینی تەسك و بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان بهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە و کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، براوەیە بۆ هەموو کوردستان، بەڵام بەداخەوە ململانێی حزبیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، هێندە ناتەندروستە زۆر جار لە داخی یەکتری لەگەڵ عەرەبە شۆڤێنییەکان، رێك دەکەون و پرسە نیشتمانییەکە پشتگوێ دەخەن. دواجار نەتەوەیەك باجەکەی دەدات، وەك ئێستا هەمووان باجەکەیمان داوە.

**جۆرێکی دیکە لە سیاسەتی بەعەرەبکردن لە رێگەی پەنابردن بۆ بەشیعەکردن (تشیع) هەیە، کە لە سەردەمی (بەعس و سەدام حوسێن)دا نەبوو**

**دەبێت پرسی کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان بە گرنگی وەربگرین و هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکەینەوە**

**ئێمە هەمیشە لەسەر حیسابی حزبایەتی و خزمایەتی خەڵکی نەشیاومان لە شوێنی شیاو داناوە، ئەم کارە ئەگەر لە سیاسەتدا بەرێوە چوو بێت، لەکاری ئەکادیمی و زانستی هەڵەیەکی گەورە بووە**

**کاری زانستی، ئەکادیمیبوون، لێهاتوویی و پسپۆڕی دەوێت، نەك لایەنگری حزبی و خزمایەتی و ناوچەگەریی**



**بەشار کیکی**

سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا :

# گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان پیلان و بەرنامەیەکی سیاسی لە پشتەوەیە و ئەقڵێکی شۆڤێنی ئەم کارە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونمان ئەنجام دەدات

**بەشار کیکی سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، ئەندامی خولی چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش بووە و، یەکێکە بووە لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە چالاکەکانی کوردستان، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) زۆر بە وردی باسی گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری مووسڵ و ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای نەینەوای کرد و، بەم جۆرە دید و بۆ چوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

کێشەی مووسڵ و پارێزگای نەینەوا، هەمان کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە، کە ئەویش (گۆڕینی دیمۆگرافیا و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانە).

لەوانەیە لەسەر ئاستی گفتوگۆ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، زیاتر بایەخ بە پرسی کەرکووك بدرێت تا مووسڵ، لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسیی، بەڵام پرسی مووسڵ کە کورد ڕێژەی ٣٣٪ی دانیشتوانی شاری مووسڵ و تەواوی پارێزگای نەینەوا پێك دەهێنێت و، ١٠ پەرلەمانتاری فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خەڵکی پارێزگای نەینەوان، کە ئەم ژمارەیە هێندەی پەرلەمانتارانی پارێزگای دهۆکە، بۆیە ئەم گفتوگۆیە بە فرسەت وەردەگرم، کە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخی زیاتر بە پرسی کورد لە پارێزگای نەینەوا بدەن، لەبەر ئەوەی کوردی نەینەوا کاریگەرییەکی گەورەیان بۆ داکۆکیکردن لەسەر تەواوی کێشەی کورد هەیە لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

لێرەوە ئەگەر قسە لەسەر ماددەی ١٤٠ بکەم، کە زۆر گرنگە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆسەر هەرێمی کوردستان، من ڕەشبینم بەوەی کە ئێمە ناتوانین ئەو ماددەیە جێ بەجێ بکەین، ڕاستە لە قۆناخی ئێستادا هەوڵەکان سستن بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام بۆ قۆناخی داهاتوو ئەگەر هەندێك گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ڕەهەندی سیاسی و نێودەوڵەتی بێتە ئاراوە، لەوانەیە بتوانین باشتر سوود لە دەستووری عێراق و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانی پارێزگاکانی کەرکووك و نەینەوا وەربگرین.

چارەسەری ڕیشەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان ئەوەیە کە لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان یەکگرتوو بن، ئەمەش واتە یەکگرتوو بین لە ڕووی ستراتیژی، هەتا ئەگەر بە لیستی جیاوازیش بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش بکەین، ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئەو ستراتیژیەتە ڕێك بکەون، ئەوا زەمینەی لەبار دێتە پێش، بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ستراتیژییەتی ئێمە وەك کورد بۆ هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێندراوەکانیش، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و برایەتییە لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکاندا، ئێستا لە ناو بەشێك لە عەرەبەکانی مووسڵدا ئەو قەناعەتە درووست بووە کە ڕێگە درووستەکە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەیە بۆیە بەشێکیان دێن لەناو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ خۆیان کاندید دەکەن.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەویش ئەوەیە ئێمە زۆر جاران کە باسی ماددەی ١٤٠ دەکەین، وای باس دەکەین کە ئەم ماددەیە تایبەت بە کورد، بەڵام ئەم ماددەیە فراوانترە و هەموو عێراق دەگرێتەوە و بۆ لابردنی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە هەیکەلی سنووری پارێزگاکاندا بۆ مەبەستی سیاسی و شۆڤێنی کراون، دەبێت ئەو گۆڕانکارییانە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

ئەو کاتەی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بووم، کاك ڕێبوار تاڵەبانیش لەوێ ئامادە بوو، ئێمە وەك ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق هەر دوو مانگ جارێك کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق هەبوو، لەو کۆبوونەوانەشدا زۆر بە جدی باسی چارەسەرکردنی کێشەی پارێزگاکانمان دەکرد، بۆیە ئەگەر ئێمە وەکو کورد لەناو سەرچاوەی بڕیاردرووستکردن لە بەغدا و ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بەهێزبین، لەوانەیە بتوانین ڕێگری لە زۆر پرۆژەی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی بکەین، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٧ دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەفکاری زۆر سەیر هاتنە مووسڵ، یەکێك لەوانە زیندووکردنەوەی (ڕێگەی سەبایا – گریق السبایا)، ئەم ڕێگەیەی سەبایا کە لە کەربەلاوە دەست پێدەکات بۆ ئاسکی مووسڵ، کە گوندێکە لە ڕۆژئاوای مووسڵە و شوێنەواری عەباسییەکانی تێدایە، لەوێشەوە بۆ دیمەشق، شیعەکان بڕوایان وایە کاتێك نەوەکانی پێغەمبەر (د.خ) هەردوو حەزرەتی حەسەن و حسێن لە شەڕی کەربەلا شەهید دەکرێن، سەری بڕاوی ئەوان و خێزانەکانیان بەو ڕێگەیەدا لە کەربەلاوە بردووەتەوە بۆ لای یەزیدی کوڕی معاویە، بۆیە تیمێك لە نوێنەرانی حوسەینییەکان و شارەزا لە مێژوو، هاتبوونە مووسڵ بۆ ئەوەی دووبارە ئاراستەی ئەو ڕێگەیە بکێشنەوە و بە درێژایی ئەو ڕێگەیە مەزاری شیعە دروووست بکەن و، ناوچەکە بکەن بە ناوچەیەکی شیعەنشین، بەڵام توانیمان ڕێگری بکەین و نەهێڵین ئەو پرۆژەیە سەربگرێت، کە ئەمە پرۆسەیەکی زۆر ترسناك بوو، دەیانویست لە مووسڵ جێبەجێی بکەن.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بارودۆخی کورد لە مووسڵ بە چەندین قۆناخی سەختدا تێپەریوە، لەسەر دەستی شۆڤێنییەکان و ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، کورد تووشی تیرۆرکردن و ئاوارەبوون هات، زیاتر لە ١٠٠ کادری پارتی لەسەر شەقامەکانی مووسڵ شەهید کران، ئەمە تەنیا کادرەکانمان نەك ئەندام و هاووڵاتیانی کورد لە مووسڵ، بۆیە بەشێکی زۆر کوردی مووسڵ ناچاربوون ڕوو بکەنە هەولێر و دهۆك.

قۆناخێکی دیکە هاتنی تیرۆریستانی داعش بوو، بە ڕاستی ئەم قۆناخە بۆ کورد هێندە ترسناك بوو، کە زەحمەتە بتوانرێت وەسف بکرێت، بینیمان چۆن جینۆسایدی کوردانی ئێزدییان کرد و چون ژن و کچەکانیان کردنە

**کوردی نەینەوا کاریگەرییەکی گەورەیان بۆ داکۆکیکردن لەسەر تەواوی کێشەی کورد هەیە لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا**

**ئێستا لەناو بەشێک لە عەرەبەکانی مووسڵدا ئەو قەناعەتە درووست بووە کە ڕێگە درووستەکە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەیە بۆیە بەشێکیان دێن لەناو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ خۆیان کاندید دەکەن.**

**لە دوای ساڵی ٢٠١٧ و نەمانی داعشیش بە ڕاستی نەک تەنیا کورد، بەڵکو بەشێکی زۆری عەرەبی سوننە مامەڵەی زۆر خراپیان لەگەڵدا دەکرێت و چەکدارەکانی حەشدی شەعبی مەسەلەی تیرۆریستانی داعشیان لەسەر کردوون بەماڵ**

**بەهۆی ئەو باردۆخە ناخۆشانەی بەسەر مووسڵ هاتن، زۆر زەحمەتە هەتا ١٠ساڵی دیکەش بتوانرێت ئەو ژێرخانەی پێشتر مووسڵ هەیبوو بونیاد بنرێتەوە**



سەبایە، بە ڕاستی ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر نەرێنیی لەسەر ناسنامەی کوردی مووسڵ هەبوو، لە دوای ساڵی ٢٠١٧ و نەمانی داعشیش بە ڕاستی نەك تەنیا کورد، بەڵکو بەشێکی زۆری عەرەبی سوننە مامەڵەی زۆر خراپیان لەگەڵدا دەکرێت و چەکدارەکانی حەشدی شەعبی مەسەلەی تیرۆریستانی داعشیان لەسەر کردوون بەماڵ و، بە حیساب ئەوان هاوکاری تیرۆریستانی داعش بوون و ئێستا وەك داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

بۆیە بەهۆی ئەو باردۆخە ناخۆشانەی بەسەر مووسڵ هاتن، زۆر زەحمەتە هەتا ١٠ساڵی دیکەش بتوانرێت ئەو ژێرخانەی پێشتر مووسڵ هەیبوو بونیاد بنرێتەوە، چونکە ئەو شارە هیچ ژێرخانێکی نەماوە و شایستە داراییەکانی پارێزگای نەینەوا کە لە بودجەی عێراقدا بە ٩٪ خەملێندراوە، بە ڕێژەی ١٪ ئەو شایستە داراییانە ناگاتە پارێزگای نەینەوا، ئێمەش وەك کورد کە هەر لە شنگال و ڕەبیعەوە تا مەخموور ناوچەی کوردستانین و سەر بە پارێزگای نەینەوان، زەرەرمەند بوون، بەڵام وێڕای ئەم هەموو ئاستەنگەش، ئێمە وەك کورد لە ناو پارێزگای نەینەوادا سەنگی خۆمان لەدەست نەداوە، ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش شاهێدی ئەوەن کە کورد لە مووسڵ سەنگی خۆی ماوە، بۆیە زۆر سوپاسی خەڵکی خۆڕاگری خۆمان دەکەین کە هەموو کات بەرگەی ناخۆشی و نەهامەتیەکانیان گرتووە و بەرگریان لە ناسنامە و بوونی خۆیان کردووە.

**هەڵبژاردنەکانیش شاهێدی ئەوەن کە کورد لە مووسڵ سەنگی خۆی ماوە، بۆیە زۆر سوپاسی خەڵکی خۆڕاگری خۆمان دەکەین کە هەموو کات بەرگەی ناخۆشی و نەهامەتیەکانیان گرتووە و بەرگریان لە ناسنامە و بوونی خۆیان کردووە**

بەشێك لە هۆزە عەرەبەکانی وەك هۆزی شەمەر مامەڵەیان لەگەڵ کورد زۆر باشە، ئەوەیان لەبەر چاوە کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێك ناوچەکانیان تووشی وشکە ساڵی هات، سەرۆك بارزانی دەرگای کوردستانی بۆ کردنەوە، بۆ ئەوەی مەڕوماڵاتەکانیان بێننە کوردستان و لەو وشکە ساڵییە ڕزگاری کردن. ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی و پاشانیش دوای هاتنی داعش کە بەشێکیان ئاوارە بوون



و ڕوویان کردە کوردستان، کاریگەریی زۆر باشی لەسەر بیرکردنەوەی عەرەبی مووسڵ هەبووە و، بووە هۆکاری ئەوەی ڕق و کێنەی عەرەب بەرامبەر بە کورد کەم ببێتەوە، تەنانەت ئێستا یەك کاندیدی عەرەب لە مووسڵ ناتوانێت دژایەتیی کورد بکاتە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی خۆی لەبەر ئەوەی لێی قبووڵ ناکرێت.

هەندێك دەرهاویشتەی نەرێنی کە تیرۆریستانی داعش دوای خۆیان دروستیان کردووە، ئەوە بەشێکیان چارەسەر نەکراون، بۆ نموونە لە ناو شاری مووسڵ قوتابخانەیەك هەبوو بە ناوی (قوتابخانەی ١١ی ئازار) ئەو قوتابخانەیە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داخرا، تا ئێستا نەمانتوانیووە دووبارە بیکەینەوە.

بەشێوەیەکی گشتی کێشەو گرفت هەن، بەڵام ئەگەر هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە دەتوانین هەندێك شتی باشتر لە مووسڵ بکەین و، بە بەهێزکردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکان دەتوانین نیوەی زیاتری ماددەی ١٤٠ جێ بەجێ بکەین، نیوەکەی دیکەی دەمێنێتەوە بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بەشداریی کورد لە حکومەتی عێراقدا، دەبێت یەکگرتووبین بۆ ئەوەی کاریگەریی زیاترمان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە بەغداوە هەبێت، من خۆم ئەندامی خولی چوارەمی ئەنجوومەنی نوینەرانی عێراق بووم ئاگادارم و دەزانم کێشەی زۆر گەورەمان هەیە.

لە دوماهیدا دەمەوێت سەبارەت بە گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك، ئەوە بڵێم کە تەنیا مەترسیی گۆڕینی دیمۆگرافیای سرووشتی نییە، بابڵێین لە ئاکامی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتووان، بەڵکو گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان پیلان و بەرنامەیەکی سیاسیی لە پشتەوەیە و ئەقڵێکی شۆڤێنی ئەم کارە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونمان ئەنجام دەدات، بۆیە ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە گۆڕینی دیمۆگرافیای ئێمە (گۆڕینێ سیاسیی دیمۆگرافیایە).

**به بەهێزکردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکان دەتوانین نیوەی زیاتری ماددەی ١٤٠ جێ بەجێ بکەین، نیوەکەی دیکەی دەمێنێتەوە بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بەشداریی کورد لە حکومەتی عێراقدا**






**پ.د.خەلیل ئیسماعیل**

**پسپۆڕی دیمۆگرافیا و مامۆستای زانکۆ :**


# نەبوونی جددییەتی حکومەتەکانی عێراق لە جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) بووەتە هەڕەشە بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق

**پ.د.خەلیل ئیسماعیل ئوستادی جوگرافیایە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی جیهان لە هەولێر و، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر جیۆپۆلەتیکی عێراق و نەخشەی ڕاستەقینەی کوردستان لە عێراقدا، لەم بوارەشدا بە سەدان توێژینەوەی زانستی لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە و چەندین کتێبی لەو بوارەدا نووسیوە و بڵاوی کردووەتەوە. لە گفتوگۆی ئەم جارە (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستە ڕوو.**

سەنگی دیموگرافی بریتییە لە گرنگیی جیۆپۆلۆتیکی، چونکە توخمی بنەڕەتییە لەو گۆڕانکارییانەی پەیوەستن بە لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە. توێژینەوەکانی تایبەت بە دانیشتووان پەیوەست بە کوردستانی عێراق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەشەیەکی دانیشتوان لە میانی سەدەی ڕابردوودا هاتووەتە کایەوە، سەرباری لێکەوتەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی، کە بە شێوەی نەرێنی کاریگەریی کردووەتە سەر هەنگاوەکانی گەشە، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمیدا.

سیاسەتی بەعەرەبکردن کە حکومەتەکانی عێراق پەیڕەویان کرد، هەر لە دوای پێکهێنانی دەوڵەت لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕۆڵی کارای لە گۆڕانکارییە دیموگرافییەکانی دانیشتوانی کوردستانی عێراقدا گێڕاوە، چ لە ئاراستەکانی گەشەی دانیشتوان یان دابەشکردنی جوگرافی و نەتەوەیی.

ئەم سیاسەتەی بەعەرەبکردن لەم تەوەرە بنەڕەتییانەدا خۆی دەنوێنێت:

١- تەوەری موسڵ.

٢- تەوەری کەرکووك.

٣- تەوەری ڕۆژهەڵاتی بەغدا.

دیارترین نیشانە و ئاماژەکانی ئەم سیاسەتە ئەمانەن:

١- دەرکردنی یاسای ڕەگەزنامەی ساڵی ١٩٢٤، بەمەبەستی پاکتاوکردنی کوردانی فەیلی لە ناوچەکانی سنووری ڕۆژهەڵاتی شاری بەغدا و سنووری عێراق – ئێران، هەڵمەتەکانی ڕاگواستن بۆ دەرەوەی وڵات، کە تا ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ هەر بەردەوام بوون.

٢- هەڵمەتەکانی ڕاگواستن و کۆچپێکردنی دانیشتووانی کورد، بەتایبەتی لە هەردوو دەیەی حەوتەم و هەشتەمی سەدەی ڕابردوو، لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، یان گواستنەوەیان بۆ (کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان) دوور لە زێدی خۆیان.

٣- پرۆسەکانی ئەنفال کە ١٨٢ هەزار هاووڵاتی گرتەوە لە منداڵ و پیر و ئافرەت و پیاوان، بێ جیاوازی، هاوکات زیندەبەچاڵکردنیان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا لە بیابانەکانی عێراق.

٤- جێبەجێکردنی سیاسەتی (پەرەپێدانی گوندەکان) لە هەشتاکاندا، بە مەبەستی چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستان و جیاکردنەوەیان لە ناوەندەکانی نیشتەجێبوون، بەتایبەتیش گوندە سنوورییەکان، لەوانە ستراتیجییەکان، ئەمەش بە شێوەی نەرێنی ڕەنگدانەوەی بۆسەر گوند و شارەکان هەبوو.

٥- نیشتەجێکردنی هەزاران عەرەبی هاوردە لە کوردستانی عێراق، بەتایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکان و دابەشکردنی زەویی کشتوکاڵی بۆ نیشتەجێبوونیان، هاوکات گواستنەوەی تۆماری شارستانی و فۆرمی خۆراك بۆ ئەو ناوچە تازانەی لێیان نیشتەجێ بوون.

بێگومان بەردەوامبوونی ئەم جۆرە ئاماژانە تایبەت بە سیاسەتی بەعەرەبکردن، ڕۆڵیان هەبووە لە ئاراستەکانی گەشەی دانیشتووانی کوردستان و دابەشبوونی جوگرافی و نەتەوەییاندا، دەکرێت سێ قۆناغ لە زنجیرەی جێبەجێکردنی پیلانەکانی ئەم سیاسەتە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو جیا بکەینەوە، بەتایبەتیش لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا:

١- قۆناغی یەکەم لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٤) کە زیاتر جەختی لەسەر پارێزگاکانی کەرکووك و موسڵ و دیالە دەکردەوە.

٢-قۆناغی دووەم لە نێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٨٠) بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان سوپای عێراق و بزووتنەوەی کورددا، لەم ماوەیەدا بە سەدان گوند و کۆمەڵگەی دانیشتووان سووتێندران لەسەر سنووری عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا، سەرەڕای ئەو گوندانەی کە پێگەی ستراتیجییان هەبوو.

٣- قۆناغی سێیەم لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) کاتێك دەسەڵاتدارانی عێراق لێکەوتەکانی جەنگی عێراق- ئێرانیان قۆستەوە بۆ سووتاندن و کاولکردنی ئەو گوند و کۆمەڵگەیانەی دانیشتوان کە مابوون، لە پاڵ پاشماوەکانی پرۆسەکانی ئەنفال لە نێوان (شوبات تا ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨.

بەیاننامەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئاماژە بە ئاراستەکانی گەشەی دانیشتوانی ناوچە جێناکۆکەکان دەکەن، بە تایبەتیش لە قەزاکانی بەدرە و مەندەلی و خانەقین. لە کاتێکدا ڕێژەی گەشەی دانیشتووانی عێراق ساڵانە(٣،٦)٪ بووە لە نێوان ساڵانی(١٩٧٧-١٩٨٧)، بەڵام لە کەرکووك لە (٢،٤)٪ی تێپەڕ نەکردبوو، هەروەها تەنیا (٢٪) بووە لە پارێزگای دهۆك بەتایبەتیش دانیشتووانی کورد.

بڕوانە خشتەی ژمارە(١)و(٢).

ئاراستەکانی گەشەی دانیشتوان: سەرباری ئەو لێکەوتانەی سیاسەتی بەعەرەبکردنی تایبەت کە کوردستانی عێراق بەخۆیەوە دی، تایبەت بە ئاراستەی گەشەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی.

خشتەی ژمارە(١)

ڕێژەکانی دانیشتووانی کورد بۆ کۆیان لە عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٧٧

| ساڵ | ٪ ڕێژەی کورد |
|---|---|
| ١٩٤٧ | ١٨،٧ |
| ١٩٥٧ | ١٦،٧ |
| ١٩٦٥ | ١٤،١ |
| ١٩٧٧ | ١٣،٩ |

خشتەی ژمارە(٢)

دانیشتوانی کوردستانی عێراق بەپێی ڕێژەکانی گەشە و نەتەوە ساڵنی (١٩٥٧-١٩٧٧)

| پارێزگا | عەرەب | کورد |
|---|---|---|
| دهۆك - نەینەوا | ٦،٦ | ٢،٦-١٪ |



**سەنگی دیموگرافی بریتییە لە گرنگیی جیۆپۆلۆتیکی، چونکە توخمی بنەڕەتییە لەو گۆڕانکارییانەی پەیوەستن بە لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە**

| | | |
|---|---|---|
| هەولێر | ١٠،٦ | ٤،٦ |
| سلێمانی | ٥٢،٤ | ٥،٨ |
| کەرکووك | ٥،. | -١/. |
| دیالە | ٤،٨ | ٢/. |
| عێراق | ٦،٧ | ٣ |

دابەشبوونی ژینگەیی (گوند-شار) ئەویش بە دەست ئەنجامەکانی ئەو سیاسەتەوە دەناڵێنێت، دوای ئەوەی کە گوندەکان لە دانیشتووان چۆڵ کران، لە ڕێی کۆچی زۆرەملێ، یان خۆبەخشانە بۆ ناوەندەکانی شار، بەتایبەتی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە ئەمەش بارگرانییەك بوو لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٣)

| پارێزگا | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٦ |
|---|---|---|---|
| دهۆك | ٤٢،٦ | ٧٣،٥ | ٧٢،٤ |
| هەولێر | ٦٣،٨ | ٧٧،٤ | ٨١،١ |
| سلێمانی | ٤٧،٢ | ٧١،٥ | ٧٨،٨ |
| کۆی گشتی | ٤٨،٦ | ٧٤،٢ | ٧٧،٦ |

**بەردەوامبوونی ئەم جۆرە ئاماژانە تایبەت بە سیاسەتی بەعەرەبکردن، ڕۆڵیان هەبووە لە ئاراستەکانی گەشەی دانیشتووانی کوردستان و دابەشبوونی جوگرافی و نەتەوەییاندا**

لە لایەکی دیکەوە، ئەنجامەکانی ئەو سەرژمێرییانەی دانیشتووان لە کوردستان ئاشکرایان کردووە کە مانەوەی تێکڕای منداڵبوون لە بەرزیدا بووە، بە شێوەیەك کە بۆ هەر ژنێك(٤) منداڵ، لە پارێزگای هەولێر نزیکەی(٥)، لە پارێزگای دهۆك زیاتر لە(٤)لە پارێزگای سلێمانی نزیکەی(٤) منداڵ بۆ هەر ژنێك، وێڕای ئەمەش، ڕێژەی تەمەنی بچووك (کەمتر لە ١٥ ساڵ ) کە ناوەڕۆکی هەنگاوەکانی گەشەی دانیشتووان پێك دەهێنن، دەگاتە نزیکەی (٤٣٪) لە کۆی دانیشتووانی پارێزگای دهۆك و (٣٨،٤)٪ لە پارێزگای هەولێر، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی گەیشتە(٣٣،٤)٪.

بڕوانە خشتەی ژمارە(٤)

دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەپێی توێژی تەمەن(٪) ساڵی(٢٠٠٦)

| پارێزگا | کەمتر لە ١٥ ساڵ | ١٥-٦٤ ساڵ | ٦٥ساڵ زیاتر |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٣٨،٤ | ٥٧،٨ | ٣،٨ |
| سلێمانی | ٣٣،٤ | ٦١،٧ | ٤،٩ |
| دهۆك | ٤٢،٧ | ٥٤،١ | ٣،٢ |
| کۆی گشتی | ٣٨,٢ | ٥٧،٨ | ٤،. |

**دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان دەرفەتی چاکتر دابین بکەن بۆ تێپەڕاندنی ئەو کێشانەی کە هاوسەران پێوەی دەناڵێنن لەم دامەزراوانە، ئەوەیش بە دەرکردنی یاسا کە هەردوو کاری وەزیفی و خێزانی پێکەوە بۆ دەستەبەر بکات**

کۆچیش یەکێکە لەو فاکتەرە دیارانەی لە پشت ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافییەی دانیشتوانی ناوچەکەوەیە، سەرەڕای ئەوەی کە کۆچ دیاردەیەکی درووستە کار بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون و تەواوکردنی چالاکییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام بووەتە مەترسیی جددی بۆسەر ناوچەی دراسەکردنی پێکهاتەی دیموگرافیی دانیشتووان، چ لە میانی ئەنجامەکانی لە ڕووی قەبارە و گەشەی دانیشتوان، یان دابەشبوونی جوگرافی و پێکهاتەی نەتەوەییان، بەهۆی بەردەوامیی هێنانی بەلێشاوی عەرەبی هاوردە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بۆ ئەو ناوچەیە لە لایەك و، زیابوونی هەڵمەتەکانی ڕاگواستن و کۆچپێکردنی دانیشتووان و لاوازکردنی کورد، بەتایبەتیش لە ناوچە کێشە لەسەرەکان لەلایەکی دیکەوە.

**ئەنجامەکانی دیراسەکە:**

دەکرێ دیراسەکە ئەم ئەنجامانەی لێ بکەوێتەوە:

١- سەرەڕای ئەو ئەنجامانەی سەرژمێرییەکانی دانیشتووان دەست نیشانیان دەکات، لە بەردەوام بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەکە، بەڵام کۆی ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافییانە دیاردەگەلێکی نەرێنی تۆماردەکەن لەسەر ئاستی ئابووری و نەتەوەیی، چ لە میانی بەردەوام کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتووانی گوندەکان و هەڵاوسان لە شارەکان، یان لە ڕێی لاوازکردنی بوونی کورد لە کوردستانی عێراق، بەتایبەتیش لە ناوچە کێشە لەسەرەکان.

٢- دواخستنی بەئەنقەستی ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووان لەوەتەی ساڵی ١٩٨٧، تاکو گۆڕانکارییە دیموگرافییەکانی دانیشتووان ئاشکرا نەکرێن، تاکو ببێتە ڕێسایەك بۆ سیاسەتی هاوسەنگیی دانیشتووان لەلایەك و، ئاشکرابوونی کێشی دیموگرافیی کورد لە عێراق و پارێزگاکان لەلایەکی دیکەوە.

٣- نەبوونی جددییەتی حکومەتەکانی عێراق لە جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)ی دەستووری وڵات، بەتایبەتیش پەیوەست بە ناوچە جێناکۆکەکان، ئەمەش بووەتە هەڕەشە بۆ پەیوەندییەکانی نێوانیان لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها ڕێگە بەو حکومەتانە دەدات زیاتر بوونی



کورد لەم ناوچانە کەم بکەنەوە.

٤- هاندانی عەرەبی هاوردە لەلایەن حکومەتەکانی عێراق بۆ نیشتەجێبوون لە کوردستانی عێراق، هاوکات پێدانی هەموو هۆکار و ئامرازێکی پارێزگاری و حەوانەوە و گوزەران، ئەمەش لە سۆنگەی بەردەوامیی جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریب.

**پێشنیارەکان:**

١- هاندانی حکومەتی عێراق تاکو سەرژمێریی دانیشتووان لە وڵات ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی گۆڕانکارییە دیموگرافییەکان بە وردی و تێروتەسەلی لە ناوچەی دیراسەکەدا ئاشکرا بکرێت.

٢-دارشتنی سیاسەتێکی دانیشتووان بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانکارییە دیموگرافییەکان لە کوردستانی عێراق، لە رێی پێکهێنانی دەستەیەکی باڵا کە کادیرانی زانستی و پسپۆڕ و ئەکادیمی لەخۆ بگرێت.

٣- کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دستوور، بەتایبەتیش لە ناوچە جێناکۆکەکان، دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە.

٤- دەزگاکانی میدیایی هاووڵاتیان هان بدەن کە منداڵ خستنەوە مەسەلەیەکی تایبەتی نییە، بەقەدەر ئەوەی بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی و نەتەوەییە.

٥- دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان دەرفەتی چاکتر دابین بکەن بۆ تێپەڕاندنی ئەو کێشانەی کە هاوسەران پێوەی دەناڵێنن لەم دامەزراوانە، ئەوەیش بە دەرکردنی یاسا کە هەردوو کاری وەزیفی و خێزانی پێکەوە بۆ دەستەبەر بکات.





## عەبدولڕەزاق عەلی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# پرۆسەی هێنانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان لە شنگال و مووسڵ و کەرکووک و خانەقین تا دەگاتە مەندەلی، پرۆسەیەکی سیاسیی شۆڤێنیانەیە

**عەبدولڕەزاق عەلی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، بەڕێوەبەری گشتیی ئێزگەی دەنگی کوردستانە، وەك ڕۆژنامەنووسێکی مەیدانی و تۆژەرێکی کارامە زۆر بە وردی کاری لەسەر پرسی گۆڕینی دیمۆگرافیا و کارەساتی خوشك و برا ئێزیدییەکان کردووە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

پرسی گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك، مەترسییەکی زۆر گەورەیە و دەرهاویشتەی زۆر خراپی لەسەر خاك و بوونی نەتەوەیمان درووست کردووە و بەردەوامیش دەبێت، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەگەر پێشتر تەنیا هەوڵێك بووبێت بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیمان و داگیرکردنی خاك و خەڵکەکەی، ئێستا گۆڕینی مەزهەبی و ئایینیشی هاتووەتە سەر، لەمەش واوەتر، بەهۆی باری خراپی نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، ژمارەیەکی هێجگار زۆری ئاوارەی عەرەبی ئەو پارێزگایانە هاتوونە شارەکانی هەرێمی کوردستان و، ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەکان لە شارەکانی ئێمەدا نیشتەجێبوون و یەکەی نیشتەجێ و خانوو و موڵکیشیان بەناوەوە دەکرێت، هەڵبەتە کە باسی ئەو خەڵکە دەکەم، لە سۆنگەی دژایەتیی نەتەوەیی و ئایینی ئینسانییەوە ئەو قسانە ناکەم، من دژی هیچ نەتەوە و ئایین و نەژاد و ڕەگەزێك نیم، من باسی سیاسەت، یان درووستتر بڵێم، باسی پیلانێکی سیاسی دەکەم.

بێگومان گفتوگۆکردن لەسەر پرسێك کە بەو ئاستە گرنگ و مەترسیدار بێت، ئەوا گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەی پڕ لە داتا و زانیاری و پێشنیار و ڕاسپاردەی نیشتمانییانەی پێویستە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە من ڕەهەندە سیاسییەکەی بەجێ دەهێڵم بۆ بەڕێزتان و دێمە سەر ئەو دەرهاویشتە نەرێنییانەی کە پرۆسەی گۆڕینی دیمۆگرافیا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا درووستی کردووە.

پرۆسەی هێنانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان لە شنگال و مووسڵ و کەرکووك و خانەقین تا دەگاتە مەندەلی، پرۆسەیەکی سیاسیی شۆڤێنیانەیە، کە لە مێژووی نزیکدا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، هەر لە ڕژێمی پادشاییەوە تا دەگاتە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی سەردەمی کۆماری و هەتا ئێستا دەستی پێکردووە، بگرە ئێستا

گەرمتر بەردەوامە، کەواتە ئێمە لەناو مێژوویەکی نزیکدا باسی سەدەیەك و چەند ساڵێك دەکەین، لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەدا عەرەبی هاوردە لە هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم نیشتەجێ کراون و چەندیش بۆیان کرابێت کورد دەرکراوە، ئێستا نەوەی سێیەم و چوارەمیشیان هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا مامەڵە لەگەڵ ئەو عەرەبە هاوردانە دەکەین کە باوك و باپیریشیان لە کەرکووك لەدایك بوون و، هەر لەو ناوچانە خوێندیان تەواو کردووە، ئێستا لەوانەیە بەشێکیان مامۆستا و مامۆستای زانکۆ و کاربەدەستی گەورەی یەکە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە بن، یان بوونەتە خاوەنی بەرژەوەندی و پرۆژەی تایبەتیی خۆیان، یان بوونەتە خاوەنی دەیان زەویی کشتوکاڵی، بۆیە عەرەبێکی هاوردە کە لە شنگال نیشتەجێ کراوە، ئێستا خۆی لە کوردی موسڵمان و ئێزدی زیاتر بە شنگالی دەزانێت، ئەم حاڵەتە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش ڕاستە، تا دەگاتە مەندەلی، لێرەدا ئەگەر ئاماژە بە نموونەیەك بکەم، ئەوە شنگال باشترین نموونەیە،ئێستا بەرپرسی هەرەباڵای ئەو میلیشیایانەیە کە لە شنگالن، ئێستا ئەو قایمقامەی لەلایەن حەشدی شەعبییەوە لەو شارە دانراوە، عەرەبی هاوردەی یەکێك لە هۆزە عەرەبەکانی مووسڵە، لە چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هێنراونەتە شنگال و ئێستا بەپرسی ئەو شارەیە و خۆشی لە هەمووان زیاتر بە شنگالی دەزانێت و، لەسەر تەلەفزیۆن بەوجۆرە قسە دەکات کە نابێت هەندێك کە هاووڵاتی ڕەسەنی ئەو شارە، بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان.

ئەم لایەن و ڕەهەندەی دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییە مەترسیدارەکانی بەعەرەبکردن بۆ سەر کۆمەڵگە و خاکی کوردستان، کەمتر قسەی لەسەر کراوە و زیاتر باس لە ڕەهەند و مەترسییە سیاسییەکانی کراوە، ڕاشکاوانە دەڵێم، ئەم دەرهاویشتە مەترسیدارەی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ یش چارەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی زۆر بڕگە لە دەستووری عێراقدا هەیە کە عەرەبەکان بە سوننە و شیعەوە، بە خراپ سوودیان لێ وەرگرتووە، هێندە هاندەرە بۆ زیاتر گۆڕینی دیمۆگرافیا لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و، ئێستا لە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستاندا زیاتر زەمینە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا دەرەخسێنت.

هەروەها من گومانم لەوە هەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێش هەموویان ئەمریکا و ئینجا ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە نییەتێکی باشیان هەبێت بۆ ئەوەی یارمەتی گەلی کوردستان بدەن، تا ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر هەڵوەستە لەسەر بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکەین کە لە نیسانی ساڵی ١٩٩١ کە هێڵی ٣٦یان بۆ دیاری کردین، وەك ناوچەی دژە فڕین و ناوچەی ئارام بۆ ئەوەی لە مەرگەساتی کۆڕەو ڕزگارمان ببێت، ئەوا دڵنیام لەوەی ئەم هێڵە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە هەروا لە خۆڕاو بێ بنەما دانەنراوە و، ئەگەر سەرنج لەم هێڵە بدەین، دەبین بەو شوێنانەدا تێدەپەڕێت کە کەم و زۆر سنووری پارێزگای کەرکووك ناگرێتەوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم هێڵەیان نەبردە خوارتر بۆ ئەوەی لانی کەم پارێزگای کەرکووکیش بگرێتەوە؟ هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا، گومانێکی گەورە لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی درووست دەکات.

ئەم گومانە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و بەحیساب ئەوەی پێی گوترا پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و، ئێمە وەك کورد خۆمان بە هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانی، هەر زۆرتر دەبێت، بە تایبەتی وەك سەرۆك بارزانی لە بەرگی شەشەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان)دا ئاماژەی پێ کردووە، یەکەم هەنگاوی ئەمریکا ئەوە بوو کە ڕێگریی کرد کە هێزی پێشمەرگە بچنە هەردوو پارێزگای (کەرکووك و مووسڵ)، پاشانیش لە دارشتنی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ساڵی٢٠٠٣ و نووسینەوەی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٤ و پەسەندکردنی لە ساڵی ٢٠٠٥، هەردوو ماددەی (٥٨ی یاسای کاتی و ١٤٠ی دەستوور) دوای شەڕێکی زۆر ئینجا چەسپێندران، ئەگەر سەرنج بدەین هەر لە ماددە کۆتاییەکانی یاسا و دەستوورەکەشن، پاشانیش وەك بینیمان نە ئەمریکا و نە نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکارمان نەبوون بۆ ئەوەی ئەو دەستوورەی خۆیان پشتگیرییان کرد لە عێراقدا وەك یەك سەفقە جێبەجێ بکرێت بە ماددەی ١٤٠یشەوە.

ئەڵبەت کاتێك باسی هەڵوێستی نەرێنیی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەورووپا دەکەم، بۆ ئەوە نییە شانی خۆمان وەك کورد و حزبەکانمان لە بەرپرسیارێتیی ئەو دۆخە مەترسیدارەی بەعەرەبکردن بتەکێنم، نەخێر زۆر بە ڕاشکاوانە دەیڵێم خۆشمان، لانی کەم نیوەی بەپرسیارێتییەکەمان دەکەوێتە ئەستۆ.

قسەکانم بەوە کۆتایی پێ دەهێنم، پێویستە هەموو ڕەهەندە مەترسیدارەکان و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیا و شاڵاوی بەعەرەبکردن و پرۆسەی پرۆسەی هاتنی خەڵك بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر بە جددی و دڵسۆزانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و، لە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکی حزبی و کەسی و ناوچەییەوە بێت.

**لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەدا عەرەبی هاوردە لە هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم نیشتەجێ کراون و چەندیش بۆیان کرابێت کورد دەرکراوە، ئێستا نەوەی سێیەم و چوارەمیشیان هەیە**

**ئێستا ئەو قایمقامەی لەلایەن حەشدی شەعبییەوە لە شنگال دانراوە، عەرەبی هاوردەی یەکێک لە هۆزە عەرەبیەکانی مووسڵە کە لە چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هێنراونەتە شنگال**

**شاڵاوی بەعەرەبکردن و پرۆسەی پرۆسەی هاتنی خەڵکبۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر بە جددی و دڵسۆزانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

**پرۆسەی هێنانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان لە شنگال و مووسڵ و کەرکووک و خانەقین تا دەگاتە مەندەلی، پرۆسەیەکی سیاسیی شۆڤێنیانەیە**





**شڤان حەمدی**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم گەورەترین بڕیاری ١٠٠ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو

**شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی (زاگرۆس)ـە، یاساناسە و یەکێکە لە چالاکە دیارەکانی ناو توێژی قوتابیان و لاوان و دەستەبژێری نەتەوەیی و نیشتمانی لە کوردستاندا، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) جیا لەوەی ئاماژەیان بە ڕەهەندە مێژووییە دێرینەکانی کرد، بەڵام زیاتر هەڵوەستە لەسەر ئەم ١٠٠ ساڵەی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کرایەوە، کە زۆر بە پلان و بەرنامە هەوڵیان داوە پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان بەردەوامیی هەبێت و جوگرافیای کوردستان لە عێراقدا بچووك بکەنەوە، لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەدا گەلی کوردستان بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، هەرگیز تەسلیمی ئەو سیاسەتە نەبووە کە ئامانجی شێواندنی دیمۆگرافیای خاك و ناسنامەی نەتەوەییمان بووە.

خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان بە درێژایی قۆناخە جیاوازەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، سازشی لەسەر پرسی کەرکووك و تەواوی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان نەکردووە، ئەقڵییەتی شۆڤێنیی حکومەتە یەك لەدوای یەکانی عێراق هەر لە سەردەمی پادشایەتییەوە چەندن زەبروزەنگیان لە دژی گەلی کوردستان و بە سوتماککردنی خاکەکەمان بەکار هێنابێت، ئەوا شۆڕش و سەرکردایەتیی سیاسیی شۆڕش زیاتر پێداگیریی کردووە و زیاتر هەوڵی داوە ئەو ناوچانە بگەڕێندرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لە ڕێککەوتنی مێژوویی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧١، پرسی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی تەعریب هەر لە شنگالەوە تا دەگاتە مەندەلی و بە کێشەی کەرکووکیشەوە، خاڵی سەرەکی و گەوهەری ناو ئەو ڕێککەوتنامە مێژووییە بووە، هەر لەسەر جێبەجێنەکردنی پرسی کەرکووك وەك شارێك کە ناسنامەی کوردستانی بێت، لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ لە نێوان شۆڕشی کوردستان و ڕژێمی

بەعس دەستی پێ کردەوە و دیسان هەر لەسەر چارەنووسی کوردستانییەتی کەرکووك جەنابی مستەفا بارزانی شۆڕشێکی لەسەر دانا کە ئەویش (شۆرشی مەزنی ئەیلوول) بوو.

لە ساڵی ١٩٩١ کە دووبارە دانوستاندنی نێوان بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەدام دەستی پێکردەوە، دیسان شکستی ئەو دانوستاندنانە هەر لەسەر پرسی کەرکووك بوو، لە نووسینەوەی دەستووری عێراقیشدا لە ساڵی ٢٠٠٥ شەڕی گەورەی سەرۆك بارزانی لەسەر چەسپاندنی ماددەی ١٤٠ی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوو.

ئەم مێژووە لە ساڵی (١٩٢١- ٢٠٠٥) کە دەستووری عێراق نووسرایەوە و پەسەند کرا لە ٩٠ ساڵ زیاترە، دەبوو وانەیەك فێری دەسەڵاتدارانی عێراق بکات، بەتایبەتی ئەوانەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ هاتنە دەسەڵات و بە حیساب ئەوانیش وەك گەلی کورد چەوساوەی دەستی ڕژێمی پێشوون، بەڵام ئەوانیش لە ماوەی نزیکەی دوو دەیەی ڕابردوودا نەیانهێشت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیە سەرۆك بارزانی لە ساڵی ٢٠١٢ کە گەیشتە قەناعەت هیچ هەوڵێکی جدی لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور نییە، بۆیە بە جیهانی ڕاگەیاند کە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی گەلی کوردستان و، گەلی کوردستان چ بڕیارێك بدات هەر ئەوە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام بە هۆی ناسەقامگیریی عێراق و دەرکەوتن و هەڵکشانی کردووە تیرۆریستییەکان لە هەموو بەشەکانی عێراق، کە سەرەنجام دەرکەوتنی تیرۆریستانی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق وسووریا لێ کەوتەوە، دواتریش کە هێرشیان کردە سەر کوردستان و کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزیدییان کرد، پرۆسەی گەڕانەوە بۆ دەنگی گەلی کوردستان و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دواکەوت بۆ حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧ کە ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە ڕێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی، ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولیان دیاری کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، کە خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) دەنگیان دا.

پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە ڕێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی گەورەترین ڕووداوی ١٠٠ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو، بەتایبەتی ئەم پرۆسە مەزنە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە شنگال تا خانەقین بەڕێوە چوو و، بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز زیاتر لە ٩٢٪ دەنگیان بە سەربەخۆیی و کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەدا، بە پارێزگای کەرکووکیشەوە. ئەمەش سەلماندنی کە گەلی کورد لەسەر هەقە و تەواوی خاکی کوردستان بە خاکی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دەزانێت، بەڵام ناسنامەی ئەم خاکە کوردستانە و ناسنامەی گەلەکەشی گەلی کوردستانە. لەسەر ئەنجامدانی ئەم پرۆسە پیرۆزەش(ڕیفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧) باجی گەورەمان دا، گەمارۆی زۆر گەورەیان خستە سەر هەرێمی کوردستان، پاشان هێرشی سەربازییان کردە سەر کوردستان و بەنیازبوون کوردستان داگیر بکەنەوە، بەڵام مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی، هێرشەکانیانی تێکشکاند و ناچاری کردن لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشنەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی شانازییە، ڕیفراندۆم بۆ هەتا هەتایە کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەی سەلماندەوە.

خاڵی نەرێنی کە دەمەوێت لە کۆتایی قسەکانمدا هەڵوەستەی لەسەر بکەم و ڕەخنەیەکی گەورە ڕووبەڕووی خۆمان بکەینەوە، ئەوەیە کە زۆر بەداخەوە حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لەسەر پرس و گەورەیی کێشەی گۆڕینی دیمۆگرافیا و بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کوردستان، نەیانتوانیووە لەسەر گوتارێکی ستراتیژیی و نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، کە ئێستا پێیان دەڵێن(ناوچە کێشە لەسەرەکان) ڕێك بکەون.

ئەمە گرفتی سەرەکی و ئاستەنگی سەرەکیی چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ١٠٠ ساڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەو ڕاستییە وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە ئەو ناوچانە هەرگیز وەك ناسنامەی کوردستانیبوون کێشەیان لەسەر نەبووە، بەڵکو کێشەی سەرەکی کێشەی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان و ململانێی ناتەندرووستی نێوانیان و سەیرنەکردنی ئەم پرسە گەورەیە، وەك پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە.

**لەسەر جێبەجێنەکردنی پرسی کەرکووک وەک شارێک کە ناسنامەی کوردستانی بێت، لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ لە نێوان شۆڕشی کوردستان و ڕژێمی بەعس دەستی پێ کردەوە**

**لەسەر چارەنووسی کوردستانییەتی کەرکووک جەنابی مستەفا بارزانی شۆڕشێکی لەسەر دانا کە ئەویش شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو**

**لە ساڵی ٢٠٠٥ شەڕی گەورەی سەرۆک بارزانی لەسەر چەسپاندنی ماددەی ١٤٠ی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوو**

**ئەوانەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ هاتنە دەسەڵات و بە حیساب ئەوانیش وەک گەلی کورد چەوساوەی دەستی ڕژێمی پێشوون، بەڵام ئەوانیش لە ماوەی نزیکەی دوو دەیەی ڕابردوودا نەیانهێشت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت**






**پ.د. نەزاکەت حوسێن**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**


# کاتی ئەوەیە پلان و ستراتیژ و بەرنامەیەکی نیشتمانیی وردمان هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نیشتەجێبوون و مافی موڵکداری بۆ خەڵکی بیانی

**پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مامۆستای کۆلێژی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی، لە گفتوگۆی ئەم جارە (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك ) بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

ئەمرۆ سرووشتی ژیان وای لێ هاتووە، بە سەردەمی تێکچڕژانی نەتەوە و کەلتوور و فەرهەنگە جیاوازەکان ناو دەبرێت، جووڵەی مرۆڤەکان لە نێوان وڵاتاندا زۆر بووە بۆ مەبەستی جۆراوجۆری وەك پەنابەری و بازرگانی و دۆزینەوەی کار و خوێندن و گەشتیاری. وڵاتە زلهێزەکان ئێستا هەیانە بە وڵاتی ڕەوەند و فرەکەلتوور و فرە ڕەگەز ناو دەبرێن، بەڵام ڕەنگە ئەم باسە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان هەستیار بێت، چونکە وڵاتانی گەشەسەندوو و دامەزراو و خاوەن قەوارە و نەتەوە و بە سیستم ڕێکخراو، جیاوازە لە هەرێمێك کە هێشتا کێشەی کیان و سەربەخۆیی و پرسی قەوارە و نەتەوەی هەیە، کە مێژوویەکی قووڵ دژی لە هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوکردن و جینۆساید و تەعریب هەیە، هێشتا ناحەز و نەیارانی ئەگەرچی کۆتایی ئەورژێمە فاشییەش هاتووە کە هەوڵی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئەم میللەتە دەدا، بەڵام نەیاران بە فۆڕمی جیاواز و بە میکانیزمی جیاواز کار بۆ درێژەپێدانی ئەو سیاسەتە دەکەن دژ بەم هەرێمە. تەعریبی هێواش و کار بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا بە هێواشی و بە ڕێگەی جۆراوجۆر دەکرێت، مەترسیی ئەمە لەوەدایە کە قەیرانە یەك لەدوای یەکەکان کە بەرۆکی ئەم میللەتەی گرتووە، ناهێڵێت بەرنامەڕێژییەکی چڕوپڕ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسە بکرێت و، ئەو نەتەوە جیاواز و کۆچبەر و کەسانەی دێنە ئەم هەرێمە بیانخاتە ناو چوارچوەی سیستمێکەوە، کە ببنە بەشێك لە کۆمەڵگە کوردستانییەکە و فێری زمانی کوردی و کەلتووری کوردی و باوەڕبوون بە ناسنامەی کوردی و نەتەوەی و نیشتمانەکەیان بکات. ڕێکاری هەبوونی خاوەندارییەتی بۆ موڵك و

پرسی مانەوە و نیشتەجێبوونیان بە شێوەیەك بە یاسا ڕێك بخات، کە دواتر کاریگەری نەکاتە سەر پرسی دیمۆگرافیا و ناسنامەی نەتەوەیی ئەم هەرێمە، وە ك چۆن لەسەرەوە باسمان کرد، وڵاتانی پێشکەوتوو و سەقامگیر کە کێشەی کیان و نەتەوەییان نییە زۆرباش ئیستیعابی ئەو هەموو خەڵکە بیانییە دەکەن کە دەچێتە وڵاتەکەیان و دەیان خەنە ناو سیستمەکە و دەیانکەنە هاووڵاتی ئەو نیشتمانە و وایان لێ دێت بتوێنەوە لە ناوکەلتوور و فەرهەنگی ئەو وڵاتەدا و، هەڵگری زمان و ناسنامەی ئەو وڵاتە بن، لێرەدا هیچ کێشەیەکی دیمۆگرافیا بۆ ئەو وڵاتە دروست ناکەن، بەڵام ئەمە لە ئێستا بۆ کۆرسی زمانی کوردی و ئاشنابوون بە مێژوو و کەلتووری کوردی بخوێنن و ئەمە بەشێك بێت لە مەرجی مانەوەیان.

سێەم- منداڵیان ناچار بکرێت لە قوتابخانەی حکومیی کوردیی ئاسایی بخوێنێت، نەك قوتابخانەی زمانەکەی خۆی.

چوارەم- مافی موڵکایەتی و پرۆژەی بازرگانیی نەبێت، یان ئەگەر ئەمەش هەبوو، با ساڵی مانەوە و ژیانیان زۆر دابنرێت، بۆ نموونە با لانیکەم ماوەی ١٥ ساڵ ژیانی بەردەوامیان هەبێت و خۆیان و منداڵیان ئەو چوار مەرجەی سەرەوە پەیڕەو بکەن و ئامادەبن خۆیان بەهاووڵاتی کوردستان و هەرێمی بزانن

**ئەگەرچی کۆتایی ئەو ڕژێمە فاشییەش هاتووە کە هەوڵی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئەم میللەتە دەدا، بەڵام نەیاران بە فۆرم و میکانیزمی جیاواز کار بۆ درێژەپێدانی ئەو سیاسەتە دەکەن**



هەرێمی ئێمە نابێت، بۆیە ئەم پرسە ئەگەر بە وردی میکانیزم و ڕێوشوێنی وای بۆ نەگیرێتە بەر کە هاتنی عەرەب و نەتەوەی دیکە بۆ هەرمەبەستێك بێت بۆ ئەم وڵاتە، کە بەوشێوە بیانکاتە بەشێك لە سیستمەکە، بێگومان بۆ ئایندە مەترسی لەسەر خاك و ناسنامە دروست دەکات، پێشنیاریشم بۆ ئەمە گرتنە بەری ئەم ڕێکارانەیە:

یەکەم- بابەتی مانەوە کاتی بێت، ئەوکەسەی دێتە ئەم هەرێمە لە نەتەوەی دیکە و نیازی مانەوەی هەیە، دەبێت قۆناغ قۆناغ ماوەی مانەوەی بۆ درێژ بکرێتەوە، تا بزانرێت دەیەوێت هەڵگری زمان و فەرهەنگ و کەلتووری ئەم هەرێمە بێت و پارێزگاری لە ناسنامەی کورد بکات و، هیچ نییەتێکی دیکەی دژ بە هەرێم نییە، ئەوکات مۆڵەتی مانەوەی بە کۆمەڵێك مەرجی دیاریکراو پێ بدرێت.

دووەم- ئەوکەسانەی لە نەتەوەی دیکە دێن، با و زەریبە و باج بۆ ئەوان قورستربێت بۆ هەبوونی موڵك، وەك لە هاووڵاتییەکی ڕەسەنی دانیشتووی هەرێم. یان باشتر بۆ ئەم خاڵە هەبوونی موڵکایەتی یان پرۆژەی بازرگانیی بە هاوبەشی لەگەڵ کەسێکی دانیشتووی هەرێم بێت، واتە لەکاتێکدا بیانییەك داوای کڕینی موڵکێك لە کوردستان یان پرۆژەیەکی بازرگانی دەکات و هەموو ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدایە کەباسمان کرد، با لەگەڵ هاووڵاتییەکی ڕەسەنی دانیشتوی هەرێم بە هاوبەشی بۆی بکرێت و، خاوەن موڵکی یەکەم هاووڵاتییە ڕەسەنەکە بێت، واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان مەرج و ڕێکاری مانەوە بۆبیانی بەشێوەیەك سەخت بکرێت کە ئەوکەسەی بیەوێت مانەوە و موڵکی هەبێت، ببێتە بەشێك لەسیستم و کەلتوور و فەرهەنگی کوردی و هیچ نیاز و ئەگەرێك بۆ سەر دیمۆگرافیا و ناسنامەی ئەم میلەتە دروست نەکات.

**ئەو کەسانەی لە نەتەوەی دیکە دێنە کوردستان، با کۆرسی زمانی کوردی و ئاشنابوون بە مێژوو و کەلتووری کوردی بخوێنن و ئەمە بەشێک بێت لە مەرجی مانەوەیان**



**د.جەلال ئەحمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# ململانێی شیعە و سوننە بە قازانجی شیعە و بە زیانی خاک و ناسنامەی ئێمە تەواو دەبێت

**د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بەشی توێژینەوە و ڕاپرسییە لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و، کۆمەڵناسە و مامۆستایە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، لە گفتوگۆی ئەم جارەد (گۆڕینی ناسنامە و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆسیاسییەوە و بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

لەم چەند دێڕەدا و لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆسیاسییەوە دەمەوێ سەرنجتان بۆ ورووژاندنی ئەو پرسیارە ڕابکێشم، کە لەبەرچی گۆڕینی دیمۆگرافی بەردەوامە و سەرباری ناوچە دابڕێندراوەکان، خەریکە بە جددی دەبێتە هەڕەشە لەسەر شارەکانی هەرێمی کوردستانیش؟

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش وەبیرتان دەهێنمەوە، کە ڕاستە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کۆچپێکردن و پێچۆڵکردن و ڕاگواستنی بەزۆر دژ بە هەر پێکهاتەیەکی ئێتنی و ئایینی و ئایینزایەك، گۆڕینی دیمۆگرافیی بەئەنقەستن خراونەتە چوارچێوەی تاوانەکانی جەنگ و جینۆسایدەوە، لە دەستووری نوێی عێراقیشدا لە چەند بڕگەیەکی ماددەی ٢٣دا هەرچەندە باسی زەمانەتی دەستووری پاراستنی مافی موڵکییەت و موڵك وماڵی هاووڵاتیان کراوە، بەتایبەت لە ناوچە فرەئیتنی و کلتووری و شوێنەوارییەکاندا، مەگەر تەنیا بۆ بەرژەوەندیی گشتی نەبێت، دوای قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکەی، ئەوەش باس کراوە، کە ڕێگە بە هیچ گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافی نەدرێت لەسەر حیسابی هیچ پێکهاتەیەك، بەڵام هەر لە هەمان ماددەشدا ڕێگە بە هەموو عێراقییەك دراوە، کە مافی خاوەنداریێتی و موڵکداریێتییان هەبێت لە هەر شوێنێکی عێراقدا کە بیەوت، من ئەمەیان بە کێشە گەورەکە دەزانم بۆ وڵاتێك کە هێشتا هەنگاوی نەناوە بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی پێشتر لە بەرژەوەندیی نەتەوەی زاڵ و بە زیانی پێکهاتەکانی دیکە بە پلان و سیاسەت و ستراتیژێکی پێشوەختە ئەنجام دراون، نە دەستیشی لەو نیاز و بەرنامەیە هەڵگرتووە. ئەمانەم بۆیە باس کرد دەمەوێ بڵێم، کە کاڵفامییە لەمەودوا هیوا لەسەر بڕیار و دەقە دەستووری و یاساییەکان هەڵچنین، خۆ ئەگەر بە گوێرەی ئەمانە بێت، دەبوو مەسەلەی گۆڕینی دیمۆگرافیا لە جیهان بە گشتی و عێراق بە

تایبەت بەرەو دواوە پاشەکشێی بکردایە، لە جیات ئەوەی بە فۆرمی جیاوازتر لە جاران و بە ئاستێکی فراوانتر بەو شێوەیە بەردەوامی هەبێت. من تەنیا هەبوونی هێز و بەرگریکردن بە چەند میکانیزمێکی کارا بەگونجاو دەزانم، کە تا ڕادەیەك دەتوانن بەر بەو مەترسییە بگرن، لێرەدا هەندێکیان وەك هۆکار دەخەمە ڕوو، کە لە هەمان کاتدا دەشێ بکرێنە میکانیزمی پێشگرتن لەو مەترسییەش.

شارەکانی هەرێم بە تایبەت شاری هەولێر خەریکە دەچێتە ئەو بارەی کە لە کۆمەڵناسیدا پێی دەڵێین هاشێوەبوونی کۆمەڵایەتی و کلتووری (Assimilation)؛ و تێکەڵیی بیۆلۆژی (Amalga-mation) لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا. ئێستا کە لە هەولێردا ڕێژەیەکی زۆری عەرەب هەن خۆیان بە خاوەن ماڵ دەزانن، دەچنە هەر شوێن و بازاڕ و فەرمانگەیەك بە عەرەبی قسە دەکەن بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکەن بە عەرەبی وەڵام نادرێنەوە، ناچار نین بچنە خولی فێربوونی زمانی کوردی و منداڵەکانیان لە قوتابخانە کوردییەکاندا بخوێنن، بە هەر ڕێگەیەکدا بڕون پەکیان ناکەوێت، ئەوان بوونەتە هۆی ئەوەی تەنانەت کاسبکار و میوەفرۆش و تەنانەت منداڵەکانیشمان لە کۆڵانەکاندا زمانی عەرەبی بەلایانەوە نامۆ نەبێت.. لە چەندین شوێندا بینیومە ناونیشان و تێکستەکان سەرەتا بە عەرەبی نووسراون، یا فۆنتی عەرەبییەکە (بۆڵد) گەورەتر کراوە.. خەڵکێکی زۆری کورد دشداشەی بەلاوە پەسندە و جگەرەکێشانیان بە نێرگەلە هەڵمژین گۆڕیوە. ئەمانە مشتێکن لە خەرمانێك و نموونەی مەترسییەکان لەسەر زمان و ناسنامەی کلتووری نەتەوەییمان لە شارێکی وەك هەولێردا. هەر لەو شارەدا خەڵکانێکی زۆر هەن وازیان لە ژنە کوردەکانیان هێناوە بۆ هێنانی ژنێکی عەرەب، کە لەمەیاندا دەکرێت تا ڕادەیەك لۆمەی ژنانی کورد بکەین، کە داواکارییان زۆر بووە و پیاوان دەخەنە ژێر بارێکی گرانەوە.

دیوەکەی دیکە و مەترسیدارتری ئەم پرۆسەیە، ئەو تێکەڵبوونی بیۆلۆژییەیە کە ڕێژەکەی لە هەڵکشاندایەو هاوسەرگیریی نێوان کوردێك و عەرەبێك، کە سەر بە نەتەوەی زاڵە لە عێراقدا لە داهاتوودا بە زیانی ناسنامەی نەتەوەییمان تەواو دەبێت، بەتایبەت کە پیاوێکی کورد هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی عەرەبدا دەکات. من بە دەیان نموونەی زیندووم لەم شارەدا پێ شك دێت، کە منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان لەگەڵ باوکە کوردەکەشیاندا دەدوێن و لە قوتابخانە عەرەبییەکانیشدا دەخوێنن، کلتووریان لە زۆر ڕووەوە عەرەبییە و کەمترین بیرکردنەوە و ڕواڵەتی کوردانەیان تیادا شك نابەیت!

ڕاستە هۆکاری بەشێك لەو قۆناغ و بارەی تێی کەوتووین دیفاکتۆیە و، تیرۆر و تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی و شەڕی داعش بوونە هۆی هاتنی ڕێژەیەکی زۆری ئاوارە بۆ هەرێم و هەولێر بەتایبەتی، بەڵام من بەشێکیشی بۆ ئەو پرۆسە بێتام و بێ سەروبەرەی وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرە و هەندێك جۆر بزنسدا دەبینمەوە، کە بوونەتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی پارەداری عەرەب بۆ کڕینی ژمارەیەکی زۆر یەکەی نیشتەجێبوون، لەسەردەمێکدا کە قەیرانی دارایی بەرۆکی خەڵکی هەرێمی گرتووە و توانای کڕینیان زۆر سنووردار بووە، هاوکات هاتنی خەڵکێکی زۆر بێسەروبەریش، کە بەسوودن بۆ ئەنجامدانی هەندێك کار و ئەتوار، کە خەڵکی ئێمە پێشتر بەلایانەوە نامۆ و سەمەرە بوون. کەواتە ئەم پرۆسەیەی بەناو وەبەرهێنان کە زیاتر بۆ پڕبوونی گیرفانی هەندێك کەسە، لە بەرژەوەندیی ئەو عەرەبە سوننیانەدایە، کە شیعەکان زۆریان بۆ هێناون و لە هەرێم خۆیان پەنا داوە و گیرسانەتەوە، کەواتە ململانێی شیعە و سوننەکان بە قازانجی شیعەکان و بە زیانی خاك و ناسنامەی ئێمە تەواو دەبێت، هەڵکشانی نفوز و زاڵبوونی شیعەکان لە ناوچە سوننەنشینەکان و بوونی ژمارەیەکی زۆری عەرەبە سوننە لە هەرێم گەواهی ئەم قسەیەم بۆ دەدەن.

بەشێك لەو ڕەوشە خۆشمان لێی بەرپرسیارین، لە هەرێمدا ژیان پێداویستییەکان هێندە زۆر بوون و دابینکردنیان هێندە قورس بووە کە تاقەتپڕوکێنن، بۆیە ناحەقی دایبابان ناگرم کە دەستیان داوەتە سیاسەتی ڕێکخستنی خێزان و کەم خستنەوەی وەچە.. بەشێکیتری ئەم ڕەوشە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە هێشتا زوو بوو ستایلی ژیانمان وا خێرا بگۆڕێ و لە جیاتی ئەوەی منداڵەکانمان لەسەر بەها و نەریتە ڕەسەنەکانمان پەروەردە بکەین و نیشتیماندۆستی و گیانفیدایی بۆ خاك و نەتەوە ئامانجیان بێت، بواری ئازادیی تاکەکەسی و چێژوەرگرتن لە ژیانیان بەو ئەندازەیە بۆ بڕەخسێنین و، چێژوەرگرتن لە ژیان و ڕابواردن ببێتە فەلسەفەی ژیانیان و هەموو شتەکانی تریان بەلاوە پوچ و بێ مانا بێت، هێشتا زوو بوو ئەو هەموو کافێ و شوێنی کێشانی نێرگەلە و میوزیك لایڤ و...تاد بکەینەوە.

**ئێستا کە لە هەولێردا ڕێژەیەکی زۆری عەرەب هەن خۆیان بە خاوەن ماڵ دەزانن، دەچنە هەر شوێن و بازاڕ و فەرمانگەیەک بە عەرەبی قسە دەکەن بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکەن بە عەرەبی وەڵام نادرێنەوە**

**هاوسەرگیریی نێوان کوردێک و عەرەبێک، کە سەر بە نەتەوەی زاڵە لە عێراقدا لە داهاتوودا بە زیانی ناسنامەی نەتەوەییمان تەواو دەبێت**

**ئەم پرۆسەیەی بەناو وەبەرهێنان کە زیاتر بۆ پڕبوونی گیرفانی هەندێک کەسە، لە بەرژەوەندیی ئەو عەرەبە سوننیانەدایە، کە شیعەکان زۆریان بۆ هێناون و لە هەرێم خۆیان پەنا داوە و گیرسانەتەوە**



**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەنقەست ڕێگرییان لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کرد

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانیشە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك) بەم جۆرە دید و تێڕوانینی خۆی و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

لەگەڵ ئەوەی گەوهەری کێشەی ئێمە لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقی هەر لە سەردەمی حکومەتەکانی پادشایی و پاشانیش حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، هەر لە حکومەتەکانی دوای ساڵی ١٩٥٨یش هەتا ئێستا، کێشەی گۆڕینی دیمۆگرافیا و بەعەرەبکردن و داگیرکردنی خاکی کوردستانە، بەڵام ئێستا لەگەڵ حکومەتەکانی دەسەڵاتدارانی شیعە، خەریکن بە شەڕی لابەلای وەك (شەڕی ئابووری و بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق و نەناردنی مووچەی فەرمانبەران) ئەم کێشە سەرەکی و گەوهەرییەمان لە بیر ببنەوە، یان نەپەرژێینە سەر ئەوەی گوشار بکەین بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی هەرێم، وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و بە هەر سێ قۆناغی (ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی دانیشتووانانی ئەو ناوچانە، ئەنجامدانی ڕاپرسی) چارەنووسی ئەو ناوچانە و کوردستانیبوونیان یەکلایی بکرێتەوە.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان هەر لە شنگالەوە تا مەندەلی هەر یەك کێشەیە و کێشەی شێواندنی ناسنامەی کوردبوونمان و داگیرکردنی خاکی کوردستانە، بەڵام لە ناو ئەو ناوچانەدا کێشەی کەرکووك جیا لە تێڕوانینی شۆڤێنییانەی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ ئەم کێشەیە ڕەهەندی ئیقلیمی و نیودەوڵەتیشی وەرگرتووە و، کە مەسەلەکە دێتە سەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و سەلماندنی ناسنامە کوردستانییەکەی، نەك تەنیا هەر لەسەر ئاستی دەسەڵاتدارانی شۆڤێنیی عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی، بەڵکو لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تەنانەت نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە باشترین حاڵەتدا پێمان دەڵێن: «ئەم ئەم پرسە وەك بۆمبێکی کاتکراو وایە و دەستکاری بکرێت، دەتەقێتەوە» و نێردەی نەتەوە یەگرتووەکان بۆ عێراق (یونامی) لە ساڵانی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٧ کە بە حیساب وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی هاوکاریی عێراقییەکان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی

کێشـەکانیان، کـە دەهاتـن لەگـەڵ سـەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان قسەیان دەکرد، پێشنیاری ئەوەیان بۆ دەکردین با جوگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پۆلین بکرێن و بەسەر ئەو پۆلینکردنەدا دابەش بکرێن، ئەمەش بەو مانایەی ئەو ناوچانەی لە ئێستادا قابیلی ئەوەن بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان جێبەجێیان بکەین و ئەوانەی قابیلی ئەوە نین دەستکاری بکرێن، با جارێ لێیان بگەڕێین، ئەم قسانەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کێشەی ئەو ناوچانە، بە دەق لە قسەکانی سەدام حسێن و حزبی بەعس دەچێت کە لە ساڵی ١٩٧٤ پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکاتەوە لە نێوان شۆڕش و بەغدا پێیان دەگوتین، ئەوانیش پێیان دەگوتین: «ئامادەین هەموو بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جێبەجێ بکەین، بە مەرجێك ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکووك دوابخرێت و نەبێتە بەشێك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی»، کە ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو کە جەنابی مستەفا بارزانی قبووڵی نەکرد و شەڕ دەستی پێکردەوە و، ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن لە پێناوی ئەوەی کەرکووك نەبێتە بەشێك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان، دەستیان لە بەشێکی زۆری شەتولعەرەب هەڵگرت بۆ شای ئێران و ڕێککەوتننامە شوومەکەی ٦ی ئاداریان ئیمزا کرد و نسکۆیان بە سەر شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هینا، شۆڕشی ئەیلوول کرایە قوربانیی سەلماندنی کوردستانییەتی کەرکووك.

ئاماژەکردنم بۆ ئەم ڕەهەندە نێودەوڵەتییە کە لە بەرژەوەندیی کورد و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان نییە، بۆ ئەوە بوو بڵێم: هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە دەکەوێتە سەر شانی نەتەوەی کورد و تەواوی گەلی کوردستان و فەرزی دەکات کە دەبێت هەموومان ئەم کێشەیە وەك کێشەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەیر بکەین و، نەیکەن بە قوربانیی تێڕوانین و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، کە بەداخەوە هەتا ئێستاش هەر لە چوارچێوەی تێڕوانین و بەرژوەندیی تەسکی حزبایەتیدا مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە چارەنووسسازە کراوە .

خاڵی گرنگ بۆ یەکبوونی ئیرادەی گەلی کوردستان، پەیوەندیی بە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە هەیە، دەبێت زۆر لۆژیکییانە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بخوێنینەوە و پەند و عیبرەت لە هەڵەکانی وەربگرین و قۆناغە گەشەکانیشی زیاتر پەرە پێ دەین.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٦ کە بەرەو ساڵی حەوتەمی شەڕی (عێراق – ئێران) هەنگاومان هەڵدەگرت، بە ئاشکرا هەر دوولا (ئێران و عێراق) باسی ئەوەیان دەکرد کە ساڵی حەوتەمی شەڕەکە واتە ١٩٨٧ ساڵی یەکلاکردنەوەی شەڕەکە دەبێت، بۆیە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان گەیشتە قەناعەت، ئەگەر ئەم شەڕە بۆ بەرژەوەندیی هەر لایەکیان (عێراق یان ئێران) تەواو ببێت، چارەنووسی گەلی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەم مەترسییە زەمینەی ئەوەی هێنایە ئاراوە کە تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتایبەتی، بیر لە ئاشتبوونەوە و کۆتاییهێنان بە کێشە و ناکۆکییە حزبییەکانیان بکەنەوە، تەنیا بە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی، هیوا و ئومێدێکی گەورە بۆ گەلی کوردستان دروست بوو، ئەمە لە کاتێکدا هەر لە هاوینی ١٩٨٧ـەوە حکومەتی بەعس و سەدام بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی هێزەکانی پێشمەرگە هەنگاویان بۆ پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال هەڵگرتبوو، کە پاشان دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ئاداری ١٩٨٨ دەستی کرد بە جێبەجیکردنی هەڵمەتی ١٠ شاڵاوەکەی ئەنفال هەر لە بادینانەوە تا گەرمیان.

لە ناو ئەم کارەساتە گەورە نەتەوەییەدا، تەنیا بە هۆکاری ئەوەی ڕێککەوتنی ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی هەنگاوی بۆ پێشەوە هەڵگرت و بەرەی کوردستانییان دامەزراند، هەروەها وێڕای ئەوەی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨ بە دڕندەترین شێواز بڕیاری کۆمەڵکوژیی خەڵکی کوردستانی دابوو، بەڵام لەو کاتەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانییان داستانی خواکورك تۆمار بکەن و سەرۆك بارزانی موژدەی گۆڕانکاریی گەورە بە گەلی کوردستان ڕابگەیەنێت.

بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکانیش پێویستمان بە دووبارە دروستبوونەوەی ئەو ئیرادەیە هەیە کە لە قۆناغێکی زۆر چارەنووسسازدا بەرەی کوردستانیی دروست کرد، ئەو «بەرەی کوردستانی»یەی لە ڕاپەرین و کۆڕەوی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئیرادەی گەلی کوردستانی بەرجەستە کرد و سەرەنجام ئەم ئیرادەیە هەڵوێستی نێودەوڵەتیی گۆڕی و بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو و نەوای ئارامی لێ کەوتەوە، کە توانیمان لە ناو ئەم نەوا ئارامەدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین، ئێستا هەر ئەو ئیرادەیە دەتوانێت هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگۆڕێت و چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم یەکلایی بکاتەوە.

**کێشەی کەرکووک جیا لە تێڕوانینی شۆڤێنییانەی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ ئەم کێشەیە ڕەهەندی ئیقلیمی و نیودەوڵەتیشی وەرگرتووە**

**ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن لە پێناوی ئەوەی کەرکووک نەبێتە بەشێک لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان، دەستیان لە بەشێکی زۆری شەتولعەرەب هەڵگرت بۆ شای ئێران و ڕێککەوتننامە شوومەکەی ٦ی ئاداریان ئیمزا کرد و نسکۆیان بە سەر شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هینا**

**دەبێت زۆر لۆژیکییانە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بخوێنینەوە و پەند و عیبرەت لە هەڵەکانی وەربگرین و قۆناغە گەشەکانیشی زیاتر پەرە پێ دەین**

**تەنیا بە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی، هیوا و ئومێدێکی گەورە بۆ گەلی کوردستان دروست بوو**

## تابان حەسیب:

# هەوڵ دەدەم وەکو ڕاوێژکارێک لە بواری چێشتلێنەریدا کارا بم و دەستی هەموو ئەو ئافرەتانە بگرم کە لە کارەکەیاندا لێهاتوون



تابان حەسیب، خانمە چێشتلێنەرێکی بەتوانای شاری سلێمانییە، خاوەنی پەیجی (taban food)ـە و بە شێوەی ئۆنلاین کاردەکات و بە پێی داواکاریی کڕیارەکان خواردن ئامادە دەکات و بە ڕێگەی دلیڤەری بۆیان دەنێرێت، وێڕای ئەوەی دایکە و پەروەردەکردنی دوو منداڵی چاوگەشی لە ئەستۆدایە، هاوکات کاری ڕیکلام دەکات و لە پەیجی سۆشیال میدیا و لە تەلەفزیۆن بەرنامەی فێرکاری ئامادەکردنی خواردنی هەیە. لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە هەنگاوەکانی کارکردنی بۆ خوێنەران دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

تابان حەسیب دانیشتووی شاری سلێمانییە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ ـە و دەرچووی زانکۆی سلێمانی و ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆییە، وەك خۆی باسی دەكات دوای تەواوكردنی خوێندن و سوودمەندنەبوونی لە هەلی دامەزراندن لە كەرتی حكوومی دەستی بە كارەكەی كردووە، بەمجۆرەش باسی چۆنیەتی تێكەڵبوونی بە بازاڕی كار دەكات: «ماوەی سێ ساڵە دەستم بە كاری چێشتلێنەری وەك شێف كردووە، بە شێوەی ئۆنلاین كاردەكەم و بەپێی داواكاری كڕیارەكان خواردنەكانم ئامادە دەكەم و بە شێوەی دلیڤەری بۆیان دەنێرم، هاوكات كاری ڕیكلام دەكەم و لە پەیجی سۆشیال میدیا و لە تەلەفزیۆن بەرنامەی فێركاریی ئامادەكردنی خواردنم هەیە، بە پێشكەشكردنی زنجیرە بەرنامەیەكی فێركاری خواردنی تەندروست بۆ خانمان كە لە ئێستادا لە یەكێك لە كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان پەخش دەكرێت، هەروەها ڕیكلام بۆ ناساندنی خواردنگە و ڕێستۆرانتەكانی شاری سلێمانی و دەوروبەری دەكەم و بەردەوامیشم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەگەڵ ستافەكەم بەشداری زۆرێك لە فیستیڤاڵەكان دەكەین، ئەویش هەم بۆ ناساندنی خۆمان هەمیش بۆ ناساندنی خواردنە كوردەوارییەكان بەگشتی».

دەربارەی هۆكاری كاركردنی وەكو شێف تابان حەسیب دەڵێت: «دانەمەزراندنم هانیدام بۆ دەستخستنی بژێویی ژیان بیر لە كارێكی سەربەخۆ بكەمەوە، بە هۆی قورسی و گرانبوونی ژیانكردن و زۆریی پێداویستیی ڕۆژانەی خێزانەوە، لێرەوە پێویست دەكات ئافرەتیش شان بە شانی پیاوان كار بكەن، وێڕای ئەركە قورسەكەی ئافرەتان لە پەروەردەكردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی خێزان و بەرپرسیارێتی ژیان، دەبێت ئافرەت بیر لەوەش بكاتەوە كە ئەركێكی دیكە بۆ خودی خۆی زیاد بكات و لە پاڵ هاوژینەكەیدا لە پەیداكردنی بژێوی ژیان هاوكار بێت، چونكە ژیان لە ئێستادا وەكو جاران سادە نییە كە بە مووچەیەكی كەم، یان بە كرێكارییەك بژی.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا كە ئایا كاركردنی خانمان لە بارودۆخی ئێستا لە چ ئاستێكدا دەبینێت و ئایا زەروورە ئافرەتیش خاوەنی كاری خۆی بێت؟ گوتی: «لەم سەردەمەی ئێستادا كاركردنی خانمان زۆر بە پێویست دەزانم، بە پێویستی دەزانم هەر خاتوونێك بیرۆكە و بەهرەیەك و لێهاتووییەك لە خۆیدا بدۆزێتەوە و دەست بە كار بكات، دیارە هیچ كارێكیش بی زەحمەتی و نارەحەتی نابێت، پێویستە ماندووبوون بچێژین، تاوەكو بگەینە لووتكەی سەركەوتن، بۆیە بۆ دەستپێكردن هیچ كات درەنگ نییە، ڕۆژێك دێت ئەو بیرۆكەیە گەورە دەبێت و دەبیت بە خاوەن داهاتی خۆت و چەند كەسێكیش لەگەڵ خۆت دەحەسێنیتەوە».

تابان حەسیب، لەبارەی خەون و خولیای بۆ داهاتوو دەڵێت: «خەونی ئەوەم هەیە پڕۆژەكەم گەورەتر بكەم و شوێنێكی تایبەت بە خۆم بكەمەوە، هاوكات هەلی كاركردن بۆ كۆمەڵێك خاتوون بڕەخسێنم، هەوڵ دەدەم وەكو ڕاوێژكارێك لە بواری چێشتلێنەریدا كارا بم، تاوەكو بتوانم دەستی هەموو ئەو ئافرەتانە بگرم، كە خاوەنی لێهاتووییەكی باشن، بە واتایەكی دیكە زۆر خاتوون هەن خاوەن بیرۆكەن، بەڵام نازانن چۆن و لە كوێوە دەستپێبكەن، من بەپێی توانا هاوكاریان دەبم و ڕێنماییان دەكەم كە چۆن هەنگاوەكان هەڵبگرن».

**لە پەیجی سۆشیال میدیا و لە تەلەفزیۆن بەرنامەی فێركاریی ئامادەكردنی خواردنم هەیە**

**ڕیكلام بۆ ناساندنی خواردنگە و ڕێستۆرانتەكانی شاری سلێمانی و دەوروبەری دەكەم**














# گەنجان و لاوان خولیا و خەونی گەورەیان بۆ ساڵی نوێ هەیە



ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ)، ئاماژە بەوە دەکەن کە گەنجان (١٨%)ی دانیشتووانی جیهان پێك دەهێنن، بەو پێیە (١.٢) ملیار کەس بە گەنج هەژمار دەکرێن. واش پێشبینی دەکرێت کە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٥ ڕێژەی ٧٢ ملیۆن کەسی دی بکەونە ژێر ئەم پۆلێنەوە. بەپێی پێوەرە دیمۆگرافییەکانیش بێت، توێژی گەنجان زۆرترین ڕێژەی کۆمەڵگەی کوردی پێك دەهێنن، نەبوونی دەرفەتەکانی ژیان و ئەگەرە سنووردارەکان وادەکات، لەمپەر لەبەردەم توانا و هەوڵەکانیان بۆ پێشەنگیکردنی پرۆسەی پەرەپێدانی وڵاتەکەیان دروست بکەن، لە کاتێکدا گەنج وەکو بزوێنەری گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا هەژمار کراوە، گەنجانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان ئاواتەکانیان بۆ ئایندەی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٤ دەخەنە ڕوو.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**





ڕاژان ستوونی:

**ئومێدەوارم لە ساڵی ئایندەدا قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان نەمێنێت، قەیرانێک کە دروستکراوی داگیرکاران و ناحەزانی کوردستانە**



شڤان حاجی کەمال:

**وەک گەنجێکی کورد ئاواتی گەورەم ئەوەیە لەسەر دەستی جەنابی سەرۆک بارزانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست بێت**



دهۆك بەڕۆژی:

**ئەوە گەنجانن کە لە ڕۆژانی هەستان و خرۆشان و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هەر هێز و دەسەڵاتێکی هێرشبەردا، یەکەم هێز دەبن کە بە زوویی دەگەنە پێشەوەی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەکان**

ڕاژان ستوونی، چاودێری سیاسی و بەرپرسی بەشی سۆشیاڵ میدیای لقی ٢٤ی سەفین، سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «هەر گەنجێك لە نێو پرۆسەی ژیاندا دەبێت بە ئومێد و هیواوە لە ئایندە بڕوانێت و هەمیشە گەشبین بێت بە داهاتوو». هاوکات دەڵێت: «پێش هەموو شتێك خوازیاری ئەوەم، ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستان کۆتایی پێ بێت، لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەکڕیز و یەك هەڵوێست بن، بە یەکگوتاریی سیاسی ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە و کێشە و قەیرانەکان ببنەوە؛ بە یەکەوە لەپێناو کوردستانێکی بەهێز تێبکۆشن و دوور بکەونەوە لە ناتەبایی و لەیەکترازان؛ هەروەها ئومێدەوارم لە ساڵی ئایندەدا قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان نەمێنێت، قەیرانێك کە دروستکراوی داگیرکاران و ناحەزانی کوردستانە، دۆخی دارایی گەلی کوردستان بەرەو باشتربوون بڕوات، ئەمەش سیاسەتێکی حەکیمانەی پێویستە لەسەر بنەمای کوردایەتی، نەك حزبایەتیی تەسك؛ چونکە لە قۆناغی ئێستادا پیلان و مەرامی دوژمنانی کوردستان لاوازکردنی سەنگی وڵاتەکەمانە و لە ڕێگەی گوشاری دارایی و ئابوورییەوە دەیانەوێت ئەم ئەزموونە فیدراڵییەی کە هەیە شکستی پێ بهێنن؛ داواکارم لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە گشتی زیاتر ڕۆڵ بە گەنجان بدەن لە هەموو ڕوویەکەوە و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێندرێت، تاکوو بەشداریی کارایان هەبێت لە بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز؛ چونکە ئەوە گەنجانن دەتوانن وڵات بەرەو گەشەسەندن و پێشکەوتن پاڵ پێوە بنێن و داینەمۆ و وزەی سەرەکیی هەر وڵاتێکن. لە کۆتاییدا دەڵێم: زۆر فاکتەر هەن کە بۆ ساڵی نوێ بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، خوزگەیان بۆ دەخوازین و هەر بەرەو پێشڤەچوونێکیشمان زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لە ئامانجی کۆتایی کە سەربەخۆیی کوردستانە».

شڤان حاجی کەمال کارگێڕی لقی گەرمیان (ی.ق.ك)، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هیوادارم لە ساڵی داهاتوو پێ بنێینە نێو قوناغێکی نوێ و دۆخی کوردستان بەرەو قۆناغێکی باشتر بڕوات لە ڕووی کێشە و قەیرانەکان، ئومێد دەکەم لایەنە کوردییەکانی کوردستان هەموویان هەوڵی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بدەن، حکومەتی فیدڕاڵیش بە جددی بێتە سەر خەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارایی کوردستان و ناردنی مافی مووچەخۆرانی کوردستان». گوتیشی: «لای هەمووان ڕوون و دیارە کوردستان هەموو هەوڵێکی جددی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام لایەنی دووەم کە حکومەتی عێراقە زۆر سستە لە هەوڵەکانی. من وەك گەنجێکی کورد ئاواتی گەورەم ئەوەیە لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست بێت».

دهۆك بەڕۆژی ئەندامی ئەنجومەنی سۆران و بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی (ی.ئا.ك)، ڕای وایە: «گەنجان بنەمای هەر ئایندەیەك و هەر خەیاڵێکی نوێن و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە دیدی گەنجاندا بێجگە لە خشتی بنیادنانێك بۆ ئایندە هیچ مانایەکی دیکەی نییە». هاوکات دەڵێت: «گەنجان ئەو توێژەن کە پڕن لە ئومێدی زۆر، بۆیە هەمیشە چاویان لە ئایندەیە و بۆ ئایندە دەژین، چونکە ئایندە بۆ گەنجانی هوشیار و خاوەن مەعریفە جێگای حەوانەوە و ئارامی و دروستبوون و بونیادنانیانە». گەنجان دەیانەوێت بوونی توانایی و کەسیەتیی خۆیان بسەلمێنن، ئەوە گەنجانن کە لە ڕۆژانی هەستان و خرۆشان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر هێز و دەسەڵاتێکی هێرشبەردا، یەکەم هێز دەبن کە بە زوویی دەگەنە پێشەوەی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەکان، بۆ ئەوەی ئێستای کۆن و باو بڕووخێنن و ئایندەیەکی نوێ بە دەست و مەچەك و خوێنی خۆیان درووست بکەن».

بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی (ی.ئا.ك) پێداگری لەسەر ئەوە دەکات: «گەنجان ئەو مرۆڤانەی نێو کۆمەڵگەن کە هەمیشە بڕوایان بە هێز و جەستەی خۆیان هەیە. بڕوایان بە گۆڕانکاریی واقیعی و زیندوو هەیە، بڕوایان بە تازەگەری و ڕانەوەستان هەیە. بڕوایان بە هەر شتێکی گۆڕا و دووبارە نەبوو هەیە».

بێلان ڕۆژبەیانی ڕۆژنامەنووسە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بڕوای بە هێزی بە گەنج هەیە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «گەنجان باش دەزانن قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی ڕاپەرینی خەڵك و جەماوەری کوردستان و خوێنی شەهیدانی سەربەرزی ئەم نیشتمانەیە، بۆیە دەیپارێزن و بەهێزی دەکەن، بەڵام چەند لایەنێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆژانە نابەرپرسانە لە ڕاگەیاندن و کەناڵەکانیان باس لە

مەترسی بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و نەمانی دەکەن و دەیانەوێت ئەو دەستکەوتانەی کە بە خەبات و تێکۆشانی هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە بەدی هاتووە، دوژمنان و ناحەزانی ئەم وڵاتە لە ناویان ببات، بەڵام ئەزموونی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان لە خۆڕا نەهاتووەتە بوون، بەڵکوو دەریایەك خوێنی لەپێناودا ڕژاوە، بۆیە پێویستە هەموان پارێزگاری لێ بکەن . هەروەها پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بە تەنیا ئەرکی پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکوو ئەرکی سەرشانی تاك بە تاکی هاونیشتمانانە بە هەموو پێکهاتەکانەوە. قەوارەی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستووری و یاساییە و هیچ کەس و دەسەڵاتێك توانای هەڵوەشاندنەوەی نییە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکان تەواوی جیاوازییەکان وەلاوە بنێن و بە سینگێکی فراوانەوە کێشە و گرفتەکانیان لە ڕێگەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنەوە چارەسەر بکەن، چونکە ئەوە وا دەکات لایەنەکان کۆبکاتەوە و بەوش دەتوانرێت بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان پارێزگاری لێ بکرێت».

ئەو ڕۆژنامەنووسە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «پەرتەوازی و ناکۆکییەکانی کورد مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، هەر ئەوەش وای کردووە، کورد بە ماف و ئامانجەکانی خۆی نەگات. بەڵام دەکرێت هەموو هێزە کوردییەکان پلان و بەرنامەیەکی جددییان هەبێت و بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە دۆخێکی نوێ بهێننە کایەوە و سەرکردایەتییەکی نوێ دروست بکەن، کە خەمی هاوولاتیانی هەبێت و خەمی قەوارەی هەرێم و ئابوورییەکەی هەبێت و نابێت کورد جارێکی دیکە تووشی زەرەر وماڵوێرانی ببێت و دەبێت ئەزموون لە مێژوو و سەدەکانی ڕابردوو وەر بگرن».

وەك دوا وتەشی گوتی: «وەکو هەر تاکێکی ئەم نیشتمانە هەمیشە ئاواتی ئەوەم هەیە کە بگەین بە سەربەخۆیی و ئێمەش دەوڵەتی خۆمان هەبیت، دڵنیام کە ڕۆژێك بە ڕابەرایەتی سەرۆك و ڕێبەری کورد سەرۆك بارزانی بەو ئاواتە شاد دەبین».

کاروان کەلاری ڕۆژنامەنووسە و سەبارەت بە خەون و خولیای بۆ ساڵی نوێ دەڵێت:» من وەکو گەنجێکی گەرمیانی دەخوازم ساڵی نوێ ساڵی خزمەتکردنی گەنجان بێت و ڕۆڵ و دەرفەتی باشتر بۆ گەنجان لە هەموو سێکتەر و جومگەکانی حوکمڕانی و تێکڕای کایەکانی دیکە برەخسێنرێت، دەخوازم کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر ببن، بە تایبەت کێشە داراییەکان تاوەکو ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی چیدیکە دەست بۆ قوت و بژێو و بووجە و مووچەی خەڵکی کوردستان نەبرێت، جارێکی دی هاتنی مووچە نەبێتە سەردێر و هەواڵی بە پەلە.


هاوکات گوتی:» لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەخوازم کوردستان هەمیشە ئارام بێت و یەکڕیزی و تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا هەبێت، بە تایبەت هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەت لە دوای ئەو سەرکەوتنەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەدەستهاتن، دەکرێ لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لە نێوانیاندا دروست بێت تاوەکو بەیەکەوە ئەو بارودۆخە ناجۆرەی لە ناوچە کوردستانییەکان بە تایبەت کەرکووك و دەشتی نەینەوا و دیالە هەیە ئەو بارە لارە ڕاستبکرێتەوە، هەروەها خزمەتێکی باشتری ئەو ناوچانە بکرێت و هەوڵی باشترکردنی بژێوی ژیانی هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە و هەرێم بە گشتی بکرێت.»

ڕێزان باڵەك چالاکی مەدەنییە و بەم جۆرە ڕای خۆی سەبارەت بە تەوەری ئەم ڕاپۆرتە دەر بڕی: «ساڵی ٢٠٢٣ ساڵێکی پڕ لە مەینەتی بوو بۆ کوردستانییان کە چەندین ڕووداوی نەخوازراو و ناخۆش تیایدا ڕوویان دا، ئەوەش بووە هۆی نیگەرانی لای هاووڵاتیان. ئێستا کە لە ساڵی ٢٠٢٤ نزیك دەبینەوە، دەبیت خۆمان بۆ ڕووداو و گۆڕانکارییەکان ئامادە بکەین، بتایبەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە دەکرێت دۆخی سیاسی و ڕەوشی ئابووری بەرەو باشتر ببات. هیوادارم کە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ تاك بە تاکی هاووڵاتییان. کورد بە درێژایی مێژوو بەردەوام قوربانی داوە بۆ پاراستنی ناسنامە و خاك و بەرزمانەوەی ئاڵای کوردستان و لەم پێناوەدا هەزاران ڕۆڵەی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کردووە.منیش وەکو هەر تاکێکی ئەم نیشتمانە هەمیشە ئاواتی ئەوەم هەیە کە بگەین بە سەربەخۆیی و ئێمەش دەوڵەتی خۆمان هەبیت. دڵنیام کە ڕۆژێك بەو ئاواتە شاد دەبین بە ڕابەرایەتیی سەرۆك و ڕێبەری کورد سەرۆك بارزانی».



بێلان ڕۆژبەیانی:

**پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بە تەنیا ئەرکی پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکوو ئەرکی سەرشانی تاک بە تاکی هاونیشتمانانە بە هەموو پێکهاتەکانەوە**



کاروان کەلاری:

**وەکو گەنجێکی گەرمیانی دەخوازم ساڵی نوێ ساڵی خزمەتکردنی گەنجان بێت و ڕۆڵ و دەرفەتی باشتر بۆ گەنجان لە هەموو سێکتەر و جومگەکانی حکومڕانی برەخسێنرێت**



ڕێزان باڵەك:

**کورد بە درێژایی مێژوو بەردەوام قوربانی داوە بۆ پاراستنی ناسنامە و خاک و بەرزمانەوەی ئاڵای کوردستان و لەم پێناوەدا هەزاران ڕۆڵەی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کردووە**



### هونەرمەند بزاڤ زاخۆیی بۆ گوڵان:

# هیوادارین لە کاروانی ئاوەدانیی زاخۆدا بواری هونەریش گرنگیی زیاتری پێ بدرێت

*** دۆخی هونەری کوردی چۆن دەبینیت؟**

- بە داخەوە لە کوردستان هونەر لە ئاستێکی لاواز دایە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییە ئەو تێڕوانینەی کە پێشتر بۆ هونەر هەبوو هێشتا ماوە، ئەگەر سەیری میللەتانی دەوروبەرمان بکەین، دەبینن کە چۆن و بە چ شێوازێك ڕێز لە هونەر و کلتووریان دەگرن، چونکە درکیان بەوە کردووە کەهونەر هۆکاری پاراستنی زمان و کلتوور و ئەدەبی میللەتانە و، دەتوانن لە ڕێگەی هونەرەوە زمانیان پەرە پێ بدەن و بیپارێزن و، ڕوویەکی گەشی کلتوور و زمانی خۆیان پیشانی جیهان بدەن.

ئەگەر سەیری شاری زاخۆ بکەین کە شاری پێگەیاندنی کەڵە هونەرمەندان و شاری ئاوازدانەر و شاعیر و کەسانی بە توانای هونەرییە، هونەرمەندانی بە توانا هەن لە هەموو ڕوویەکەوە کە دەتوانین پێیان بڵێین هونەرمەندی ڕاستەقینە، بەڵام چونکە پەیوەندییەکانیان باش نییە یان کەس ناناسن، دەبینین پشتگوێ دەخرێن، بۆیە ناچار دەبێ ڕوو لە کارێکی دیکە بکەن، زۆر لە هونەرمەندان کە جەماوەر دەنگ و سەلیقەی هونەرییانی قبووڵە و خاوەن جەماوەرێکی زۆرن و بەهرەی هونەرییان هەیە، پەیوەندییەکانیان باش نین و کەسانی دەستڕۆیشتوو ناناسن، یان توانای ماددییان کەمە، ناتوانین پەرە بە هونەرەکەیان بدەن، بۆیە ناچار دەبن وەك پێشە گۆرانی بڵێن نەك وەك ئامانج بۆ خزمەتکردنی میللەت.



زاخۆ هەمیشە مەڵبەندی پێگەیاندنی داهێنەران بووە و لەو ڕووەوە دەیان هونەرمەند، شاعیر و ئاوازدانەری پێشکەشی نیشتمان کردووە، کە کاری نایابیان پێشکەش کردووە و جێپەنجەیان لە مێژووی هونەری کوردیدا دیار و بەرچاوە، بزاڤ زاخۆیی یەکێکە لەو هونەرمەندە گەنجانەی شاری زاخۆ کە خاوەن دەنگێکی خۆش و سەلیقەیەکی هونەریی بەرزە، تا ئێستا چەندین بەرهەمی پێشکەش کردووە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** لە هونەرمەندەکاندا کێ زیاتر کاریگەریی لەسەرت هەبووە؟**

- چەندین هونەرمەندی گەورە هەن کە کاریگەرییان لەسەر من هەبووە و بە ئەزموونی هونەرییان سەرسام بووم، لەوانە نەمران ئەیاز یوسف، ئەردوان زاخۆی، تەحسین تەها، حەسەن جەزراوی، محمد عارف جەزراوی، دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کە خودای مەزن بەهرەی دەنگخۆشیی پێ بەخشیوم، زیاتر بەم هوەرمەندانە کاریگەر بووم و، هەوڵم دا سوود لە ئەزموونی چەند ساڵەیان وەربگرم و لەسەر ڕێچکەیان بەردەوام بم، بۆ ئەوەی بتوانم لە ڕێگەی هونەرەوە خزمەتێك بە گەل و لاتەکەم بکەم.

*** ئایا دەتوانیت لە ڕێگەی هونەرەوە ژیانی خۆت مسۆگەر بکەیت؟**

- بە دڵنیاییەوە هیچ هونەرمەندێکی کورد ناتوانێت لە ڕێگەی هونەرەوە بژێوی ژیانی خۆی مسۆگەر بکات، چونکە ئەمە زۆر زۆر قورسە، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە هونەری کوردی لە زۆر ڕووەوە لە پاشەکشێدایە و ئاستی هونەر لە دابەزینێکی بەرچاودایە، نەخاسمە لە پاراستنی مافی هونەرمەندان. ئەگەر هونەری کوردی لە ئاستێکدا بوایە تەواوی کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم، ئێستا بەرهەمی زۆر جوانتر و بەرزترم پێشکەش دەکرد و زیاتر خزمەتم بە هونەری کوردی دەکرد، بەڵام بەو پێیەی کە هونەرمەند حەز و ئاواتەکانی بهێنێتە دی، لە ئێستادا هونەر بۆ ئێمە وەك خولیایەکە و سەرچاوەی بژێوی ژیان نییە، بەڵام هونەر و گۆرانی کوردیمان خۆشدەوێت و بەردەوامین، ئەگەر لەسەر ئەرکی خۆیشمان بێت کۆڵ نادەین، بەداخەوە ئەمە قەدەری هونەرمەندانی کوردە کە دەبێ قوربانی بدەن.

*** پەیوەندیت لەگەڵ ئاوازدانەر و هونەرمەندان چۆنە؟**

- پەیوەندیم لەگەڵ هەموو هونەرمەندان، شاعیر و ئاوازدانەران زۆر باشە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆریان کارم کردووە و سەرکەوتنی زۆر باشم لەم بوارەدا بەدەست هێناوە، بەڵام ئەوەی کە مامۆستای منە و زۆر لێم نزیکە و بە قوتابخانە و نموونەی مامۆستایەکی ڕاستگۆی دەزانم، مامۆستای هێژا عەبدولعەزیز سلێمانە، کە زۆر زۆر یارمەتیی داوم، نەك لە بواری شیعر و ئاوازدا، بەڵکو لە ڕێنمایی و

ئامۆژگارییشدا، هەر لە سەرەتای کاری هونەریمەوە تا ئێستا ئەو بەردەوامە لە پێدانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی، بۆ ئەوەی بتوانم پەرە بە ئاستی هونەریم بدەم و کاری هونەریی جوانتر پێشکەش بکەم و خزمەت بە هونەری ڕەسەنی کوردی بکەم، لێرەوە سڵاوی خۆم ئاراستەی مامۆستا عەبدولعەزیز و هەموو ئەو مامۆستا و ئاوازدانەر و شاعیرانە دەکەم کە لە سەرەتای کاروانی هونەریمەوە کارم لەگەڵیاندا کردووە.

*** خۆشت ئاواز دادەنێیت و تێکستی گۆرانی دەنوسیت؟**

- لە ڕاستیدا شاعیری باش و پایەبەرز هەن کە خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی شیعرن لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها تێکستی گۆرانی دەنووسن، و زۆر جار ئێمە خۆمان داوایان لێ دەکەین کە چیمان دەوێت، هەروەها موزیسیان و ئاوازدانەری گەورە هەن کە خاوەن شارەزایی وئەزموونی چەندین ساڵن لە بواری هونەریدا، خوای گەورە دەنگخۆشیی پێ بەخشیووم، بەم دەنگەش دەتوانم خزمەتی هونەری کوردی بکەم لە ڕێگەی تێکستی شاعیران و ئەو مێلۆدییانەی کە ئاوازدانەرە گەورەکان ئامادەیان کردووە، دەتوانین بە هەموومان کارێکی جوان پێشکەش بکەین.

*** زاخۆ شارێکە بە هونەرمەندە گەورەکان ناسراوە، کە زۆریان بەخشیوە بە هونەری کوردی، بە بۆچوونی ئێوە ئایا حکومەتی هەرێم پاڵپشتی تەواوی هونەرمەندانی شاری زاخۆ کردووە؟**



- لە ڕاستیدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، دوای ئەوەی زاخۆ بوو بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ گەشەسەندنێك گەورەی شارستانی بەخۆیەوە بینی لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و لە هەموو بوارەکاندا، ئەمەش لە سایەی بەڕێز جەنابی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، کە گرنگییەکی زۆر بە پرۆژەکانی زاخۆ دەدات، وەك هونەرمەند هیواداریین لایەنی هونەریش پشکی ئەم پاڵپشتییە هەبێت کە حکومەت پێشکەشی خەڵکی شاری زاخۆی دەکات و، دڵنیایین جەنابی سەرۆکی حکومەت و ئیدارەی سەربەخۆ ئەمە لەبەرچاو دەگرن، چونکە زاخۆ پێشتر و ئێستاش و لە ئایندەشدا شوێنی پێگەیاندنی هونەرمەندانی شۆڕشگێڕە، کە لەپاڵ پێشمەرگە قارەمانەکاندا بە گۆرانی و سروود خزمەتی کوردستانیان کردووە.

*** مامۆستا عەبولعەزیز سلێمان بۆتۆ چی دەگەیەنێت؟**

- کارکردن لەگەڵ مامۆستا عەبدولعەزیز سلێمان یەکێکە لەو شتانەی کە شانازیی پێوە دەکەم، چونکە ئەو لە سەردەمی هونەرمەندان فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها و حەسەن جەزراوی و محمد عارف جزراویدا بووە، هەروەها مامۆستای هونەرمەندانی کۆچکردوو ئەیاز یوسف و ئەردەوان و زۆرێك لە هونەرمەندان بووە، جا ئەو هونەرمەندانە لە زاخۆ یان لە شارەکانی دیکەی کوردستان بووبن، هەروەها خاوەنی ئەزموون و شارەزاییەکی زۆرە لە بواری تێکست و ئاواز و میلۆدی و ناسینی دەنگەکان، بەتایبەتی لە بواری مێلۆدی و هەڵبژاردنی گۆرانی و تێکستدا، زۆر جار پێم دەڵێ چەند تایبەتمەندییەك زۆر پێویستن لە هونەرمەنددا هەبن، وەك: یەکەم شت دەنگ، کە زۆر گرنگی بە دەنگی خۆش دەدات، دووەم، زۆر وردبوونەوە لە کارە هونەرییەکان، من یەکێکم لەو کەسانەی کە بە ئاسانی هەر بەرهەمێك ناکەم بە گۆرانی، بەڵکو لە هەموو ڕوویەکەوە لێی دەکۆڵمەوە و بەدوای لایەنە بەهێز و لاوازەکانیدا دەگەڕێم، دواتر ئەم بەرهەمە هەڵدەبژێرم، ئەمەش ئەوەیە کە مامۆستا لەبەرچاوی دەگرێت و بە یەکێك لە مەرجە گرنگەکانی دەزانێت و، دەڵێت دەنگی تۆ دەنگێکی پاکی کوردییە، و ئەم سیفەتانەی تۆ لە ئەیاز و ئەردواندا هەبوون، بە گشتی زۆر گرنگی بە دەنگ دەدات و بە هۆکارێکی سەرەکیی دەزانێت بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند لە کارەکانیدا.

# زمانی چارلیز تیڕۆن توشی گرفتی دەکات



ئەستێرەی هۆلیوود، چارلیز تیڕۆن، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر دەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی زمانی دایکی خۆی کە ئەفریقانییە بە «زمانێکی مردوو» وەسف دەکات.

زمانی ئەفریقایی زمانێکی ژێرمانی ڕۆژئاوایە کە لە باشووری ئەفریقا و نامیبیا و چەند شوێنێکی دیکە بەکاردێت و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانی سپی پێست لە باشووری ئەفریقا کە لە هۆڵەندا و فەرەنسا و ئەڵمانیاوە هاتوون.

تیڕۆن بە گاڵتەجاڕیەوە وتی زمانی ئەفریقایی «نزیکەی ٤٤ کەس» قسەی پێدەکەن و «زۆر بەسوود» نییە.

تیڕۆن زیاتر وتی: کە لە باشووری ئەفریقا گەورە بووە و تەنیا بە زمانی ئەفریقایی قسەی دەکرد، پێش ئەوەی لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا فێری زمانی ئینگلیزی بێت، هەر بۆیەش بە زاراوەیەکی ئەمریکییەوە قسەی پێدەکات.

ستیف هۆفمایر، کە گۆرانییەکانی بە زمانی ئەفریقاییە دەڵێت: زمانەکە شانازی بە هەندێک لە باشترین وشەی جنێودان دەکات و دەشڵێت «دواین زانکۆ تازە لێمان سەندراوەتەوە»، ئاماژە بە زانکۆی ستێلێنبۆش دەکات، کە بەم دواییە ئینگلیزی بۆ ئەفریقایی زیادکرا وەکو زمانی سەرەکی فێرکردن، دوای نارەزایەتییەکی زور.

ماڵپەڕی نیوز٢٤ی ئەفریقای باشوور لە زاری ڕەخنەگرێکی دیکەوە ڕایگەیاندووە کە زمانی ئەفریقایی "نامرێت... ڕۆژانە گۆرانی و شیعری نوێی پێ دەنووسرێت، فیلم دروست دەکرێت و هتد."

زۆر لە چالاکوانان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (X) تویتەر چارلیز تیڕۆنیان تۆمەتبار کرد بەوەی کە «شەرمەزارییە نکۆڵی لە ڕەگ و ڕیشە و ڕەچەڵەکی خۆی دەکات»، یان داوای قبوڵکردنی لە خەڵکی ڕەشپێست دەکات، هەندێکی تریش بە ئاساییان زانی، چونکە «زمانی ئەفریقایی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئاپارتایددا هەیە» و «لە سەردەمێکدا بۆ چەوساندنەوەی ئەفریقییەکان بەکارهاتووە».

زمانی ئەفریقایی لە باشووری ئەفریقا زۆر بە سیاسی کراوە، ئەمەش بەهۆی ڕۆڵی لە ماوەی دەیان ساڵی دەسەڵاتی کەمینە سپی پێستەکاندا، یان سەردەمی بەناو ئاپارتاید. پرۆفیسۆر بێتیکا نتولی، هونەرمەند و شرۆڤەکاری ڕۆشنبیری، بە بی بی سی ڕاگەیاند: زمانی ئەفریقایی لە ئەفریقا سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بووە زمانێک کە لە ژێر ڕژێمی ئاپارتایددا خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

سەپاندنی ئەو زمانە لە قوتابخانەکاندا هۆکاری سەرەکیی ڕاپەڕینی سۆوێتۆ بوو لە ساڵی ١٩٧٦ دژی ئاپارتاید، کە تێیدا لانیکەم ١٧٠ کەس کوژران کە زۆربەیان منداڵی قوتابخانە بوون.

لە سەردەمی ئاپارتاییدا زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی و ئەفریقایی زمانی فەرمی دەوڵەت بوون و زمانە ڕەسەنەکان سەرکوت کران، بەڵام کاتێک دەسەڵاتی کەمینە سپی پێستەکان لە ساڵی ١٩٩٤ کۆتایی هات، ئەفریقای باشوور ١١ زمانی فەرمی وەرگرت.

ئەم زمانانە بریتین لە ئەفریقایی، ئینگلیزی، ئیسیزولو، سێپێدی، سیۆتۆ، سێتوانا و ئەوانی تر.

پرۆفیسۆر بێتیکا نتولی دەڵێت:

چارلیز تیڕۆن پێویستە بگەڕێتەوە و بۆ ماوەیەک لێرە بمێنێتەوە، ڕەنگە ئەم هاتنەی یارمەتیی بدات بۆ ئەوەی زیاتر تێبگات.

# ئەو ئەکتەرە ناودارانەی کە پەشیمان بوون لە ڕۆڵە سەرکەوتووەکانیان

**زۆر کەس باوەڕ ناکەن ئەو ڕۆڵانەی پاڵەوانەکانیان کردە ئەستێرە، ڕەنگە دڵخوازی ئەوان نەبن، بەپێچەوانەوە ڕەنگە خۆیان لە قسەکردن لەسەریان بە دوور بگرن، چونکە وردەکارییەکان بە تەواوی لای ئەوان ناپەسەندن. لە سەرانسەری جیهاندا چەندین ئەستێرە هەن کە ڕقیان لە ڕۆڵە سەرکەوتووەکانیانە لە ژیانی هونەریدا، ئەمەش هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ ئەستێرەیی و ناوبانگیان لە سەرانسەری جیهاندا، لێرەدا دیارترینی ئەو ئەستێرانە ڕۆڵی سەرەکییان لەو فیلمانەدا بینیوە کە ناوبانگێکی نێودەوڵەتییان بەدەستهێناوە..**



## کەیت وینسلێت

خانمە ئەکتەر کەیت وینسلێت ڕقی لە سەیرکردنی خۆیەتی لە فیلمی تایتانیکدا، و پێی وایە کە ڕۆڵی لە فیلمەکەدا لە ئاستی پێویست بووە، هەروەها دەیتوانی بە شێوەیەکی باشتر ڕۆڵەکە ئەنجام بدات.

کەیت پێی وابوو کە لە فیلمەکەدا بە شێوەیەکی ئاسایی و شانۆیی گەورە ڕۆڵی گێڕاوە، لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا وتی: کە هەر کاتێک فیلمەکەی بینی دەیگوت: «ئەی خوایە گیان، ئەمە چییە؟ لە ڕاستیدا من نواندن دەکەم».

هەروەها کەیت وینسلێت ڕەخنەی لە تۆنەکەی گرتووە و دەڵێت: هەرکاتێک گوێ لە قسەکانی خۆم دەگرم، بەڕاستی ناتوانم گوێ لە خۆم بگرم، دەشڵێت: ترسناک بوو و هیوادارم ئێستا دەنگم باشتر بێت.

پاڵەوانی فیلمی تایتانیک زیاتر لە جارێک نارەزایی خۆی لە دیمەنە بوێرەکانی ناو فیلمەکە دەربڕی، بەتایبەت دیمەنی ڕووتی خۆی، کە تائێستاش شەرمی لێ دەکات، بەتایبەتی دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بەسەر فیلمەکەیدا و تا ئێستاش هەندێک داوای واژۆی لێدەکەن لەسەر وێنەی ڕووت.

## ڤیۆلا دەیڤس



خانمە ئەکتەر ڤیۆلا دەیڤس لە بەشداریکردنی لە فیلمی The Help پەشیمان بووەوە کە لە ساڵی ٢٠١١ بەرهەم هێنرا، سەرەڕای ئەوەی پاڵێوراو بوو بۆ خەڵاتی ئۆسکار بۆ ئەم فیلمە، ئەم ڕۆڵە لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕێگەی نەدا باسی ئازارەکانی کەسانی پێست ڕەش وەک... دەبێت.

ڤیۆلا دەیڤس لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: ڕۆڵەکانم بینیووە کە لە ڕابردوودا پەشیمان بوومەوە لە نمایشکردنیان، بەڵام سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هەوڵیان داوە و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردووم.



## ئیدریس ئەلابا

زنجیرەی وایەر هۆکاری ناسراوی ناوبانگی ئەکتەری ئەکتەری ئیدریس ئێلبا و پێگەی لە نێو کەسایەتییە ناودارەکانی هۆلیوود بوو بەپێچەوانەوە ئیدریس ناڕەزایی خۆی بۆ ئەم ڕۆڵە دەربڕی و ڕق و کینەی خۆی لەم کارەکتەرە پشتراستکردەوە، کە بینەر وەک نمونەیەک دەیبینێت، بەڵام لە ڕاستیدا تەواو پێچەوانەیە.

ئیدریس ئێلبا لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکاندا ناڕەزایی خۆی لەم ڕۆڵە دەربڕی و ڕایگەیاند ڕۆڵی بازرگانێکی ماددە هۆشبەرەکانی بینیووە کە جگە لە بەشداریکردن لە خراپترکردنی کۆمەڵگا هیچی تر ناکات، و نموونەش نییە بۆ هیچ کەسێک.



## دانیال ڕادکلیف

ئەکتەر دانیال ڕادکلیف کە ڕۆڵی کارەکتەری بەناوبانگی هاری پۆتەری گێڕاوە وناوبانگێکی زۆری لەسەر ئاستی جیهانی بەدەستهێناوە، ڕقی لە ڕۆڵەکەیەتی، بەتایبەتی لە یەکێک لە فیلمەکانی زنجیرەکەدا.

دانیال ئاماژەی بەوە کردووە، لە فیلمی "هاری پۆتەر و شازادەی نیوە خوێن"دا، لە ئاستی پێویستدا نەبووە و بە شێوەیەکی خراپ ڕۆڵەکەی بینیوە بۆیە ڕقی لێی بووە.

## کاترین هایگل

فیلمی Knocked Up یەکێکە لە کارە سەرکەوتووەکانی خانمە ئەکتەری ئەمریکی کاترین هایگل، کە بۆ ئەو فیلمە پاڵێوراو بوو بۆ چەندین خەڵات، بەڵام ئەم ڕۆڵەی بەدڵ نییە.


کاترین پەشیمان بووەوە لە بەشداریکردن لەم کارەدا بەهۆی لایەنگرییەکەی بەرامبەر بە پیاوان، بەتایبەت کە ژنانی بە ڕوناکییەکی نەرێنی پیشان دەدا وەک پاکیزەیی و دەست قورس و بکوژی پێکەنین و خۆشی، بە پێچەوانەی پیاوانەوە، کە لە ڕووناکییەکی دڵخۆش و بێباکانەدا پیشان دەدرا.



## هاریسۆن فۆرد

ئەکتەری ناوداری ئەمریکی هاریسۆن فۆرد ڕقی خۆی لە فیلمی Blade Runner ڕاگەیاند، چونکە ئەو بەدواداچوونەی کە ڕۆڵی بینیووە بە درێژایی فیلمەکە لێکۆڵینەوەی لە هیچ شتێک نەکردووە.

ئەم ڕووداوە سەیرانەی ناو فیلمەکە وایلێکرد لەکاتی سەیرکردنیدا هەست بە کەمێک ئاڵۆزی بکات و سەرەڕای ئەوەی کە یەکێکە لە ڕۆڵە بەناوبانگ و سەرکەوتووەکانی، بەڵام بێزاریی خۆی لەم ڕۆڵە دەربڕیوە.





بێریڤان سەردار

گۆڵپارێزی تۆپی پێی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراق:

# نەبوونی پاڵپشتی پێویست و توانای دارایی باشی یانەکان گرفتی سەرەکیمانە

بەشێك لە یانەکانی کوردستان بەردەوام گرنگی بە یاریی فوتساڵ و تۆپی پێ دەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین خزمەت بەم یارییە بکەن، گرنگیدانی ئەوانیش بە یاریزانانی لاو، بووەتە جێگەی سەرنجی بەشێکی زۆری یانە عێراقی و کوردستانییەکان، یانەی وەرزشیی دوکان یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگی زۆر بە یاریی تۆپی پێی دەدات لە خولەکانی کوردستان، کچە یاریزانانی ئەم دەڤەرە دەیانەوێ لە ڕێگەی وەرزشەوە زیاتر ئاستی خۆیان بەرەوپێش ببەن و بگەنە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی، لە یاریی فوتساڵیشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە کە ئێستا بۆ یانەکانی دەرەوەی شارەکەیان یاری دەکەن و خاوەن ئاستێکی بەرزن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، گۆڵپارێز (بێریڤان سەردار)ـە، کە وەکو یاریزان یاری بۆ یانەکانی دوکان و شارەبان کردووە، ئێستاش لە خولی عێراقی یاری بۆ یانەی شارەبان دەکات، بێریڤان لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٧ی قەزای دوکانە و لە خولی نایابی فوتساڵی کوردستان بۆ ئەمساڵ گرێبەستی لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بۆچی یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- یاریی فوتساڵ حەز و خولیای منداڵیمە، بۆیە هەڵم بژارد، جگە لەوە ماڵەوەش پشتگیرییان کردم بۆ ئەم وەرزشە، سوپاس بۆ خوا گەیشتم بەم حەزەم.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە کە زیاتر کێبڕکێیە؟**

- ڕاستە وەرزشێکی قورسە، بەڵام من حەزم لە کێبڕکێیە و بەلای منەوە وەرزشێکی خۆش و چێژ بەخشە.

*** بۆچی فوتساڵ لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- بەداخەوە هاوکاری و پاڵپشتی نییە بۆ کچان و کەمتر گرنگی بە وەرزشی کچان دەدرێت لە کوردستان.

*** ئایا ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە لە شارەکان، بەتایبەت بۆ کچان؟**

- تا ڕادەیەك لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام ئێستا پێویستی بە گرنگی و پشتگیریی زیاترە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بەم یارییە بدرێت و کچانی دیکەش ڕوو لەم وەرزشە بکەن.

*** ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**

- لە ئێستادا خولەکانی کوردستان و عێراقی هەیە و یانەکانیش کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی باش، بۆیە دەتوانین بڵێین لە ئاستێکی باشە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- گەر بمانەوێ زیاتر ئەم یارییە پێش بکەوێت، پێویستە گرنگی بە کردنەوەی ئەکادیمیا بدرێت بۆ هێنانە پێشەوەی کچە وەرزشکارانی زیاتر و پێداویستییەکانیان دابین بکرێ لە گشت ڕوویەکەوە، ئەوکات یاریزانی زیاتر درووست دەبێت.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- بەرنامەی من بۆ داهاتوو ئەوەیە کە زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم وەکو وەرزشکارێك، مەشقەکانم زیاتر بکەم بۆ ئەوەی ببمە گۆڵپارێزێکی باش لە کوردستان و عێراقیش.

*** لە دوو خولدا یاری دەکەیت، کوردستان و عێراق، کامەی بەهێزترە؟**

- لە هەردوو خولدا یاریم کردووە، هەردوو خولەکە بەهێزە و کێبڕکێی تێدایە، بەڵام خولی کوردستان بەهێزترە.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە ببمە گۆڵپارێزێکی باش و ئاست بەرز.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینیتەوە؟**



- نەبوونی پاڵپشتی پێویست و توانای دارایی باشی یانەکان گرفتی سەرەکییە بۆ ئەم وەرزشە، هیوادارم سەرجەم گرفتە وەرزشییەکان بۆ کچە یاریزانان چارەسەر بکرێن.

*** جگە لە یانەی شارەبان گرێبەستی دیکە هەبووە؟**

- بەڵێ لە چەندین یانەی بەشدار لە خولی عێراقی گرێبەستم پێشکەش کراوە، بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەکانی دیکەی عێراقی.

*** چ هەستێکت هەیە کە ئێستا گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی عێراقیت؟**

- هەستێکی زۆر خۆشە، ئەوەش پێم دەڵێ کە تۆ یاریزانێکی باشی، بۆیە گەیشتومەتە هەڵبژاردەی عێراق.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- گۆڤاری گوڵان هەموو کات پێشەنگە بۆ خزمەتکردن بە سەرجەم وەرزشەکان و ناساندنی یاریزانان، هیوادام هەر بەردوام بن.

## له خولی كوردستان

# هەولێر پشت بە ڕاهێنەرێکی لاو دەبەستێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر لە خولی نایابی كوردستان، لەم وەرزەدا دوای سەركەوتنی بۆ ڕیزی یانە پلە یەكەكانی كوردستان، یاریزانی پێشووی یانەكە (سەمەد جوهەر)ی وەكو ڕاهێنەر دانا بۆ بەڕێوەبردنی تیپەكە لە خولی نایابیش، بەڵام دوای ئەنجامدانی دە یاری لە خولەكە، خاوەنی ٨ خاڵ بوو كە لە پلەی پازدەهەم دێت و لە كۆی دە یاری دوو یاری براوە و دوو یاری یەكسان بوون و شەش یارییش دۆڕاون، دوایین دۆڕانی یانەكەش بە قورسی بوو لە سەردەستی یانەی سەیدسادق بە ئەنجامی(٤-١)گۆڵ، دوای ئەم یارییەش سەمەد جوهەر بڕیاری دەستلەكاركێشانەوەی یەكجاریی دا لە ڕاهێنەرایەتی یانەكە،

كارگێڕیی یانەكەش بە فەرمی سەرمەد عەزیزی یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەكەی كردە ڕاهێنەر، لەم بارەشەوە سەرمەد عەزیز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەمانەوێ تیپەكە بگەیەنینە قۆناغی یەكەم، بۆ ئەوەی بتوانین هەندێك گۆڕانكاری بكەین، سەرەتا دەبێ بزانین لە چ شوێنێك پێویستمان بە یاریزان هەیە، بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتەكان بكەین، دەمانەوێ چارەسەرێكی سەرەتایی ئەنجام بدەین، تاكو تەواوكردنی قۆناغی یەكەم تیپەكە بە تۆكمەی پڕ بكەینەوە.





## یانەی هەڵەبجەی شەهید کێشەی دارایی هەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵەبجەی شەهید کە بەشدارە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەم وەرزە دوای ئەنجامدانی چوار یاری، تەنیا خاوەنی دوو خاڵە و هیچ یارییەکی نەبردووەتەوە، دوو یاریی یەکسان و دوو یارییش تووشی شکست بووە، هەڵەبجەییەکان دڵخۆشن بە هەبوونی تیپێك کە نوێنەرایەتیی شارەکەیان دەکات لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان، لە بارەی بارودۆخی تیپەکەش (ئەردەلان سەلاح) سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵەبجەی شەهید بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خۆتان دەزانن زۆربەی یانەکانی کوردستان بە پلە یەك و نایابەوە، لە قەیرانی داراییدان، بە یانەی هەڵەبجەی شەهیدیشەوە، یانەکەی ئێمەش بێبەش نییە لەم کێشە داراییە، تیپەکەمان زۆر باشە، ڕاستە لەم چوار یارییەدا بارودۆخمان باش نییە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو مانگە مووچەی یاریزانەکانمان نەداوە، ڕاستگۆیانەش دەدوێم کە ئەم وەرزە تەنیا بۆ مانەوە هەوڵ دەدەین، هۆکارەکەشی دیارە کە نەبوونی توانای دارایی باشە لە یانەکەمان».



## نیاز محەمەد دەگەڕێتەوە خولی عێراقی

دوای ئەوەی لە دەستپێکی خولی ئەستێرەکانی یانەکانی عێراقی نیاز محەمەد یاریزانی پێشووی یانەکانی هەولێر و نەورۆز، گرێبەستی لەگەڵ یانەی میناى شاری بەسرا مۆر کرد، بەڵام بەهۆی کێشەکانی یانەکە و ڕۆیشتنی زۆربەی یاریزانەکانی یانەکە، نیاز بە ناچاری ڕووی کردەوە هەولێر و لەگەڵ یانەی پیشەسازی لە خولی پلە یەکی کوردستان دەستی بە یاری کردەوە، لە ئێستادا جارێکی دیکە نیاز دەگەڕێتەوە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، لەم بارەشەوە نیاز محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یاریکردنم لە ڕیزی یانەی پیشەسازی تەنیا بۆ ئەوە بووە کە لە مەشقەکان بەردەوام بم و دانەبڕێم لە وەرزشکردن، واتە لەگەڵ ئەوان بەردەوام نابم، هەرچەندە گرێبەستم زۆر بۆ هاتووە و یانەی میناش دەیەوێت لە کاتی گواستنەوەی زستانە یاریزانانەکانی تۆمار بکات و کێشەکانی چارەسەر بکات، جگە لە میناش چەندین یانە داوایان کردووم، بەڵام لەگەڵ هیچ یانەیەك نەگەیشتوومەتە ڕێککەوتن، وە لە خولی پلە یەکیش هەتا بتوانم یاری بۆ یانەی پیشەسازی دەکەم، دەمەوێ لەگەڵ ئەوان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی یانەکە بگاتە پلە نایابی کوردستان، هیچ گرفتێکم نییە و دەمەوێ درێژە بە مەشقەکانی خۆم بدەم، بۆ ئەوەی بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم لە ڕیزی هەر یانەیەك کە یارییان بۆ بکەم».



## لایەنە ئەرێنی و نەرێنـ

ڕیجیمی خۆراکیی کیتۆ Keto diet بریتییە لە زیادکردنی چەوری لە خۆراکی ڕۆژانەدا تا ڕێژەی ٨٠-٩٠٪ لەگەڵ ڕێژەیەکی کەمی پرۆتین و کاربۆهیدارت، کە وا لە لەش دەکات چەوری وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکیی وزە بەکار بهێنێت. لایەنە ئەرێنییەکانی ڕیجیمی کیتۆ: کەمکردنەوەی هەستکردن بە برسیبوون، دابەزاندنی کێش بە ڕێژەیەکی باش لە سەرەتای دەستپێکی ڕیجیمەکەدا، کەمکردنەوەی ئاستی شەکری خوێن و هۆرمۆنی ئینسولین، بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش، هەروەها سوودبەخشە بۆ سووککردنی چەند حاڵەت و نەخۆشییەکی وەکو: نەخۆشیی ئەلزهایمەر، ئۆتیزم، پەرکەم، نەخۆشیی پارکیسنۆن، نەخۆشیی شەکرە، فرەکیسی هێلکەدان لە ئافرەتدا، خەمۆکی، شەقەسەر.

## لە زستاندا چۆن پێستت دەپارێزیت ؟



هەوای سارد و وشکی زستان هۆکارە بۆ وشکبوونی پێست کە نیشانەکانی بریتین لە: سووربوونەوە، سووتانەوە، لەگەڵ خورشتی پێست. لە دەرەوەی ماڵدا، کەشوهەوای سارد پێستت وشك دەکاتەوە، لە ماڵەوەش گەرمیی هەوای ژوورەکان پێست وشك دەکەنەوە، بۆیە پێویستە کە مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ پێستدا بکرێت، بەم ڕێگەیانە: بەکارهێنانی ئامێری شێدارکەرەوە Humidifier لە ناو ماڵ یان لە ژووری ئۆفیسدا، بە مەبەستی هێشتنەوەی ڕێژەی شێداری لە نێوان ٣٠-٥٠٪ لە هەوای ژوورەوەدا، ڕێکخستنی پلەی گەرمیی ناوماڵ کە بەگشتی لە نێوان ٢٠-٢٤ پلەی سێلسیەسدا بێت، چونکە پلەی گەرمیی بەرزی ناوماڵ هۆکارێکی دیکەیە بۆ وشکبوونی پێست، بەکارهێنانی ئاوی شلەتێن یان کەمێك گەرم بۆ دووش و خۆشووشتن، هاوکات لەگەڵ تەرخانکردنی تەنیا ٥-١٠ خولەك بۆ وەرگرتنی دووش لەو کاتەی کە ئاو و هەڵمی گەرم و زیاد مانەوە لە گەرماودا پێست وشك دەکاتەوە، بە ڕای پسپۆران ئاوی شلەتێن بە هەمان ئەندازەی ئاوی گەرم پێست پاك دەکاتەوە، بەکارهێنانی سابوونی سووك و بێ بۆن، چونکە سابوونی توند و ڕەنگ کراو و بۆندار چەوریی سرووشتیی پێست و بەکتریای سوودبەخشی پێست ڕادەماڵێت، بەکارهێنانی کرێم یان ئاوێتەی شێدارکەرەوەی پێست بۆ دەستەکان پاش شووشتنیان، بەکارهێنانی شێدارکەرەوەی تایبەت بە پێستی دەموچاو و شێدارکەرەوەی لێوەکان Lip balm بۆ پاراستنیان لە قڵیشان، بەکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو تەنانەت لە ڕۆژە ماتەکانی زستانیشدا کە تیشکی خۆر بەدەرەوە نییە، پۆشینی جلی لۆکە یان ئاوریشم کە نابنە هۆی سووتانەوەی پێست، کە ڕاستەوخۆ بەر پێست دەکەون، دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی پێست بە جلی خوری یان پۆلیستەر و نایلۆن، هەروەها گرنگیدان بە خۆراکی هاوسەنگ و خواردنەوەی بڕی تەواوی ئاو.



## ـــــــیيەكانی ڕیجیمی كیتۆ

لایەنە نەرێنییەكانی ڕیجیمی كیتۆ: ڕوودانی چەند نیشانەیەكی نەخوازراوی ئەنفلوەنزای كیتۆ Keto flu كە لە سەرەتای دەستپێكی ڕیجیمی كیتۆدا ڕوو دەدات و، بۆ یەك هەفتە بەردەوام دەبێت بە شێوەی هێڵنج، ڕشانەوە، سەرئێشە، سك ئێشە و كۆبوونەوەی گاز، هەستكردن بە نارەحەتی، هەستكردن بە بێهێزیی لەش یان ماندووبوون، زیادبوونی ئەگەری درووستبوونی بەردی گورچیلە، قەبزی، سكچوون لەبەر ڕێژەی زیادی چەوری لە خۆراكی كیتۆدا، كەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration، كەمیی ماددە خۆراكییەكانی وەكو كانزاكانی سیلینیۆم، مەگنسیۆم، فۆسفۆر، كالسیۆم، ئاسن، لەگەڵ كەمی ڤیتامینەكانی B12، B7، B6، B1.



## ئارەقەی سارد چییە؟

ئارەقەی سارد Cold sweats بە زۆری نیشانەیە بۆ چەند حاڵەت و نەخۆشییەك، لەوانەیە كە بە بوون و بە بێ بوونی (تا) یان بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش ڕوو بدات. ئارەقەكردن حاڵەتێكی ئاسایی لەشە لەكاتی گەرمبوونی لەش بە مەبەستی فێنك بوونەوە، بۆنموونە لە كەشی گەرمدا، لەكاتی مەشقی وەرزشیدا، یان هەتا لەكاتی هەڵچوون و تووڕەبوون و ترسدا، كەواتە ئارەقەكردن كاردانەوەی لەشە بۆ چەند ورووژێنەرێكی ناوەوە و دەرەوەی لەش. ئارەقەی سارد كە لەرز و ئارەقەی شەوانە دەگرێتەوە، كەمێك جیاوازیی لەگەڵ ئارەقەكردنی ئاساییدا هەیە، بەوەی كە لەكاتی ئارەقەكردنێكی زۆردا، شێداریی زیاد لەسەر پێستدا دەبێتە ئەگەری هەستكردن بە سەرما. هۆكارەكانی ئارەقەی سارد: مەشقی وەرزشی، سترێس، پەستی، هەڵچوون و تووڕەبوون، یان ترس و تۆقین كە هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنەكانی ئەدرینالین و كۆرتیزۆڵ، گۆڕانە هۆرمۆنییەكان، بۆنموونە: لە قۆناغی وەستانی یەكجارەكی سووڕی مانگانەی ئافرەت Menopause كە ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و پرۆجێستیرۆن كەم دەبێتەوە، دابەزینی ئاستی شەكری خوێن كە لەوانەیە لەپاش مەشقی وەرزشی یان لەكاتی زیاد برسیبووندا ڕوو بدات، هەروەها لە تووشبووانی نەخۆشیی شەكرەدا، نەخۆشیی دڵ بەتایبەتی نەخۆشیی خوێنبەرەكانی دڵ و نۆرەی دڵ، هەوكردنە بەكتریایی و ڤایرۆسییەكانی وەكو: ئەنفلوەنزا، ئایدز، كۆڤید-١٩، نەخۆشیی سیل، هەوكردنی شانەی سییەكان، هەوكردنی ناوپۆشی دڵ، هەوكردنی ئێسك، هەروەها زیانی لابەلای بەكارهێنانی هەندێك دەرمان.





# بۆچی پێویستە هەموو شەوێک لە یەک کاتدا بخەویت؟

لێکۆڵینەوەیەکی نوێی کۆلێژی پزیشکیی هارڤارد ئاماژەی بەوە کردووە کە نووستن شەوانە لە هەمان کاتی دیاریکراودا، لەوانەیە کە زۆر گرنگتر بێت لە ٨ کاتژمێر نووستن. ئەگەرچی پسپۆڕانی تەندرووستی ڕێنمایی دەکەن کە پێویستە نووستنی شەوانە لە نێوان ٧-٨ کاتژمێردا بێت، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکەدا جەخت کراوەتەوە کە نووستنی شەوانە لە یەك کاتی دیارکراودا هەتا ئەگەر بۆ ماوەی ٦ کاتژمێریش بێت، زۆر سوودەبەخشترە بۆ تەندرووستی بەراورد لەگەڵ نووستن بۆ ماوەی ٧-٨ کاتژمێر لە ٢٤ کاتژمێردا کە نارێك و پچڕ پچڕ بێت. شەوانە نووستن لە هەمان کات و لەخەوڵسانی بەیانییان لە یەك کاتی دیارکراودا، هاندەرە بۆ باشتر کارکردنی ڕیتمی کا تژ مێر ی بایۆلۆژیی لەش Circadian rhythm کە هاندەر دەبێت بۆ خێرا چوونە خەو بە کوالێتییەکی بەرزەوە. ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش بریتییە لە پڕۆسەی کۆنترۆڵکردنی سووڕی خەو و بێداری کە هەر ٢٤ کاتژمێر جارێك دووبارە دەبێتەوە، و ئاگاداری لەش دەکاتەوە لە کاتی بیداربوونەوە و کاتی نووستن. ئەگەر کاتەکانی نووستن و لەخەوڵسان ڕێك نەبوون و هەر ڕۆژێك لە کاتێکی جیاوازدا بن، ئەوا ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش دەشێوێت و لە توانایدا نابێت کە بە درووستی ئاگاداری لەش بکاتەوە لە کاتی پێویستیی بە نووستن و کاتی پێویست بۆ لەخەوڵسان، ئەمەش کاتی سەرەتای چوونە خەو درێژدەکاتەوە، واتە کەسەکە درەنگ دەچێتە خەوەوە هەرچەند تووشی بۆرژان بێت، واتە پێویستی بە نووستن بێت، هەروەها لەوانەیەکە نووستنەکە یەك پارچە و قووڵ نەبێت، واتە لە کوالێتیی خەو کەم دەبێتەوە.



# چۆنییەتی پاراستنی گوێیەکان و هەستی بیستن

لەدەستدانی هەستی بیستن لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەمیشەییە و ناتوانرێت بگەڕێندرێتەوە، بۆیە پاراستنی تەندرووستیی گوێیەکان و هەستی بیستن زۆر گرنگە بۆ ڕێگرتن لە لەدەستدانی بیستن، لەبەر نەخۆشی یان بەساڵاچوون، خۆشبەختانە دەتوانرێت کە خۆمان لە زۆربەی هۆکارەکانی لەدەستدانی بیستن بپارێزین. هەنگاوەکانی پاراستنی گوێیەکان و هەستی بیستن: دوورکەوتنەوە لە دەنگی بەرزی ئامێرە کارەباییەکان، دەنگی بەرزی کۆنسێرتەکانی موزیك یان یارییە ئاگرینەکان، بەکارهێنانی ئامێری تایبەت بۆ فلتەرکردنی دەنگی بەرز یان ڕێگرتن لە بیستن کە جۆرێکیان وەکو هێدفۆن وایە Earmuffs جۆرێکی دیکەیان پادێکی لاستیکییە Earplugs، هەوڵ بدە کە خۆت ڕابهێنیت لەسەر گوێگرتن لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و سیستمەکانی دیکەی دەنگ و موزیك، بە کەمکردنەوەی دەنگ بۆ کەمترین ئاستی بیستن، پشوو بدە گوێیەکانت لەکاتی بەکارهێنانی هێدفۆن، یان گوێگرتنی ڕاستەوخۆ لە موزیك، یان دەنگی دیکە، بەتایبەتی کە ڕێژەی ژاوەژاوەی دەنگێك لە ٨٥ دێسیبل بەرزتر بێت، چونکە زیاد گوێگرتن لەم ئاستی ژاوەژاوە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەستی بیستن، کات بدە گوێیەکان بۆ چاکبوونەوە پاش بەرکەوتن بە دەنگی بەرز یان ژاوەژاو، هەوڵ بدە کە بەلای کەم بۆ ماوەی یەك ڕۆژ شوێنێکی هێمن هەڵبژێریت، کە پێویستە بۆ چاکبوونەوەی گوێیەکان، هیچ تەنێك مەخەرەوە گوێیەکانتەوە بە مەبەستی پاککرنەوەی مۆمی گوێ، چونکە لەوانەیە کە کەناڵی گوێ یان پەردی گوێ بریندار بکات، هەروەها پابەندبە بە خشتەی ڤاکسینی تەواو بۆ منداڵەکانت، چونکە نەخۆشییەکانی وەکو سووریژە، گوێرەپە و چەند هەوکردنێکی بەکتریایی کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر توانای بیستن.

# گرنگی فۆسفۆر بۆ تەندروستی

فۆسفۆر Phosphorus کانزایەکی گرنگە، دووەمین کانزایە پاش کالسیۆم لە ڕووی ڕێژە بەرزەکەی لە لەشی مرۆڤدا. ڕێژە هەرە زۆرەکەی فۆسفۆر کەوتووەتە ناو ئێسك، ددانەکان، خوێن لەگەڵ شانە نەرمەکان.
سوودە تەندرووستییەکانی فۆسفۆر: بینا و پتەویی ئێسك و ددانەکان، هاندانی درووستبوونی ترشەکانی DNA و RNA، درووستبوونی سیانە فۆسفاتی ئەدینۆسین ATP کە سەرچاوەی وزەیە بۆ خانەکانی لەش، هاندانی ئاستی وزە و خەزنکردنی وزە، چالاککردنی ئەنزیمەکان، پاراستنی هاوسەنگیی ئاستی ترشێتی و تفتی pH، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە گرژبوون و خاوبوونەوەی ماسوولکەکاندا، یارمەتیدانی فرمانی گورچیلەکان، یارمەتیدانی گەشە و نوێبوونەوەی خانەکانی لەش، پاراستنی ڕێکیی لێدانەکانی دڵ. خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە فۆسفۆر: گۆشت، پەلەور، ماسی، شیر و بەرهەمەکانی، هێلکە، پاقلەمەنییەکان بەتایبەتی نیسك، کاکڵەکان بەتایبەتی کازۆ، دانەوێڵەی تەواو،پەتاتە. پێویستی ڕۆژانەی فۆسفۆر بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٧٠٠ ملگم. هۆکارە هاندەرەکانی کەمیی فۆسفۆر لە لەشدا: نەخۆشیی شەکرە، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، بەدخۆراکی، بەکارهێنانی دەرزیی ئینسولین یان دەرمانە ستیرۆیدەکان و دەرمانی دژی ترشێتیی گەدە Antacids. نیشانەکانی کەمیی فۆسفۆر لە لەشدا: ئازاری ئێسك و جومگەکان، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، هەستکردن بە ناڕەحەتی و پەستی، هەروەها هەستکردن بە ماندووبوون.








# تی شێرتیش دەبێتە بیلبۆرد

ئیدیۆمێك هەیە دەڵێت هەر ئەوە مابوو بیکەن، هیچ نەمابوو تی شێرێت و کراس و پانتۆڵ ببن بە دیجیتالی! جیهانی زیرەکی دەستکرد و دیجیتالی هیچ شتێك لەو جیهانەدا سەیر نییە.

لەو ڕۆژانەدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی سەردەم T-Shirt TV بەرهەم هێنا! هیچ سەیر نییە دەڵێم تی شێرتەکە تەلەڤزیۆنە، وەك هەموو تەلەڤزیۆنێکی ئاسایی، بەڵام لە ڕاستیدا وەك تەلەڤزیۆن سوودی لێوەرناگیرێت، ئاخر ناکرێت بەکارهێنەر خۆی سەیری تیڤەکە بکات، بەڵکو ئەم تی شێرتە بۆ (بیلبۆرد)ی ڕیکلام بەکاردێت، بەکارهێنەرەکەی کاتێك دەیپۆشێ لەسەر شاشە دە ئینجیەکەی ڕێکلامێك بۆ شوێنێکی بازرگانی دەکات، یا بۆ کەلوپەلێکی خۆی. یان ئەوانەی لە فرۆشگا و مارکێتەکاندا کار دەکەن، پێویست ناکات ماوەیەکی زۆر لەبارەی کاڵاکەیان قسە بۆ کڕیار بکە، بەڵکو لە شاشەی تی شێرتەکەدا هەموو شتێك نیشان دەدرێت. تی شێرتەکە ئەگەر پیس بوو بە جلشۆریش بیشۆی هیچی لێنایەت. لە ڕێگای فلاش میمۆرییەوە فیلمە ڕیکلامیەکان لە شاشەکە بڵاو دەبنەوە. هەتا نزیکەی ٤ کاتژمێری بەردەوامیش شەحنی دانابەزێت.




# مۆبایلێکی مەزن یا ش

ئەگەر حەز دەکەی مۆبایلەکەت شاشەکەی بە قەد شاشەی تیڤیەك بێت و پرۆگرام و بەرنامەکان لەسەر شاشەیەکی مەزن بکەیەوە. ئەوە شاشەی ApoloSign 32 یەکێکە لەو شاشە مەزنانە، شاشەکە قەبارەکەی ٣٢ ئینجە، کوالیتی نیشاندانی 4Kیە، جگە لەوە وەك تیڤیەك لە ڕێگای دوورەوە بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ دەکرێت. سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە و هەموو ئاپەکانی گوگل پلای دەکاتەوە، سیستەمی وای-فای



# هەم پایسکیل و هەم بەلەم

ئامێری لێخوڕینی جۆری BeTriton ئامێرەکە، وەك پاسکیلێکی سێ تایە دەچێت، لە پشت پایسکلەوەماڵێکی بچووك هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێ، لەکاتی پشووداندا سوودی لێوەربگرێت و هەم وەك شوێنی خەوتن و هەم وەك چێشتخانە سوودی لێببینێت، پایکسلەکە بۆ دوو کەس دەبێت و شەحن دەبێتەوە. هەم بە کارەبا شەحن دەبێت و هەم بەهۆی پەنێڵی خۆرییەوە شەحن دەکرێتەوە و جگە لەوەش بە پێدان لێدان شەحن دەکرێت. هەرکاتێك گەیشتە قەراخ ڕووبار لەوێدا پایسکلە دەبێتە بەلەمێکی بچووك و بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی بپەڕێتەوە و یان گەشتێکی ناو ڕووبار و دەریا بکات. هەرچەندە ساڵی ٢٠١٩ بیناسازێك بیرۆکەی دروستکردنی ئامێرەکەی بۆهات، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٣دا کەوتە بواری کرداری و بەرهەم هات.

# کامێرایەکی گۆیی شێوە و 36 ئاوێنە



کامێراکانی پانۆرامایی واتە ئەو کامێرایانەی لە هەموو لایەکەوە وێنە دەگرن و لە چوار لاوە وێنە دەگرن، زۆر دەگمەنن و کەمتر بەکار دێن. بەڵام گرنگی خۆیان هەیە. کامێرای جۆری panono 360 cam-era کامێرایەك وەك تۆپێکی بچووك دەچێت، ٣٦ ئاوێنەی هەیە واتە لە هەموو لاوە وێنە دەگرێت، ئەم هەموو ٣٦ ئاوێنەیە پێکەوە وێنە دەگرن و پاشان بەهۆی ئاپێکەوە وێنەکان دەبنە یەك وێنە. کوالیتی وێنەگرتنەکەی ١٤٤ میگاپیسکلە و بە کوالیتی 16K فیلم هەڵدەگرێتەوە ئەوە بەرزترین کوالیتی فیلمە. کامێراکە بۆ گرتنی وێنە و فیلمی ٣٦٠ پلەیی زۆر گرنگی خۆی هەیە. باترییەکەی ٢٥٠٠ میلی ئامپێرە، زیاتر لە سێ کاتژمێر دەکرێت فیلمی پێ هەڵبگریەوە.





## ــــــــاشەکی هەمە کارە

و بلوتوسی هەیە. ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و میمۆری ناوخۆی ١٢٨ گیگابایتە. شاشەکە بە هەموو بوارەکاندا دەسووڕێت چ بە شێوەی ستونی و چ بە شێوەی ئاسۆیی دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. هەتا شەش کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. بەپێی ستاندێك کە لەگەڵ شاشەکە دایە دەکرێت لە هەموو شوێنێکی دابنێی و تەنانەت دەکرێت بۆ گەشت و گەرانی بنەماڵەیش لەگەڵ خۆت بیبەی.



# ئامێرێکی تایبەت بۆ نیگارکێشان و نەخشەسازان



هیچ شتێك وەك جاران نەماوە، لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا ئەوەندە ئاسانکاری کراوە مرۆڤی هێندەی دیکە بەرەو حەسانەوە بردووە.

ئامێری Huion Inspiroy Keydial KD200 تایبەتە بە نیگارکێشان و نەخشەسازانی بواری گرافیك، شاشەیەکی لەمسی هەیە و لەگەڵ قەڵەمێکی تایبەتی بێ شەحنکردنەوە و باتری. بەهۆی قەڵەمەکەوە دەتوانی ئەوەی ویستت بیکێشیەوە. لەلای ڕاستی ئامێرەکە ڕیزە دوگمەیەك هەیە لەو دوگمانە پێنج دوگمە بۆ ڕێکخستن و پرۆگرام دانان و ٢٣ دوگمەش بۆ ئەرکەکانی دیکە. لەگەڵ دوگمەیەکی گەورەی سکرۆل واتە سووڕان بۆ هێنانە پێشەوەو بردنە دواوە و هەروەها بۆ ڕێکخستن و ڕەنگەکان.

لەگەڵ هەموو پرۆگرامەکانی تایبەت بە گرافیك وەك، فۆتۆشۆپ، پریمەر، ئیلۆستریتۆر، ئیندزاین، موشن....تاد. دەگونجێت. خۆی ئامێرەکە بە نیو کاتژمێر شەحن دەبێتەوە و تا بیست کاتژمێریش سوودی لێوەردەگیرێت. هەم بەهۆی بلوتوس و هەم بە وایەر لەگەڵ ئامێرەکانی وەك مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت تەنیا دەنگی فیلمەکان لە یوتیوب دابەزێنم؟**

بەڕێز بۆ ئەوەی بتهەوێ تەنیا سوود لە دەنگی ڤیدیۆکانی یوتیۆب وەربگری هەم دەتوانی ئەو پرۆگرامانە بێنی کە تایبەتن بە وەرگرتنی دەنگ و هەم بە ئاسانترین شێوە دەتوانی ئەو کارە بکەی، هەر فیلمێك کە مەبەستە دەنگەکەی وەربگری، پێویستە دوای نووسینی www. واتە پێش وشەی YouTube دوو پیتی ss دابگری و ئەنتەر لێبدەی، دای ئەوە پەیجێکی دیکە دەکرێتەوە لە پەیجەکەدا بۆکسێك هەیە کە هەموو جۆرە فۆرماتێکی تێدایە و هەرکام هەڵبژێری ڤیدیۆکە بەو فۆرماتە دادەبەزێ، ئەوە ئاسانترین شێوەی دابەزاندنی فایلی ڤیدیۆیی بە دەنگ یا بە ڕەنگە لە یوتیۆب.

# پرۆگرامێک بۆ نەخشەسازی ژووری بیناکان

دەیان پرۆگرامی تایبەت بە نەخشەسازی بۆ بیناسازی هەن، پرۆگرامە نەخشەسازییەکان زیاتر گرنگی بە بەشی دەرەوەی بیناکە دەدەن، باسێك لە نەخشەسازی ژوورەکان نییە، وەك چۆنییەتی دانانی قەنەفە، کورسی، تەلەڤزیۆن و دیکۆراسیۆنی دیکە...

پرۆگرامی Sweet Home 3D ڕێك بەو مەبەستە بەرهەم هاتووە، تایبەتە بە ڕێککردن و نەخشەسازی ژوورەکان، پرۆگرامەکە ئاسانکاری بۆ بەکارهێنەر دەکات ژوورەکان بە ویستی خۆی نەخشەسازی بکات. جگە لەوەش توانایی نیشاندانی بەشێوەی 3D هەیە و بەکارهێنەر وا هەست دەکات لەناو ژوورەکەدایە و و گشت کەلین و قوژبنەکانی ژوورەوە دەبینێت. نە تەنیا ژوورەکان بەڵکو دەتوانرێت کەلوپەلی ناو ژوورەکانیش بۆ نموونە کورسی و قەنەفەکانیش دیزاین بکەی و بیانگۆڕی. هەروەها دەکرێت پرۆژەکانی خۆت کە بەو پرۆگرامە نەخشەسازیت بۆ کردوون بیانگوازیەوە پرۆگرامەکانی CAD یا پرۆگرامەکانی تایبەت بە گەیم و یاری ئەگەر پێویست بکات.





# له شوێنی خۆت بووەستە و گەشت بۆ هەموو جیهان بکە

چ شتێك لەوە خۆشتر، لەماڵی خۆت دابنیشی و وەك ئەوە وابێ بۆ هەموو شوێنێکی جیهان گەشت دەکەی! هەستەوەری جۆری blync bike controller دەخرێتە ژێر هەموو پایسکلیك، کاتێك لە ماڵەوە و لە شوێنێکی جیگیر دایدەنێی و چاویلکەی تایبەتی VR هەر جۆرێکیان بێت لە چاو دەکەی، کام شوێنێت لە جیهاندا حەز لێیە بە جیهانی مەجازی گەشتی بۆ بکە.

هەستەوەرەکە لە ژێر تایەی پایسکل دادەنرێت و پایسکیلەکە جێگیر دەکرێت، دواتر چاویلکەیەکی واقیعی- مەجازی گرنگ نییە هی چ کۆمپانیایەك بێت، تەنیا ئەوەندەیە کۆمپانیایەکی ناسراو بێت بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکە پەیوەند دەدی و دواتر بەهۆی ئاپێکەوە دەتوانی کۆنترۆڵی ئامێرەکە و شوێنی گەشتەکەت لە جیهانی مەجازیدا ئامادە بکەی. تەنانەت دەتوانی پێشبرکێش بکەی لە جیهانی مەجازیدا. بەکارهێنەر کاتێك بەم جۆرە پایسکیل لێدەخورێ هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکات و دەتوانی زیاتر وەرزشی پایسکل لێخورین بکات.





## ماڵپەڕی گۆڕینی دەنگ بە ژیری دەستکرد

ژیری دەستکرد ئێستا لە یەکەم هەنگاوەکانیەتی و لەو یەکەم هەنگاوانەشدا چەندە بەرەو پێشەوە چووە، یەکێك لە ئەرکەکانی زیرەکی دەستکرد گۆڕینی دەنگە، واتە دەتوانی دەنگی خۆت بە دەنگی کەسێکی دیکە بگۆڕیت و پێچەوانەش. لەو بوارە دەیان ماڵپەڕی زیرەکی دەستکردن بۆ ئەو خزمەتگوزارییە، یەکێك لەوانە Lovo.ai، ماڵپەڕێك پشتیوانی لە ١٥٠ زمانی زیندووی جیهان دەکات و بە ئاسانترین شێوە گۆڕینی دەنگ دەکات. خاڵی جێگای سەرنجی ئەو خزمەتگوزارییە لەوەدایە ئەو دەنگانەی گۆڕانیان تێدا بەسەردێنێ زۆر وەك دەنگی مرۆڤ دەچێت. ماڵپەڕەکە هەر دەقێك بۆی بنووسی بە دەنگی مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزەکەی دەیخوێنێتەوە و بەکارهێنەر دەتوانی گۆڕانکاری لەشێوەی دەربڕینەکەش بکات.



# باشترین جۆرەکانی ئەیلاینەر بۆ چاوی هەستیار

سەرەتا پێویستە بە جۆرە جیاوازەکانی ئایلاینەر ئاشنا بیت، کە هەندێکیان بەم شێوەیەن:

ئەیلاینەری قەڵەم: ڕەنگە یەکێك بێت لەو جۆرە ئەیلاینەرانەی ماوەی مانەوەی زۆرە، چونکە بە هیچ شێوەیەك خراپ نابێت، تەنیا لایەنی نەرێنیی ئەیلاینەری قەڵەم ئەوەیە کە پێویستە هەر جارێك بەکاری دەهێنیت، تیژی بکەیتەوە، بۆ ئەوەی هێڵی ئایلاینەری ورد و تەواو بەدەست بهێنیت.

ئایلاینەری شل: ئەوپەڕی وردبینیت پێ دەبەخشێت لە بەکارهێنانیدا و یارمەتیت دەدات هێڵی ئایلاینەری زۆر تایبەت بەو قەبارەیەی ئارەزووی دەکەیت، دروست بکەیت، بەتایبەتی ئایلاینەری تەنك، لەگەڵ ئەوەشدا ئایلاینەری شل پێویستی بە دەستێکی زۆر جێگیر هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو دیزاینە ئایلاینەرە تەواو بکات کە ئارەزووی دەکەیت.

ئەیلاینەری جێڵ: لە دەفری بچووکدا بەردەستە لەگەڵ فڵچەی گۆشەیی، ڕەنگە سەرەتا بە کارێکی سەختی بزانیت، چونکە شێوازی بەکارهێنانی قورسە، بەڵام کاتێك فێری بەکارهێنانی بوویت، دەبێتە باشترین هاوڕێت، کە دەتوانرێت بەسەر هەموو پێڵوی چاودا بکرێت وەك بنەمایەك بۆ سێبەری چاو، یان بۆ تێکەڵکردن بە شێوازێکی دووکەڵاوی لە گۆشەی دەرەوەی چاودا.

# بەم هەنگاوانە جوانیی قژە لوولەکەت بپارێزە





چاودێریکردنی قژ ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینێت لە پاراستنی تەندروستیی قژ و درەوشاوەییدا، لێرەدا چەند ئامۆژگارییەك دەخەینە ڕوو، بۆ پاراستنی قژ لە تێکچوون، تا گەشاوەتر دەر بکەوێت:

شامپۆی گونجاو هەڵبژێرە: زۆربەی شامپۆکان مادەی کەفکردنیان تێدایە کە پێی دەگوترێت سەلفات، ئەمانە ماددە کیمیاییە توندەکانن، کە بەهۆیانەوە قژ زەیتە سرووشتییەکانی لەدەست دەدات و وشك و مات دەبێت و زیاتر تووشی شیبوونەوە دەبێت، بۆیە ئەو شامپۆیە هەڵبژێرە کە لەگەڵ جۆری قژتدا دەگونجێت، بە مەرجێك بێ سولفات بێت.

شێدارکردنی قژ: بۆ ئەوەی قژە لوولەکەت بە شێداری بمێنێتەوە، دوای شۆردنی کۆندیشنەرەکە، کرێم و جێڵی لێ بدە، ئەمەش بە بریقەداری دەیهێڵێتەوە.

ئاوی سارد بەکار بهێنە: شۆردنی قژی لوول بە ئاوی گەرم تاڵە لوولەکان وشك دەکاتەوە، چونکە ئاوی گەرم دەبێتە هۆی هەڵمبوونی شێی قژ، ئاوی سارد (یان شلەتێن) بە پێچەوانەوە کاردەکات، کەکونیلەکانی پێستی سەر دادەخات و یارمەتی قژت دەدات تا شێداری و هێز و بریقەی خۆی بپارێزێت.

**ئامادەکردنی شیلان عەلی**

# ئامادەکردنی ماسکی قژ بە تۆوی کەتان

زۆر ڕێگە هەیە بۆ بەکارهێنانی تۆوی کەتان لە ڕۆتینی چاودێریی قژدا، کە لە چارەسەرکردنی قژدا بۆ بەهێزکردن و خۆراك پێدان بەسوودە، ئامادەکردنی ماسکی قژ بە تۆوی کەتان، کە بە کیراتینێکی سرووشتی بۆ قژ دادەنرێت، بەم ڕێگەیانە دەبێت.



ماسکی تۆوی کەتان بۆ شێدارکردنی قژ: دوای کوڵاندنی چارەکە کیلۆیەك تۆوی کەتان لەگەڵ ئاو، تێکەڵەکە بپاڵێوە و بیهێڵەرەوە تا سارد دەبێتەوە، دوو کەوچکی چێشت جێڵی ئالۆڤێرا لەگەڵ سێ دڵۆپ لە یەکێك لەو زەیتە سرووشتیانەی کە سوودی بۆ قژ هەیە، وەك زەیتی بادەم یان زەیتی لاڤاندەر تێکەڵ بکە، پاشان بە یەکسانی بیدە لە پێستی سەر و تاڵەکانی قژت، پێویستە ٣٥ خولەك چاوەڕێ بکەیت، دوای ئەوە قژت بە ئاو و شامپۆ بشۆ.

هەفتەی دووجار ئەم ماسکە دووبارە بکەرەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی دڵخواز بەدەست بهێنیت.

## ئاو دروستکردن

کارلێکی هایدرۆجین و ئۆکسجین ئەنجامە مەترسیدارەکانی لێ دەکەوێتەوە، بەو پێیەی بریکی زۆر وزەی گەرمی و ڕووناکی دەردەدات، لەکاتێکدا هایدرۆجین توخمێکی سووتێنەرە و ئۆکسجین توخمێکە یارمەتیدەرە لە داگیرساندندا، تەنیا پێویستمان بەو دوو توخمە هەیە تا بتوانین بۆمبێکی گەورەی لێ دروست بکەین، کە بەپێی قەبارە و بڕی ئەو دوو توخمە، واتە تا قەبارەی تاقیکردنەوەکە گەورەتر بێت، تەقینەوەکە گەورەتر دەبێت، واتە ئەگەر بمانەوێت بڕێك ئاو دروست بکەین کە بەس بێت بۆ دابینکردنی پێداویستیی دانیشتوانی جیهان، ئەوا دەتوانین بۆمبێك دروست بکەین کە زەوی بتەقێنێتەوە، هەروەها بەدەستهێنانی گازە هایدرۆجینییەکان، H2، و ئۆکسجین، O2، پرۆسەیەکی زۆر گرانبەهایە، بەتایبەتی کە پێویستمان بە بڕێکی زۆر لەو دوو گازە هەیە، دواتر پرۆسەی دانانی پێکەوە لە وێستگەیەکدا دێت، کە بۆ ئەمە دامەزراوە، ئەمەش پێویستی بە زانیارییەکی بەرز و تەکنەلۆژیا هەیە، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بڕێکی کەم ئاو بەرهەم بهێنێت.




## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا جۆکەر (کلاوس)ێك مردووە، باڵندە گۆشتخۆرەکانیش دەیانەوێت بیخۆن، یەکێکیان پارچە گۆشتێکی بە دەمەیە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: تامی خۆشی و پێکەنینی لێی دێت.



## دیمەنە سەیرەکان

لە وڵاتی چین لە یەکێك لە باخچەکانی ئاژەڵاندا ئەم بێچووە پانداية لە دایك بووە، دوای شەش مانگ دایکی دەمرێت، ئەم پیاوە جلێك هاوشێوەی دایکی بەچکە پانداکە لەبەر دەکات و ڕۆژانە یاری لەگەڵ بێچووەکە دەکات، بۆ ئەوەی هەست بەتەنیایی نەکات.



## یاسا



### داواکردنەوەی مافی دوای تەڵاق

مارەییەکەم قورئانێك یان چەپکە گوڵێکە، بەڵام ئێستا تەڵاق دراوم، ئایا دەتوانم مارەییەکەم بە ئاڵتون وەربگرم؟.

لەم حاڵەتەدا ئافرەتی تەڵاقدراو دەتوانێت داوای مارەیی هاوشێوە بکات، مارەیی هاوشێوە واتە ئەو مارەییەی بۆ ئافرەتێکی ناو خێزانەکەی، یان عەشیرەتەکەی کە لە ڕووی تەمەن و بڕوانامە و باری گوزەرانەوە هاوشێوەیەتی، بۆ نمونە ئامۆزاکەی یان خاڵۆزاکەی کە ٣٠ مسقاڵی بۆ کراوە، ئەمیش وەك ئەوان داوای بکات کە هاوشێوەین.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەمڕۆ هەموو شتێکی جیاوازی دەبینیت، زیاتر لە جاران ئەرێنی دەبیت، هەروەها سەرنجی کەسانی دیکە بۆ خۆت ڕادەکێشیت و ئەمەش دڵخۆشت دەکات، لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت ئەم چەند ڕۆژە کاریگەریی ئەرێنیت لەسەر دروست دەکات.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لەلایەنی پیشەییەوە ڕووبەڕووی هەندێك حاڵەت دەبیتەوە کە وا پێویست دەکات کارەکانت بە خێرایی بە ئەنجام بگەیەنیت، سەرکێشی مەکە لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانت، لە کۆتایی ڕۆژەکەتدا چانسی سەرکەوتنت زۆرە، لەلایەنی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە خۆشەویستەکەت لە بارودۆخی خۆت تێبگەیەنە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

گرفتە داراییەکانت بە ئەگەرێکی زۆرەوە چارەسەر دەبن، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵ بدە سەرنجت تەنیا لەسەر کارەکانی خۆت بێت، دەنا پەشیمان دەبیتەوە، نیگەرانی و فشاری دەروونی خەریکە کۆنترۆڵت دەکات، باشترە زوو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو دۆخە بدەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

پشت بە خۆت ببەستە، سەرکەوتنت بەڕێوەیە، لە ئەمڕۆوە لاپەرەیەکی نوێی ژیانت هەڵبدەرەوە، ڕۆژانی زۆر تایبەت چاوەڕێت دەکەن، ئەمڕۆ زۆر دڵخۆشیت بۆ ئەو شتانەی کە توانیوتە لە ڕابردودا بیکەیت، هەواڵی خۆشت پێ دەگات و دڵخۆش دەبیت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هیوا لەدەست مەدە، خەونە گەورەکانت خەریکە دێنەدی، تەنیا پێویستە لە هەندێك مافی خۆت خۆش ببیت، سەرکەوتن هێندە ئاسان نییە، لەلایەنی پیشەییەوە ڕێگەی کارکردنت بگۆڕە، پشت بە خۆشەویستەکەت مەبەستە لە تەواوی بڕیارەکاندا و خۆشت خاوەن بڕیار بە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەمڕۆ شتەکان زۆر باش نارۆن بەڕێوە، نیگەرانی و خەم بە ڕوخسارتەوە دیارە، ئەمەش لە ئەنجامی چەند گرفتێکە کە ماوەیەکی زۆرە نیگەرانی کردوویت، بەڵام بێهیوا مەبە، چارەسەرەکان لەوە نزیکترن کە بیری لێ دەکەیتەوە، تەنیا کەمێك ئارام بگرە.

## بۆ زانیاریت

# زیندووکردنەوەی گیانداران




لـە سـاڵی ٢٠١٠، دوای توانەوەیەکـی بەهێـز لـە هەندێـك ناوچـەی سـیبریا لـە ڕووسـیا، مامووسـێکی کولْکـن (بـە خـوری داپۆشـراو) دۆزرایـەوە، کـە کێشـی یـەك تـەن بـوو. دوای ٣٩ هـەزار سـاڵ لـە ناوشـەختە سـەهۆڵدا، مامووسـەکە لـە دۆخێکی باشـدا مابـووەوە، هێشـتا شـانەی ماسـوولکە و پێسـتەکەی بـە پارێـزراوی مابوویـەوە، زانایانـی ڕووسـی، بەهـۆی لێکۆڵینەوەکانیـان توانییـان بـۆ یەکـەم جار لـە مێـژوودا، نموونـەی خوێـن لـە ئاژەڵێکـی پێـش مێـژوو وەربگـرن. بەپێـی توێژینەوەکـە مردنـی مامووسـەکە لـە کاتـی پەڕینـەوەی لـە زەلکاوێکـدا ڕووی داوە، کـە بەهـۆی نزمیـی پلـەی گـەرمـی و سـەهۆڵەکانی دەوروبەریـەوە جەسـتەی لـە دۆخێکـی تـەواودا ماوەتـەوەو تێـك نەچـووە، دەتوانـن لـە داهاتـوودا ئـەم جـۆرە لەناوچـووە کلـۆن (کـۆپـی) بکـەن و جارێکـی دیکـە ژیـان بـدەن بـە یەکێـك لـە شـیردەرە مەزنەکانـی مێـژوو، هەروەهـا چەندیـن پاشـماوەی مامـووس دۆزراوەتـەوە کـە یەکـەم جار لـە سـاڵی ١٩٧٧ بـوو، کاتێـك هەڵکۆڵەرێـك excavator بـە ڕێکـەوت لاشـەی مامووسـێکی بچوکـی دۆزییـەوە، بـەڵام بـە باشـی نەپارێـزرا.



## پەند و وتە

ئەننیلیس ماری فرانك نووسەری ئەڵمانی، کە تەواوی یادەورییەکانی لە سەردەمی نازییەکانەوە بە نهێنی دەشاردەوە و دواتر بڵاوی دەکردنەوە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری بێرگن لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پێشکەشکردنی گوڵ دەڵێت: «مردووەکان دیاریی گوڵیان بۆدەچێت و یادکردنەوەی زیاتریان بۆ دەکرێت، بەڵام کە زیندوون کەس لە بیریاندا نییە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی پەشیمانی بەهێزترە لە سوپاسگوزاری».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سێبەری کەسێك و دوو تاك پێڵاو هەن، کەچی کەسەکە دیار نییە و ونە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا ڕاست و درووستیی وێنەکە بدۆزیتەوە.

## فیلم

## سوپاس بۆ هاتنت - Thank You for Coming



فیلمێکی کۆمێدی و بەسەرهاتی کۆمەڵایەتییە، باس لە کچێکی دەستگیراندار دەکات، دوای ئەوەی لەگەڵ دەستگیرانەکەی لە کەشێکی ناخۆشی خۆشەویستیدا دەبن، پاشان بۆ جاری یەکەم ژوانی لەگەڵ شێفێکی خواردن لە ڕۆژی ئاهەنگەکەیدا دەبێت، وا هەست دەکات کە ئەو کەسەیە بە دڵیەتی و خۆشی دەوێت، ئەمەش وای کرد بۆ یەکەمین جار بیر لەو شێفە بکاتەوە، تا بیکات بە هاوسەری خۆی، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٧ خولەکە، لە دەرهێنانی کاران بالۆنی، نووسینی ئەنیل میهتا، فیلمەکە هیندستانییە و لە بەریتانیا وێنەی گیراوە، لە نواندنی: بهومی پیدنیکار، شیهاناز، شیبانی بیدی، کوشا کاپیلا، ساوشانت دیڤیگەر.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کار لەسەر ئەو پرۆژانە بکە کە بە خەونەکانت دەگەیەنێت و سەرکەوتن نزیکە، لە ئەمڕۆوە ڕەنگە هەندێك شت ببینیت کە حەزی پێ ناکەیت، ئەمەش تووشی دڵەڕاوکێت دەکات، کۆنترۆڵی خۆت بکە و باشترە ددان بە خۆتدا بگریت، ڕووداوە ناخۆشەکان کاتیین و ڕۆژانی خۆشت لەپێشە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

وا بیر دەکەیتەوە کە خۆشەویستەکەت کۆنترۆڵی هەمو شتێکی کردووە، باشترە گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت دەربارەی ئەو شتانەی پێی ڕاز نیت، بەڵام دەمەقاڵێ مەکە، بەختێکی باشت دەبێت و ئەمەش یارمەتیت دەدات لە هەڵەکردن دوور بکەویتەوە، شتەکان زۆر بە ئاسانی بەدەستتەوە دێن.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕۆژێکی زۆر بێدەنگ بەڕێ دەکەیت، ڕەنگە ئەمەش بێزارت بکات، چونکە هەمیشە ئارەزوو دەکەیت شتەکانی چواردەورت چالاکبن و جووڵەی بەردەوام هەبێت، کێشە خێزانییەکانت ئەم چەند ڕۆژە بە تەواوی مێشکی داگیر کردوویت، باشترە ڕێگە نەدەیت ئەو گرفتانە تێکەڵ بە ژیانی پیشەییت ببن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەمڕۆ زۆر بە وریاییەوە بڕیار دەدەیت و کارەکانت ئەنجام دەدەیت، لە ڕۆژانی ڕابردووەوە وانەیەکی زۆر باش فێربویت، پلانی ئەوە دابنێ کە گۆڕانکاری لە ژیانتدا ئەنجام بدەیت، بەوەی کە پلانەکانت بۆ داهاتوو بگۆڕیت، لە کۆتاییدا زۆر شتت هەیە بەو کەسەی بڵێیت کە خۆشت دەوێت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

زۆر ئەرێنیت و ئەمەش کاریگەریی لەسەر کەسانی چواردەورت درووست دەکات، بەخت یارمەتیت دەدات لە بەشێك لە گرفتەکانتدا بە ئاسانی بێیتە دەرەوە، کۆتایی ڕۆژەکەت کاتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی چێژ لە کاتەکانت ببینیت و لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانت بڕۆیتە دەرەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


وریای هاوڕێکانت بە، ڕەنگە گرفتت بۆ درووست بکەن، چەندین شتی ئەرێنی لە ئەمڕۆدا هەیە، هەوڵ مەدە تەنیا چاوت لەسەر نەرێنییەکان بێت و کاتەکانت لە خۆت تێك بدەیت، ڕەفتارەکانت خۆشەویستەکەتت زیاتر لێ لە نزیك دەکاتەوە، ئەمەش گۆڕانکارییەکی نهێنی دەبێت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly January 1, 2024 Issue,No.1395


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626